

# کوردستان نەوت و پەرەوپێشچوونی ئابووری



**پرۆفیسۆر مایکل گەنتەر**

**تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە**

بەم دواییە سەرۆکی هەرێمی کوردستان مەسعود بارزانی بانگشەی ئەوەی کرد کە «لەساڵی ٢٠٠٣وە، ئێمە هەرێمێکی دیموکراتیمان دروستکردووە کە لەڕووی ئابوورییەوە لە گەشەکردندایە و بە جددی ڕۆڵی خۆمان وەك مەشخەڵی ئومێد و هیوا بۆ عێراق بینیوە لەڕێی دابینکردن و خستنەڕووی مۆدێلێك لە چالاکی ئابووری، لێبوردەیی ئیتنی و ئایینی و فەراهەمکردنی ئاسایی و بەرەوپێشچوون.» لە ڕاستیدا، لە ئازاری ٢٠١١دا، گۆڤاری FDI، کە پاشکۆی بڵاوکراوەی بەریتانی «فایننانشیال تایمز»ە، هەولێری، کە پایتەختی هەرێمی کوردستان، بە پێنجەمین شاری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی پۆلێن کرد لە پێوەندیدا بە وەبەرهێنانی دەرەکی ڕاستەوخۆوە.

لەلایەکی دیکەوە، ڕەخنەگران ئاماژە بەوە دەکەن کوردستانی عێراق دەوڵەتێکی ڕەیعی تەقلیدی کە بە ئەندازەیەکی گەورە پشت بە داهاتی نەوت دەبەستێت کە لە بەغداوە بۆی دابین دەکرێت، بەو پێیە ڕووبەڕووی هەموو ئەو کێشانە دەبێتەوە کە لەم دۆخەوە دروست دەبن. کێشەی گەندەڵی و مەحسوبیەت هەیە، کەواتە ئایا بارودۆخە ڕاستەقینەکە چییە؟

هەرێمی کوردستان ساڵانە لە سەدا ١٧ی بودجەی عێراقی پێدەدرێت، کە لە ساڵی ڕابردودا ئەو ڕێژەیە کردیە ١٠ ملیار دۆلار. سەرەڕای ئەوەش، حکومەتی عێراق پارەی خەرجی بەرهەمهێنانی ئەو کۆمپانیا نەوتیانە دابین دەکات کە لە کوردستاندا کاردەکەن، لەگەڵ بەشێك لە قازانجەکانیان. (دەستەواژەی «پێترۆدۆلار» ئاماژە بەو داهاتە زیادەیەی لە نەوت و غازەوە بەدەست دەهێنرێت.) هەرێمی کوردستان دەڵێت ماددەی ١١٥ی دەستووری عێراق باس لەوە دەکات یاساکانی هەرێمەکان باڵاترن لە یاسا فیدراڵیەکان. لەبەر ئەوەی دەستووری عێراق مەسەلەی کێڵگە نەوتیە نوێیەکان یان پەرەپێنەدراوەکانی یەکلانەکردۆتەوە، ئەوا هەرێمەکان و پارێزگاکان کۆنترۆڵی تەواوی ئەم کێڵگانە دەکەن. دوای مشت و مڕێکی زۆری نێوان بەغدا و هەولێر، کوردەکان لە ئەیلوولی ٢٠١١دا نزیکەی ١٠٠,٠٠٠ بۆ ١٥٠,٠٠٠ بەرمیلیان لە ڕۆژێکدا بەرهەمهێنا.

هەروەک پێشتر ئاماژەی پێکرا، دوای مشت و مڕێکی زۆر و سەرەتاگەلێکی هەڵە، لە ئێستا بەغدا پارەی خەرجی بەرهەمهێنان و بەشێکی قازانجەکانی ئەو کۆمپانیا نەوتیانە دابین دەکات کە لە کوردستاندا کاردەکەن. زۆرێک لە چاودێران مەزندەی ئەوە دەکەن کە بێ بوونی ڕێککەوتنی ڕەسمی پێدانی پارەی خەرجیە لە کۆتاییدا پێدانی پارەی قازانجیشی دێتەسەر.

ئەم پارەیە ساڵانە لەگەڵ ڕێژەی لە سەدا ١٧ی بودجەی هەرێمی کوردستان لە بودجەی ساڵانەی عێراق دەدرێت. بەو پێیە ئەگەر هەرێمی کوردستان سەربەخۆ بێت، ئەوا شەشەمین یەدەگی نەوتی جیهانی دەکەوێتە ژێردەست. کوردستان دەتوانێت ڕێژەی بەرهەمهێنان بگەیەنێتە ١ ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا لە ساڵی ٢٠١٥دا. هەروەها هەرێمی کوردستان توانای بەرهەمهێنانی ١٠٠-٢٠٠ ملیار سێجا غازی سروشتی هەیە.

بە داخەوە، دووبارە هەرێمی کوردستان و بەغدا لە مشت و مڕ و ناکۆکیەکی گەرمدان لەبارەی داهاتەکانی نەوتی هەرێمی کوردستانەوە. بەڵام ئایا بانگەشەی کام لایان بەهێزترە؟ ئەم مشت و مڕە پەیوەستە بە پێوەندیی نێوان هەردوولایان و بە ئایندەی سیستەمی فیدراڵی عێراقەوە. لە ئایاری ٢٠١٢دا، ڕێکس جەی زیداڵیس کتێبێکی گرنگی بڵاوکردەوە کە بە وردی ئەم هاوکێشەیە شیدەکاتەوە. زیرەکانە کتێبەکەی ناو لێ نا: نەوت و غاز لە ناوچە کوردیە کێشە لەسەرەکان، یاسا، کەمینە ناوچەییەکان و سەرچاوە سروشتیەکان لە سیستەمی فیدراڵیدا. پێویستە ئەم کتێبە بە وردی بخوێنرێتەوە لەلایەن هەر کەسێکەوە کە دەیەوێت ڕای شارەزایەک بزانێت.

ئەگەرچی نەوت سەرچاوەی سەرەکی ئابووری هەرێمی کوردستانە، بەڵام سەرچاوەی دیکەش هەن کە دەبێت لەبەرچاو بگیرێت. بۆ نموونە، بەهۆی ئەوەی هەرێمی کوردستان یاسایەکی پێشکەوتووی وەبەرهێنان، بازاڕی ئازاد و دۆخێکی ئەمنی زۆر باشی هەیە، ئەوا وەبەرهێنانی دەرەکی لە هەرێمەکەدا بە ئەندازەیەکی زۆر گەورە بەرفراوان دەبێت.

هەروەک پێشتر ئاماژەی پێکرا، لە ڕاستیدا، لە ئازاری ٢٠١١دا، گۆڤاری FDI، کە پاشکۆی بڵاوکراوەی بەریتانی «فایناننشیال تایمز»ە، هەولێری، کە پایتەختی هەرێمی کوردستان، بە پێنجەمین شاری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی پۆلێن کرد لە پێوەندیدا بە وەبەرهێنانی دەرەکی ڕاستەوخۆوە، وەبەرهێنانی تورکی و ئێرانی ڕێژەی پێشەوەیان گرتووە و دواتر ئەڵمانیا، فەرەنسا و ئیمارات و...تاد.

ئەمەریکا لە دواوەیە لەم ڕووەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، کردنەوەی پرۆژەیەک تێچوونێکی زۆری پێویستە کە نزیکەی٣ بۆ ١٠ هەزار

**ئەگەر هەرێمی کوردستان سەربەخۆ بێت، ئەوا شەشەمین یەدەگی نەوتی جیهانی دەکەوێتە ژێردەست و دەتوانێت ڕێژەی بەرهەمهێنان بگەیەنێتە ١ ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا**

دۆلاری دەوێت. هەروەها بازرگانیش کێشەیە بۆخۆی، لەبەر ئەوەی پێویستی بە مۆڵەت وەرگرتن هەیە، ئەو دۆخەی دەمانگەڕێنێتەوە بۆ سەرەتای حکومڕانی بەعسیەکان کە عێراق ئابووریەکی ئۆتارکیی هەبوو، هەروەها دەرفەت بۆ گەندەڵی دەڕەخسێنێت.

وا دانراوە بازرگانی دوولایەنەی نێوان تورکیا و کوردستان لە ماوەی چوار ساڵی داهاتوودا لە ٦ ملیار دۆلارەوە بۆ ٢٠ ملیار دۆلار گەشە بکات. فرۆکەخانە نوێیە مەزنەکەی هەولێر پێنجەم درێژترین مەدرەجی لە جیهاندا هەیە و لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیشدا درێژترینە. هەروەها سلێمانیش فرۆکەخانەیەکی نوێی بچووکتری هەیە. سێیەم فرۆکەخانەش لە دهۆک دەکرێتەوە. بڕیارە چەند مۆڵێکی نوێ و گەورە لە هەولێر بکرێنەوە، کە بە ئەندازەیەکی گەورە جێی بازاڕی قەیسەری کۆنی بەناوبانگ دەگرنەوە کە نزیکن لە قەڵای هەولێر کە لەو بازاڕە دێرینترە. بەم دواییە نیویۆرک تایمز کوردستانی عێراقی بە یەکێ لەو ٣٤ شوێنەی جیهان دانا کە زۆرترین جار سەردانی دەکرێت، لە کاتێکدا ناشناڵ جوگرافی بە ژمارە بیستی لە قەڵەمدا لە لیستەکەدا.

بە بەراورد بە عێراقی عەرەبی، ئاوارەیەکی کەمتر و کێشەیەکی کەمتری پەنابەرە ناوخۆییەکان هەیە لە کوردستاندا. نزیکەی لە سەدا ٢٠ی دانیشتوانی عێراقی عەرەبی پێش ٢٠٠٣ لە شوێنی خۆیان نەماون و ئاوارەبوونە. ئەم خەڵکانە ئەو کەسانەن کە ئاستێکی پەروەردەیی باشیان هەیە و توانای ئەوەیان هەیە عێراق جێبهێڵن، بەوپێیە ئەمە دەبێتە کۆچی عەقڵی عێراقیەکان. ئەوانەی بەو ئەندازەیە خۆشبەخت نەبوونە لە

**نیویۆرک تایمز کوردستانی عێراقی بە یەکێ لەو ٣٤ شوێنەی جیهان دانا کە زۆرترین جار سەردانی دەکرێت، لە کاتێکدا ناشناڵ جوگرافی بە ژمارە بیستی لە قەڵەمدا لە لیستەکەدا**

عێراقدا ماونەتەوە بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی ئەم دۆخە ببنەوە. بە ئەندازەیەکی دیاریکراو دۆخێکی پێچەوانە لە کوردستاندا بەدی دەکرێت کە زۆرێک لە کەسە بە تواناکانی تاراوگە گەڕاونەتەوە بۆ کوردستان.

( بۆنموونە، سەرۆکی پێشووی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەرهەم ساڵح و پارێزگاری کەرکوک نەجمەدین کەریم، لە نێو چەندین کەسی دیکەدا گەڕاونەتەوە)

چەندین لایەنی ئیجابی دیکە بەدی دەکرێن. بەرەوپێشچوونی تەکنۆلۆجیای زانیاری جێی سەرسوڕمانە، ئەویش لە بەشێکیدا بەهۆی بەهرەی زمانی کوردەکانی عێراقەوە. شارەزایان لە کۆمپانیایەکی ڕاوێژکاری نێودەوڵەتیەوە (PricewaterhouseCoopers) هێناوە بۆ ئەوەی پرس و ڕایان پێبکرێت، خزمەتگوزاری سێلفۆن لە ئاستێکی باشدایە، بەڵام هێڵی ئەنتەرنێت پێویستی بە پەرەپێدانە. کێشەی کارەبا بە ئەندازەیەکی گەورە چارەسەرکراوە و ئێستا ئەم خزمەتگوزاریە بۆ نزیکەی ٢٠ سەعات لە ڕۆژێکدا بۆ هەرێمی کوردستان دابین دەکرێت. لە ڕاستیدا ئەگەری ئەوە هەیە کوردستان ببێتە سەرچاوەی دابینکردن و هەناردەکردنی کارەبا. دابینکردنی کارەبای زیاتر دەبێتەهۆی باشترکردنی ئاستی ژیان و گوزەران، هەلی کار، و سەردەکێشێت بۆ کاڵا و خزمەتگوزاری باشتر.

هەروەها ئاو لە هەموو شوێنێکدا هەیە، لەبەر ئەوەی پێنج ڕووباری گەورە بە ناوچە جیاوازەکانی هەرێمی کوردستاندا دەڕۆن، کە لە کۆتاییدا هەموویان دەڕژێنە دیجلەوە، زێی گەورە، خابور، زێی بچووک، ئاوە سپی و سیروان. سەرەڕای ئەوەش، سێ بەربەستی گەورەی ئاوی ئەو ڕووبارانە گلدەدەنەوە و ڕێکدەخەن: دهۆک، دوکان، و دەربەندیخان. هەروەها گەشتیاریش بۆی هەیە ببێتە سەرچاوەیەکی باش، ئەوەش بەهۆی بوونی شاخە مەزنەکان و شوێنەوارە مێژوییە دێرینەکانەوە. هەروەها ئوتێلی باشیش هەن، ئەمە لە کاتێکدا دۆخی ئەمنی باش فەراهەم کراوە. لە پێوەندیدا بە پەروەردەوە، لە ماوەی دە ساڵی ڕابردوودا نەخوێندەواری لە سەدا ٣٧ەوە بۆ لە سەدا ١٧ کەمکراوەتەوە. دەرفەتی پەروەردەیی یەکسان بۆ کچان و کوڕان ڕەخسێنراوە، هەروەها بەلای کەمەوە شەش زانکۆی حکومی هەن و بەم زووانە زانکۆی دیکە دروست دەکرێن.


ئەگەرچی کێشەی ژێرخانی پەروەردەیی هەیە. تاوەکو ئێستا کێشەی نەبوونی کتێب و گۆڤاریان هەیە، تەواوی کەلتوری خوێندنی باڵا پێویستی بە خۆتەرخانکردنە بە تایبەتی لەلایەن قوتابیانەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، زۆربەی چاودێران زۆر گەشبینن بەرامبەر ئایندەی کوردستان.

# کۆمەڵگەی کراوە

## ژینگەیەک بۆ پیشاندانی توانای ڕەخنەگرانەی تاکەکان

((کۆمەڵگـــەی کـــراوە، هەوڵێکە بۆ گەڕان بەدوای پراکتیزەکردنی میتۆدی زانستی ڕەخنەگرانە و ئاقڵانە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی کۆمەڵگە، دەیەوێــت پرانســیپەکانی بونیادنانــەوەی کۆمەڵگەی دیموکراتی شــیبکاتەوە، ئەو پرانســیپانەی ناویان لێنراوە ((ئەنــدازەی کۆمەڵایەتــی تەدریجــی) لەبەرامبــەر ((ئەندازەی کۆمەڵایەتی یۆتوبیادا))، کۆمەڵگەی کراوە هەوڵدەدات هەندێک لەو ئاستەنگانە لابەرێت کە دەبنە ڕێگر لەبەردەم چارەسەرکردنی کێشەکان و دووبارە بونیادنانەوەی کۆمەڵایەتی بەشــێوەیەکی ئەقڵانی. ئەم باسە ڕەخنــە لەو فەلســەفە کۆمەڵایەتیانە دەگرێت کە بەشــێوەیەکی بەرفراوان دژی ڕیفۆرمــی دیموکراتیــن.. کۆمەڵگەی کــراوە کەهێزی ڕەخنەگرانــەی مرۆڤ لێــوەی ســەرچاوە دەگرێت، هەوڵێکــە بۆئەوەی ئەوە پیشــانبدات کە هێدمەی وەرچەرخان لەکۆمەڵگەی داخراوەوە بۆ کۆمەڵگەی کــراوە یەکێکە لــەو هۆکارانەی کــە لەوانەیە ببێتە هۆکاری ســەرهەڵدانی ئەو بزاڤانەی کە هەوڵیان داوە و تائێســتاش هەوڵدەدەن ئەم شارســتانییەتە بڕوخێنــن و بمانگێڕنەوە بۆ کۆمەڵگەی داخراو، کۆمەڵگەی کراوە هەوڵدەدا و هاوکاریمان دەکات بۆ ئەوەی زیاتر لەفیکری شمولی تێبگەین، هەروەها یارمەتیمان دەدات بۆئەوەی لەبایەخی درێژەدان بەخەباتمان بۆ ڕووبەڕووبونەوەی فیکری شــمولی بەردەوام بین)).

کارل پۆپەر







پرۆفسیۆر فوئاد زەکەریا لەو پێشەکیەی بۆ کتێبی (العقل و الثورة)ی هیربەرت مارکۆزی نووسیوە دەڵێت، مارکۆز لەم کتێبەدا دەیەوێت باسی یاسای وەرچەرخانمان لەچەندایەتیەوە بۆ چۆنایەتی لای هیگڵ بۆ بکات و دەیەوێت ئەوەمان پێ بڵێت کە ئەم یاسایە چەمکی وەرچەرخانی تەدریجی ڕەتدەکاتەوەو جەخت لەسەر وەرچەرخانی کتوپڕ و ڕیشەیی و لەناکاو دەکاتەوە، زەکەریا دەڵێت لێرەوە مارکۆز ڕاستەوخۆ دەمانباتە بواری سیاسەت و ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ئەم یاسایە(یاسای وەرچەرخان لەچەندایەتیەوە بۆ چۆنایەتی) دژی بیرۆکەی ڕیفۆرمە و ئامانجی گۆڕانی ڕادیکاڵانەیە، یاساکەی هیگڵ بانگێشەیە بۆ نەهێشتی کۆن و گۆڕینییەتی بۆ دژی بەشێوەیەکی گشتی))، بەڵام ئەوەی لێرەدا پرسیاری گرنگ هەڵدەگرێت ئەوەیە ئایا هیربەرت مارکۆز مەبەستی لەگۆڕانکاری ڕیشەیی و لەناکاو چییە، ئایا مەبەستی لەنەهێشتنی کۆن و گۆڕینی بارودۆخ بۆ دژی ئەو کۆنە چییە؟ بێگومان هیربەرت مارکۆز لەسەرجەم کتێبەکانیدا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ئەو بەم مانایانە یاسای وەرچەرخانی چەندایەتی و چۆنایەتی بەکارهێناوە:

**کاتێك مەعریفە بۆ چەواشەکردنی خەڵك بەکار دێت، ئەوا خەڵك بەبێ دەنگی لەسەر سندوقی دەنگدان وەڵامی پێویستی ئەو بۆچوونە سیاسیانە دەداتەوە کە ئامانجیان ئەوەیە سیستمی دیموکراتی لەڕیشەوە هەڵتەکێنن**

١- هیربەرت مارکۆز هەوڵیداوە بەدووبارە خوێندنەوەی لایەنی جەدەلی لەفەلسەفەی هیگڵیدا، فەلسەفە وەك ڕەتکردنەوە و ڕەفزکردنی بارودۆخی وەزعیی ڕاهین پێناسە بکاتەوە، ڕەتکردنەوەی ئەو بارودۆخەش لای مارکۆز دژایەتیکردنی کۆمەڵگەی سەرمایەداری و کۆمەڵگەی لیبرال دیموکراتی بووە، ئەمەش مانای ئەوەیە هەولەکانی مارکۆز و هاوڕێکانی ((نەوەی یەکەمی قوتابخانەی فرانکفۆرتی) بۆ ئەوەبووە کە سیستمی دیموکراتی و کۆمەڵگەی کراوە بگۆڕن بۆ سۆشیالیستی، واتە گەڕانەوە بۆ فەلسەفەی مارکسی بەشێوەیەکی نوێ. بیانووی ئەوان بۆ گۆڕینی کۆمەڵگەی دیموکراتی ئەوە بووە (ئەو حکومەتانەی ئێستا لەوڵاتانی ڕۆژئاوا کاری کۆمەڵگە بەڕێوە دەبەن، بایەخ بە بەرژەوەندی تاك دەدەن، ململانێی گەورە لەنێوان تاکەکان هەیە، ئەم ململانێیە بواری ئەوەی نەهێشتۆتەوە بیر لەبەرژەوەندی گشتی بکرێتەوە) لەمەش زیاتر حکومەتە دیموکراتیەکان بەهۆی بایەخدانیان بەکێشەی دەرەکی و مەترسی هەڵکشانی مەدی شیوعیەت، مرۆڤی تاك ڕەهەندیان دروستکردووە، کە تەنیا بیر لەکارکردن و بژێوی ژیانیان دەکەنەوە و هەست بەو چەوسانەوەیە ناکەن کە لەسەریانە.

٢- هیربەرت مارکۆز و هاوڕێکانی بەجەختکردنەوەیان لەسەر ئەوەی کە بارودۆخی وەزعی ڕاهین، دەبێت ڕەتبکرێتەوە واتە کۆمەڵگەی لیبرال دیموکراتی ڕۆژئاوا، کە بڕوایان بەڕیفۆرمی کۆمەڵگە هەیە لەسەر بنەمای دیموکراتی و ئەقڵانی، ئەوا ڕیفۆرمی دیموکراتیانەی تەدریجی ناتوانێت کێشەکانی کۆمەڵگە چارەسەر بکات، بۆیە پێویستە ڕیفۆرمی دیموکراتیانە بگۆڕێت بۆ گۆڕانی ڕیشەیی کتوپڕ، ئەمەش واتە ڕووخانی سیستمی لیبرال دیموکراتی و بونیادی دەوڵەتێکی مەرکەزی بەهێز هاوشێوەی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا، ئەمەش لەو ڕوانگەیەوە کە مارکس دەڵێت،(ئەگەر ئەرکی فەیلەسوفەکان هەتا ئێستا تەفسیرکردنی جیهان بووبێت، ئەوا لەئێستا بەدواوە دەبێت بیر لەگۆڕینی جیهان بکەنەوە)، بێگومان دیارە مەبەستی مارکس لەگۆڕینی جیهان، گۆڕینی جیهانی لیبرال دیموکراتی بووە بۆ جیهانی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا.

## سەرهەڵدانی فیکری دژ بەسیستمی دیموکراتی
## لەناو کۆمەڵگەی دیموکراتیدا

کارل پۆپەر لەکتێبی کۆمەڵگەی کراوەدا ڕەخنەی مارکس بۆ جوولەکە بەوجۆرە پیشاندەدات، بەوەی مارکس ڕەخنە لەجوولەکە دەگرێت لەبەر ئەوەی جوولەکە پێیانوایە دەبێت حکومڕانی بۆ ئەو گەلە بێت کە خوا دەستنیشانی کردووە(شعب الله المختار)، بەڵام مارکس خۆشی چینێك دەستنیشان

**مارکس دەڵێت(ئەگەر ئەرکی فەیلەسوفەکان هەتا ئێستا تەفسیرکردنی جیهان بووبێت، ئەوا لەئێستا بەدواوە دەبێت بیر لەگۆڕینی جیهان بکەنەوە) بێگومان دیارە مەبەستی لەگۆڕینی جیهان، گۆڕینی جیهانی لیبرال دیموکراتی بووە بۆ جیهانی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا**









**کۆمەڵگەی کراوە هێندە بەهێزە، کاتێك ڕووبەڕووی نەیارانی دەبێتەوە، بەدوای خاڵە لاوازەکانیان ناگەڕێت، بەڵکو لەبەهێزترین خاڵەوە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، ئەو خاڵەش ئەوەیە کە مرۆڤایەتی ئازادیی بەهیچ شتێکی دیکە ناگۆڕێتەوە**

دەکات و حکومڕانـــی تەســـلیمی ئەو چینە دەکات کە چینی پرۆلیتاریایە، بۆیە پرسیاری ئـــەوە لەمارکس دەکات ئایا جیـــاوازی نێوان (چینی دەستنیشاکراو و گەلی دەستنیشانکراو چیە؟)، ئەمەش مانای ئەوەیە فەلســـەفەی مارکسی بێجگە لەبوونی چینێك ئەوانی دیکە ڕەتدەکاتەوە و سەرجەم فرەیی کۆمەڵگە لەنێو چینی پرۆلیتاریادا دەتوێنێتەوە، بەمانایەکی دیکـــە چۆن مارکس کۆمەڵگە لەیەك چین و یەك بیروبۆچووندا بچووك دەکاتەوە، بەهەمان شێوە مارکسیەکان و ئەوانەشی بەخۆیان دەڵێن چەپی تازە، کۆی دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی دیموکراتی و شـــێوازی ڕیفۆرمی ئەقڵانی و دیموکراتیانـــە ڕەتدەکانەوە و داوا دەکەن کۆی سیستمە سیاســـیەکە بگۆڕێت و سیستمێکی دیکەی جیاواز بێتە ئاراوە کە تەنیا دیموکراتی لەسندوقی هەڵبژاردندا بچووك دەکاتەوە، هەر بۆیە لەهەموو وڵاتانـــی ڕۆژئاوا(ئەوروپای ڕۆژئـــاواو ئەمریـــکای باکـــوور) هەروەها لە دەوڵەتانـــی تازە پێگەیشـــتووی وڵاتانی









**ئەو حزب و گرووپە سیاسیانەی دژایەتی سیستمی دیموکراتی و هەنگاوەکانی ڕیفۆرمی دیموکراتیانە دەکەن، هێندەی بڕوایان بە ڕەتکردنەوەی وەزعی ڕاهین و تێکدانی بارودۆخی ئێستای سیستمی دیموکراتی هەیە، هەرگیز بڕوایان بەوە نییە لەناو سیستمەکە پرۆسەی بونیادنان و ڕیفۆرمی دیموکراتیانە بەردەوام بێت**

ئەمریکای لاتین و ئەفریقیا و دەوڵەتانی سۆڤیەتی پێشوو، هەموو ئەو حزب و گرووپە سیاسیانەی بەمجۆرە دژایەتی سیستمی دیموکراتی و هەنگاوەکانی ڕیفۆرمی دیموکراتیانە دەکەن، دەبینن لەسەر یەك ئەقڵیەت بانگێشە بۆ گەندەڵی و سەرکوتکاری سیستمە دیموکراتیەکان دەکەن، هەربۆیە ئەگەر بەمیتۆدی لیڤی شتراوس، بگەڕێینەوە بۆ بونییەی ئەقڵی هەموو ئەو بیروبۆچوونانەی کە بەئاراستەی ڕەتکردنەوەی سیستمی دیموکراتی (بەمانای سیستمی دامەزراوەیی و ئابووری بازاڕ) بیردەکەنەوە، هەستدەکرێت هەموویان هێندەی بڕوایان بە ڕەتکردنەوەی وەزعی ڕاهین و تێکدانی بارودۆخی ئێستای سیستمی دیموکراتی هەیە، هەرگیز بڕوایان بەوە نییە لەناو سیستمە دیموکراتیەکە پرۆسەی بونیادنان و ڕیفۆرمی دیموکراتیانە بەردەوام بێت، بۆیە هەتا ئەگەر سیستمی دیموکراتی وەك بەرهەمی ئەقڵی مۆدیرنە کە توانی شۆڕشی تەکنۆلۆژیا لەجیهاندا بەرپا بکات، بگاتە ئەو ئاستەی ئازادی لەهەموو جیهاندا فەراهەم بکات و کۆمەڵگە بگەیەنێتە قۆناخی کۆتایی مێژوو، ئەوا هەڵگرانی ئەو بیروبۆچوونانە هەر دژی ئەو سیستمە دیموکراتیە ڕادەوەستن و بانگێشە بۆ گۆڕانی ڕیشەیی دەکەن، ئەمەش واتە ڕووخانی سیستمە دیموکراتیەکە، ئەم حاڵەتە لەنیوەی دووەمی سەدەی نۆزدە لەفەرەنسا بووە هۆکاری سەرهەڵدانی فەلسەفەی وەزعی لەسەر دەستی ئۆگست کۆنت، ئەو

**ئۆگست کۆنت گەیشتە ئەو قەناعەتەی پێویستە بارودۆخی ئاژاوەی سیاسی و کۆمەڵایەتی دوای شۆڕشی فەرەنسا چارەسەر بکرێت و قۆناخی بونیادی سیستەم و ئاوەدانکردنەوە دەست پێبکات ئەمەش لەو ڕوانگەیەوە پێشکەوتن مانای هەنگاو هەڵگرتنە لەقۆناخێکەوە بۆ قۆناخێکی باڵاتر و نابێت مانای ئاژاوە و ناسەقامگیری بگرێتەوە**

گەیشتە ئەو قەناعەتەی پێویستە بارودۆخی ئاژاوەی سیاسی و کۆمەڵایەتی کە لەئاکامی شۆڕشی فەرەنسا هاتۆتە ئاراوە چارەسەر بکرێت و قۆناخی شۆڕش و تێکدان دابخرێت و قۆناخی بونیادی سیستەم و ئاوەدانکردنەوە دەست پێبکاتەوە، ئۆگست کۆنت تەنیا بڕوای بە پێشکەوتن نەبوو، بەڵکو جەختی لەسەر بایەخی سیستەم و سەقامگیری دەکردەوە، ئەمەش لەو ڕوانگەیەوە پێشکەوتن مانای هەنگاو هەڵگرتنە لەقۆناخێکەوە بۆ قۆناخێکی باڵاتر، بۆیە نابێت مانای ئاژاوە و ناسەقامگیری بگرێتەوە، ئەم بۆچوونانەی ئۆگست کۆنت کە بووە بنەمایەك بۆ بونیادی فەلسەفەی وەزعی، بووە دەسپێکی ڕێکخستنەوەی کۆمەڵگەی مۆدیرنە، هەربۆیە پێشکەوتنەکانی کۆمەڵگەی مودێرنە وەك بەرهەمی ئەو فەلسەفە وەزعیە سەیردەکرێن کە ئۆگست کۆنت لەنیوەی دووەمی سەدەی نۆزدە هێنایە ئاراوە، بەڵام ئەگەر سەیری موناقەشە و لێدوانە فیکرییەکان بکەین، هەست دەکەین ئەوانەی بڕوایان بە فەلسەفەی ڕەتکردنەوە و ڕووخان هەیە، زۆر بەتوندی دژی هەردوو قوتابخانەی فەلسەفەی وەزعی و فەلسەفەی شیکاری ئینگلیزی ڕادەوەستنەوە و پێیانوایە ئەم دوو فەلسەفەیە ڕۆژئاوا بەرەو لێکهەڵوەشانەوە دەبات، لەکاتێکدا ئەوەی ئەقڵی ڕۆژئاوا وەك بەرهەمی ئەقڵی مۆدێرنە پێی گەیشتووە لەمێژووی مرۆڤایەتیدا بێ وێنەیە، سەبارەت بەمەزندەکانی لێکهەڵوەشانەوەی کۆمەڵگەی

**کە هەوڵ بدرێت فێڵ لەرەخنە بکرێت و رەخنە بکرێتە چەکێك بۆ رووخانی سیستەمە دیموکراتیەکە. ئەوا ئەوانیش هەمان چارەنووسی هیربەرت مارکۆزیان دەبێت. کە وەك جۆرج تەرابیشی لەپێشەکی کتێبی مرۆڤی تاك رەهەند ئاماژەی پێکردووە. کاتی ئەوە هاتووە کە بۆچوونەکانی مارکۆز بەدرۆ بخرێنەوە**

لیبرال دیموکراتی ڕۆژئاوا، کارل پۆپەر لەکتێبی (گەڕان بەدوای جیهانێکی باشتردا) ئاماژە بەوە دەکات چۆن لەسەر چەمکی (لێکهەڵوشانەوەی ڕۆژئاوا) هەڵوەستەی کردووە و لەمبارەوە نووسیوویەتی: (داوای لێبوردن ئەکەم کە ناونیشانی باسەکەم ئەم پرسیارەیە (ڕۆژئاوا بڕوای بەچییە؟)، بەڵام کاتێك، بیر لەمێژووی زارەوەی (ڕۆژئاوا) دەکەمەوە، لام سەیرە ئەم چەمکە لەدوای وەرگێڕانی کتێبەکەی شبنلجەر بەناونیشانی (نەمانی ڕۆژئاوا) بڵاوبۆوە، کە لەچاپە ئینگلیزیەکەیدا بووە بە(لێکهەڵوەشانەوەی ڕۆژئاوا)، لەگەڵ ئەوەی من نامەوێت خۆم بەشبنلجەرەوە گرێبدەمەوە، لەبەر ئەوەی لای من شبنلنجەر نەك هەر پەیامبەرێکی ساختەبووە بۆ ئەو پیشبینەی کە بە لێکهەڵوەشانەوەی ڕۆژئاوا کردویەتی، بەڵکو ئەو لێکهەڵوەشانەوەی ڕاستەقینەی خستۆتە ڕوو، کە ئەویش لێکهەڵوەشانەوەی ڕۆژئاوا نییە، بەڵکو ئەو، ئەو پێشبینیانەی ئاشکرا کردووە کە تێکشکانی ویژدانی فیکری زۆر لەبیرمەندانی ڕۆژئاوا دەخاتە ڕوو، ئەوانەی هەوڵدەدەن خەڵکی تینوو بۆ مەعریفە بە بەکارهێنانی وشەی بریقەدار چەواشە بکەن، بەکورتی ئەوانە ئەو خەڵکانەن کە سەدەیەك پێش ئێستا شۆبنهاوەر بەکارەساتی فیکری ئەڵمانی ناوی بردوون))، لەوانەیە لەخوێندنەوەی ئەم پەرەگرافەی پۆپەر و پرسیارکردنی (ئایا ڕۆژئاوا بڕوای بەچی یە؟) کە خۆی بەناونیشانێکی دزراوی

**هەڵگرانی گۆڕانی ڕیشەیی و گۆڕینی سیستەم لە هەرێمی کوردستان دەقاودەق پشت بەنەقڵکردنی هەمان ئەو بۆچوونانە دەبەستن کە لەماوەی ٦٠-٨٠ ساڵی ڕابردوو لەئەوروپا و ئەمریکا بازاڕ گەرمی بۆکراوە و لەدوای ڕووخانی دیواری بەرلینیشەوە فەشەلی خۆی ئیعلان کردووە**

نووسەری (کۆمەڵگەی کراوەی) دەزانێت، کە بێگومان هەر مەبەستی خۆیەتی، دەیەوێت دوو سەردەم پێکەوە گرێبداتەوە:

یەکەمیان: سەردەمی نووسینی کتێبی کۆمەڵگەی کراوە کە ئەو لەکۆتایی سییەکانی سەدەی ڕابردوو نوسیوویەتی، ڕژێمی فاشیەتی بەدوژمنی کۆمەڵگەی کراوە داناوە.

دووەم: سەردەمی دوای نازیەت و دوای سەرکەوتنی ڕۆژئاوا بەسەر فاشیەت و بەرپاکردنی شۆڕشی تەکنۆلۆژیا، لەبەر ئەوەی ئەم باسەی لەساڵی ١٩٥٨ پێشکەشکردووە، لەم سەردەمەشدا ئەو خەڵکانەی بەدوژمنی کۆمەڵگەی کراوە داناوە کە لەچوارچێوەی قوتابخانەی فرانکفۆرتی بانگێشەیان بۆ فەلسەفەی ڕەتکردنەوە کردووە و دژایەتی فەلسەفەی وەزعی و فەلسەفەی شیکاری ئینگلیزیان کردوو و پێیان وابووە کە ڕۆژئاوا لێکهەڵدەوەشێت، بەڵام وەك مێژوو سەلماندی، دوای نزیکەی ٣١ ساڵ بەسەر ئەو باسەی پۆپەردا لەبری ئەوەی ڕۆژئاوا هەڵوەشێتەوە، دیواری بەرلین ڕووخا و بلۆکی سۆشیالیستی هەڵوەشایەوە.

لێرەوە ئەگەر ئەم پرسیارە بوروژێنین، ئایا هۆکاری سەرهەڵدانی ئەم بیرۆکانەی کە دژایەتی سیستمی دیموکراتی دەکەن لەناو کۆمەڵگەی دیموکراتی چین؟ ئەوا دەگەینە ئەو بڕوایەی لەبەر ئەوەی کۆمەڵگەی کراوە بەرهەمی سیستمی لیبرال دیموکراتیە و ئەم سیستمەش ژینگەیەکە بۆ پیشاندانی توانای

ڕەخنەگرانەی تاکەکان، ئەوا زۆر ئاساییە لەناو کۆمەڵگەی ڕۆژئاوا بەئازادی بیرە دژەکانی دژ بەسیستمی دیموکراتی گەشە بکات و هەروەها بەئاسانیش بڵاو ببنەوە، هەر بۆ نموونە هەموو بەرهەمە فیکرییەکانی هیربەرت مارکۆز لەویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و لەسەر لایەنە سلبییەکانی کۆمەڵگەی ئازاد و دیموکراتی ئەمریکا هاتوونە ئاراوەو، هەر لەژێر دەسەڵاتی حکومەتی دیموکراتی ئەمریکاشدا، کتێبەکانی بەئازادی چاپکراون و بەجیهاندا بڵاوبوونەتەوە، ئەمەش چۆن ئێستا سەرکردەی گروپە ئیسلامیە توندڕەوەکان لەکاتێکدا ناتوانن لەوڵاتەکانی خۆیان بمێننەوە، بەناچاری ڕوودەکەنە ژینگە ئازادەکەی ڕۆژئاوا، بەڵام لەناو ئەو ژینگە ئازادەی ڕۆژئاوا فیکرێك بەرهەم دەهێنن کە هەموو ئامانجی ئەوەیە ئەو ئازادییە بڕووخێنت کە خۆی بەناچاری پەنای بۆ بردووە، هەروەك چۆن ئوسامە بن لادن سوودی لەژینگەی ئازادی ڕۆژئاوا وەرگرت و توانی گەورەترین کارەسات دروست بکات، کە کارەساتی ١١ی سێپتەمبەر و تەقاندنەوەی سەنتەری بازرگانی جیهانی بوو لە نیویۆرك.

### فیکری ڕەتکردنەوە و گۆڕانکاریی ڕیشەیی لەسێبەری ئەزموونی دیموکراتی کوردستاندا

بڕوا بوون بەدیموکراتی، تەنیا بەشداریکردن نییە لەپرۆسەی هەڵبژاردن و بەدەستهێنانی چەند کورسیەك، بەڵکو بڕوابوونە بە بنەماکانی گەمەی دیموکراتی و ڕێزگرتن، لەو یاسا و دامەزراوانەی ئەو سیستمە بەرهەمی هێناون، بۆیە کاتێك حزب یان بزووتنەوەیەکی سیاسی لەژینگەیەکی لەمجۆرە بێتە ئاراوە و بەئاشکرا بانگێشە بۆ گۆڕینی ڕیشەیی سیستمە سیاسیەکە بکات و بە ڕووکەشیش

**لەبری ئەوەی بزووتنەوەی گۆڕان پشت بەنەقڵ ببەستن، باشتر بوو پشت بەئەقڵ ببەستن و بەشێوەیەکی ئەقڵانی و زانستی کۆمەڵگەی خۆیان بخوێننەوە، نەك تەنیا پشت بەنەقڵکردن ببەستن**

خۆی بەشێك بێت لەکۆی گشتی پرۆسەی سیاسیی لە وڵاتدا، ئەوا ئەم پرۆسەیە دەبێت لەناو کایەی فێڵی دیموکراتی و فێڵکردن لەدیموکراتی خۆی یەکلایی بکاتەوە، ئەم یەکلایی کردنەوەیەش مێژوو حکومی لەسەر دەدات نەك بانگێشەی ئەم لایەنی سیاسیی دژی لایەنێکی سیاسیی دیکە، بۆیە گرنگە لەم حاڵەتە لەسەر هەردوو لایەنی فێڵی دیموکراتی و فێڵکردن لەدیموکراتی هەڵوەستە بکەین.

### فێڵی دیموکراتی و فێڵکردن لەدیموکراتی

بیرمەندی گەورەی مەغریبی پرۆفیسۆر محەمەد سەبیلا لەوەڵامی پرسیارێکی گوڵاندا و سەبارەت بەهەڵکشانی ڕەوتە ئیسلامیەکان لەپرۆسەی هەڵبژاردنی وڵاتانی عەرەبیدا لەدوو لایەنەوە هەڵوەستەی لەسەر زارەوەی (فێڵ) کرد، یەکەمیان (فێڵی مێژوو) کە ئەو پێی ڕاگەیاندنین بەمانا هیگڵیەکەی بەکاری ناهێنێت، دووەمیان (فێڵی دیموکراتی)، لەیەکەمیاندا مەبەستی ئەوەبوو، ئەوەی پێی دەڵێن بەهاری عەرەبی، ئێستا لەڕووکاردا شتێکمان پیشاندەدا و لەگەوهەردا شتێکی دیکە، ئەم جیاوازییەی نێوان ڕووکار و گەوهەری ناو لێنا (فێڵی مێژوو)، واتە مێژوو لەم قۆناخە شتێکمان پێدەڵێت کە تەنیا ڕووکارە و گەوهەرەکەی شتێکی دیکەیە، سەبارەت بەهەڵکشانی ڕەوتە ئیسلامیەکانیش و سەرکەوتنیان بە پەیژەی سندوقی دەنگداندا بۆ دەسەڵات، ئاماژەی بەوەکرد، ئەمەش فێڵی دیموکراتیە، ڕاستە دیموکراتی بەسندوقی دەنگدان فیکرێکی دژ بەدیموکراتی دەباتە دەسەڵات، بەڵام دیموکراتی تەنیا سندوقی دەنگدان نییە و پرۆسەیەکی موتەکامیلە، هەر بۆیە ئەوەی بەرێگەی سندوقی دەنگدان دەگاتە دەسەڵات ئەگەر دوای گەیشتنی بۆ دەسەڵات بەتەواوی پرۆسە دیموکراتیەکە پابەندبوو، ئەوە فێڵی دیموکراتی سەرکەوت و هێزێکی نادیموکراتی گۆڕی بۆ هێزێکی دیموکراتی، خۆ ئەگەر ئەو هێزە نادیموکراتیە بیەوێت فێڵ لەدیموکراتی بکات و خۆی بڕوای بەدیموکراتی نەبێت و بیەوێت وەك هێزێکی دیموکراتی خۆی نمایش بکات تەنیا لەبەر ئەوەی لەهەڵبژاردن بەشداری کردووە، ئەوا فێڵ لەدیموکراتی ناکرێت، هەروەك چۆن هیتلەریش نەیتوانی فێڵی لێ بکات، سەبارەت بەفێڵی مێژووش بەو مانایەی محەمەد سەبیلا لەدیمانەکەی گوڵاندا بەکاری هێناوە، ئەو مەبەستی ئەوەبوو، ئەگەر ئەو گۆڕانکارییانەی وڵاتانی عەرەبی بەمانای وشە بەهار بێت و دەسپێکی قۆناخی ڕۆشنگەری و ئەقڵانی بێت لەوڵاتانی عەرەبی، ئەوە پێویستە ڕووکار و گەوهەری هاودژ نەبن، بەڵام ئەگەر هاودژبن، ئەوا ئەوەی ئێستا لەم مێژووەدا بانگێشەی بۆ دەکرێت، سبەینێ شتێکی دیکەمان پێ دەڵێت، کەواتە ئەم ئەزموونەی (فێڵی دیموکراتی و فێڵکردن لەدیموکراتی) لەماوەی لەسەدەی بیستەم



**عەرەب هێندەی پشت بەنەقڵ دەبەستێت، پشت بەئەقڵ نابەستێت، هەر ئەمەش وایکردووە کە لەجیهانی ئەمڕۆدا عەرەب خاوەنی هیچ نەبێت و جێگە دەستی بەهیچ شارستانییەتێکی ئەم جیهانەوە دیار نەبێت**

هەتا ڕووخانی دیواری بەرلین دوو هاودژ بوون لەناو کۆمەڵگەی دیموکراتی بوونیان هەبووە، بەڵام بەڕووخانی دیواری بەرلین دەرکەوت ئەو بیروبۆچوونەی دەیویست فێڵ لەدیموکراتی بکات لەبەردەم فێڵی دیموکراتی چۆکی دەدا و لەبری ئەوەی دیموکراتی لەبەریەکهەڵوەشێت، هەڵگرانی فیکری شمولی و دوژمنانی دیموکراتی لەبەریەك هەڵوەشان.

بۆیە لێرەوە شتێکی ئاساییە لەئەزموونی هەرێمی کوردستانیشدا بیروبۆچوونێکی سیاسیی دەربکەوێت، کە هەوڵبدات فێڵ لەدیموکراتی بکات یان لەناو پرۆسەی سیاسی دیموکراتیدا داوای نەمانی سیستمی دیموکراتی بکات، بۆیە لەم حاڵەتەدا پێویستە ئەوانەی دەیانەوێت فێڵ لەدیموکراتی بکەن، دەبێت ڕووبەڕووی فێڵی دیموکراتی ببنەوە، ئەمەش بەو مانایەی هەموو ئەو میکانیزمانەی دیموکراتی بواری پێداوە هەڵگرانی فیکری شمولی و لایەنگرانی گۆڕانی ڕیشەیی و لەناکاو پەنای بۆ بەرن، دەبێت لەناو سیستمە سیاسیەکە بواریان پێ بدرێت تاقی بکەنەوە و لەگەڵی ڕابێین، هەر بۆ نموونە ئێستا ئەو بیروبۆچوونە لەکوردستان بوونی هەیە کە بەئاشکرا داوای ڕووخانی سیستمی دیموکراتی هەرێمی کوردستان دەکەن، ئەمەش ناشارنەوە و بەوجۆرە ئاماژەی بۆ دەکەن ئەم ڕژێمە سەرکوتکارە و تۆتالیتارە و خۆسەپێنە، بۆیە دەبێت ڕژێمی خۆسەپێن و سەرکوتکار و تۆتالیتار بڕووخێنرێت، ئەم وەسفانەی لایەنێکی وەك بزووتنەوەی گۆڕان بۆ حکومەت و دامەزراوە شەرعیەکانی هەرێمی کوردستانی دەکەن، هەمان ئەو وەسفانەن کە مارکۆز، سیستمی لیبرال دیموکراتی هاوتای ڕژێمی فاشیەت دەکات و دەڵێت: (لەسەردەمی جەنگدا(مەبەستی جەنگی جیهانی دووهەمە) ئەوە ئاشکرا نەبوو، ئەو هێزەی توانی بەهۆی باڵادەستی تەکنۆلۆژی و ئابوورییەوە فاشیەت تێکبشکێنێت، خۆی پشتگیری ئابورییەك دەكات كە فاشیەتی بەرهەم هێناوە.. توندوتیژی و سەرکوتکاری فیکری شمولی هاندەرن بۆ بونیادی کۆمەڵگە لەسەر بنەمای سەرکوتکاری لیبرالی.. ئەمەش ئەو ئەرکە دەخاتە سەر شانی تیۆری ڕەخنەیی و ڕەخنەگرانی کۆمەڵگە کە ئاراستەکانیان یەك پێبگرن و لیبرالیزم بەسەرکوتکاری و شمولیەتەوە گرێبدەنەوە)، کەواتە مارکۆز وەك مامۆستای هەڵگرانی بیروبۆچوونەکانی ڕەتکردنەوەی سیستمی دیموکراتی لیبرالی، داوا لەقوتابییەکانی دەکات کە تیۆرە ڕەخنەییەکانیان و ڕەخنەگرەکانیان ئاراستەی هەوڵەکانیان یەکبخەن بۆئەوەی لیبرالیزم گرێبدەنەوە بەسەرکوتکاری و شمولیەت، هەر بۆیە کاتێك دەبینە شاهیدی ئەو هەولانەی کە ئێستا بۆ ناشرینکردنی حکومەت و ئەزموونی دیموکراتی هەرێمی کوردستان دەدرێت، لەسەرەتا هەست بەنامۆبوونێك دەکرێت، بەڵام پاش ئەوەی دەگەڕێینەوە بۆ

**لاسایی کارانی چەپە نوێیەکان داوا دەکەن کۆی سیستمە سیاسیەکە بگۆڕێت و سیستمێکی دیکەی جیاواز بێتە ئاراوە کە دیموکراتی تەنیا لەسندوقی هەڵبژاردندا بچووك دەکاتەوە**

ئەو سەرچاوانەی کە لەسەدەی بیستەم بۆ ناشرینکردنی لیبرالیزمی، بۆمان دەردەکەوێت، هەڵگرانی گۆڕانی ڕیشەیی و گۆڕینی سیستەم دەقاودەق پشت بەنەقڵکردنی هەمان ئەو بۆچوونانە دەبەستن کە لەماوەی ٦٠-٨٠ ساڵی ڕابردوو لەئەوروپا و ئەمریکا بازاڕ گەرمی بۆکراوە و لەدوای ڕووخانی دیواری بەرلینیشەوە فەشەلی خۆی ئیعلان کردووە، بۆیە لەم حاڵەتەدا، دەبوو لەبری ئەوەی پشت بەنەقڵ ببەستن، باشتر بوو پشت بەئەقڵ ببەستن و بەشێوەیەکی ئەقڵانی و زانستی کۆمەڵگەی خۆیان بخوێننەوە، نەك تەنیا پشت بەنەقڵکردن ببەستن، ئەدۆنیس شاعیر و بیرمەندی گەورەی عەرەب لەکتێبی (الثابت و المتحول) ئاماژە بە گەورەترین ئاستەنگ دەکات کە بۆتە هۆکاری دواکەوتنی ئەقڵی عەرەبی بە(پشت بەستن بەنەقڵ و پشتکردن لەئەقڵ) بەو جۆرە ئەو ئاستەنگە شرۆڤە دەکات کە عەرەب هێندەی پشت بەنەقڵ دەبەستێت، پشت بەئەقڵ نابەستێت، هەر ئەمەش وایکردووە کە لەجیهانی ئەمڕۆدا عەرەب خاوەنی هیچ نەبێت و جێگە دەستی بەهیچ شارستانییەتێکی ئەم جیهانەوە دیار





نەبێت، لـــەم چوارچێوەیـــەدا و لەڕوانگەی نەقڵکردنەوە، هەندێك نموونە دەخەینە ڕوو کە لایەنێکی سیاســـی وەك بزووتنەوەی گۆڕان هەوڵیداوە ئەزموونی حکومڕانی کوردستان و هەردوو حزبی سەرەکی پارتی و یەکێتی لەناو ڕای گشتی پێ پیشانبدات:

١- بێجگە لەســوریا و هەرێمی کوردســـتان لەهیچ شـــوێنێکی جیهاندا حزب و حکومەت تێکـــەڵاوی یەکتری نین، بۆیـــە حکومەتی هەرێمی کوردســـتان لەڕژێمی بەعسی سوریا دەچێـــت. هیربەرت مارکۆزیـــش دەڵێت هیچ جیاوازییەك لەنێوان فاشـــیەت و لیبرالیزمدا نییە.

٢- هیچ جیاوازییەك لەنێوان مەکتەبی سیاسیی حزبە کوردییەکان و مەجلیسی قیادەی سەورەی حزبی بەعسی عێراق نییە. مارکۆزیش دەڵێت هەردوو حزبە ســـەرەکیەکەی ئەمریکا لەسەر ئاستی دەرەکی لەترسی مەترسی شیوعیەت تەفاهومیان هەیە، بەڵام لەسەر ئاستی ناوخۆ زۆر بەزەحمەت لێك جیادەکرێنەوە و هەردووکیان یەك کلێشـــەن، ئەمەش مانای ئەوەیە هەردوو حزبی دیموکراتـــی و کۆماری ئەمریکا وەك یـــەك حزب وان و پێکەوە لەحزبێکی تۆتالیتار دەچن، کـــە بزووتنـــەوەی گۆڕانیش هەمان تەعبیر بۆ پارتی و یەکێتی بەکاردەهێنێت.

٣- دوای دەرکەوتنـــی گۆڕانکارییەکانـــی بەهـــاری عەرەبی کە لەتونســـەوە دەســـتی پێکـــرد، بانگێشـــەی ئەوە دەکـــرا، جیاوازی لەنێـــوان حکومەتی هەرێمی کوردســـتان و تونس نییە، کە میســـر دەستی پێکرد گۆڕا بۆ بەراورد لەنێوان میســـر و کوردســـتان، کە لیبیا دەســـتی پێکرد، دەیانگوت حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەزموونی قەزافی دووبارە دەکاتەوە.

٤- هەر لە ســـەرووبەندی گۆڕانکارییەکانی بەهاری عەرەبـــی هەوڵەکانـــی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ وەڵامدانەوەی داخوازی هاووڵاتیان و کۆتایی هێنان بەخۆپیشـــاندان، ئەو بەزمە هاتە ئاراوە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەزموونی دەوڵەتی پۆلیسی دووبارە دەکاتەوە و دەیانوت ئێستا لەکوردستان نموونەی دەوڵەتی پۆلیسی پیادەدەکرێتەوە.

٥- دواییـــن نـــاوو ناتۆرە کە بـــۆ ئەزموونی حکومڕانی هەرێمی کوردســـتان هەڵبژێراوە و ئێســـتا بازاڕ گەرمی بۆ دەکرێت، ئەوەیە لە کوردســـتان بونیادی جمهوری ویراسی بونیاد دەنرێت، کە بێگومان هـــاوکات لەگەڵ بەرەو پێشەوەچوونی گۆڕانکارییەکان و زیاتر هەنگاو هەڵگرتن بۆ دیموکراتی، ناوو ناتۆرەی زۆری

**سەرکردەی گروپە ئیسلامیە توندڕەوەکان لەکاتێکدا ناتوانن لەوڵاتەکانی خۆیان بمێننەوە، بەناچاری ڕوودەکەنە ژینگە ئازادەکەی ڕۆژئاوا، بەڵام لەناو ئەو ژینگە ئازادەی ڕۆژئاواش فیکرێك بەرهەم دەهێنن کە هەموو ئامانجی ئەوەیە ئەو ئازادییە بڕووخێنێت کە خۆی بەناچاری پەنای بۆ بردووە**

**چۆن مارکس کۆمەڵگە لەیەك چین و یەك بیروبۆچووندا بچووك دەکاتەوە، بەهەمان شێوە مارکسیە کۆنەکان و ئەوانەشی بەخۆیان دەڵێن چەپی تازە، کۆی دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی دیموکراتی و شێوازی ڕیفۆرمی ئەقڵانی و دیموکراتیانە ڕەتدەکەنەوە**



دیکە بۆ ئەزموونی دیموکراتی هەرێمی کوردستان دەدۆزرێتەوە.

بەڵام ئەوەی جێگەی پرسیارە ئایا تاچەند ئەم هەوڵانە دەچنە چوارچێوەی پرۆسەی ڕەخنەگرتن لەکۆمەڵگەی دیموکراتیدا؟ بێگومان هەموو ئەمانە دەچنە بازنەی ڕەخنەوە، لەبەر ئەوەی کۆمەڵگەی دیموکراتی بەرهەمی هەڵە و ڕاستکردنەوەیە، هیچ شتێك یان هەنگاوێك لەکۆمەڵگەی دیموکراتیدا نییە لایەنی باش و خراپی نەبێت، تەنانەت بەو لایەنە زانستیانەشەوە کە یاساکانی فیزیا و سروشتی لەسەر جێبەجێ دەکرێت، نەك سیستمی ڕێکخستنی کۆمەڵگە کە هیچ کاتێك وەك یاساکانی فیزیا و سروشت ورد نین، بۆیە مێژووی دەوڵەتانی لیبرال دیموکراتی، مێژووی هەوڵدان و ڕاستکردنەوەیە، بەداهێنانە زانستیەکانیشەوە، کە ئێستا لەبواری بایلۆژی گەیشتۆتە ئاستی کۆپی کردنی مرۆڤ، ئەم کۆپی کردنەش هەڕەشە لەسەرتاسەری ئازادی مرۆڤایەتی دەکات و هەموو جیهان بە ناوەندە ئایینی و عەلمانییەکانەوە لەهەوڵی ئەوەدان، سنوورێك بۆ ئەم داهێنانە زانستیە دابنرێت و ڕێگەی لێ بگیرێت و بڵاو نەبێتەوە، هەروەك چۆن ماوەی نزیکەی ٧٠ ساڵە هەموو جیهان سەرقاڵی ئەوەیە لایەنە سلبیەکانی وزەی نیوکلیاری کۆنترۆڵ بکات بۆئەوەی کارەساتێکی دیکەی هاوشێوەی هیرۆشیما و ناکازاکی دووبارە نەبێتەوە، لەم ژینگەیەدا کە ژینگەی کۆمەڵگەی کراوەیە بۆ ڕەخنە، ئامانجی ڕەخنەش لەم کۆمەڵگەیە بۆ ڕاستکردنەوەی هەڵەکانە، هەر بۆیە هەتا ڕەخنەکان بەمجۆرە بن لەکۆمەڵگەی کراوەدا ڕەخنە داینەمۆی هەڵسوڕانی تاك و کۆمەڵگە دەبێت، بەڵام کە هەوڵدرا فێڵ لەڕەخنە بکرێت و ڕەخنە بکرێتە چەکێك بۆ ڕووخانی سیستمە دیموکراتیەکە، ئەوا ئەوانیش هەمان چارەنووسی هیربەرت مارکۆزیان دەبێت، کە وەك جۆرج تەرابیشی لەپێشەکی کتێبی مرۆڤی تاك ڕەهەند ئاماژەی پێکردووە، کاتی ئەوە هاتووە کە بۆچوونەکانی مارکۆز بەدرۆ بخرێنەوە، مارکۆز پێیی وابوو ماوەی ١٠٠ ساڵە لەکۆمەڵگەی ڕۆژئاوا هێزی کلاسیکی بۆ شۆڕش (مەبەستی پرۆلیتاریایە) بوونی هەیە، کەچی شۆڕش لەکۆمەڵگەی ڕۆژئاوا دروست نابێت، هۆکاری ئەم نائومێدیەی کە مارکۆز پێی گەیشت ئەو ئازادییە بوو کە کۆمەڵگەی لیبرال دیموکراتی بەرهەمی هێنابوو، ڕاستە لەهەموو کۆمەڵگەیەکدا بەگشتی و لەکۆمەڵگەی لیبرال دیموکراتی بەتایبەتی خەڵکی تینو بۆ مەعریفە زۆرن، بەڵام کاتێك مەعریفە بۆ چەواشەکردنی خەڵك بەکار دێت، ئەوا خەڵك بەبێ دەنگی لەسەر سندوقی دەنگدان وەڵامی پێویستی ئەو بۆچوونە سیاسیانە دەداتەوە کە ئامانجیان ئەوەیە سیستمی دیموکراتی لەڕیشەوە هەڵتەکێنن، هەر ئەمەش تاکە ڕێگەیە بۆ هەرێمی کوردستان کە دەبێت هێندەی دیکە بایەخ بەئازادی و ئازادی ڕادەربڕین و ئازادی تاك و خۆشگوزەرانی کۆمەڵگە بدرێت، بۆئەوەی ئەو بۆچوونانەی بەئاشکرا ئەزموونی دیموکراتی کوردستان بەڕژێمەکانی وڵاتانی عەرەبی و فاشیەت پێناسە دەکەن، خەڵك لەسەر سندوقی دەنگدان وەڵامی پێویستیان بداتەوە، پۆپەر گووتەنی کۆمەڵگەی کراوە هێندە بەهێزە، کاتێك ڕووبەڕووی نەیارانی کۆمەڵگەی کراوە دەبێتەوە، بەدوای خاڵە لاوازەکانیان ناگەڕێت، بەڵکو لەبەهێزترین خاڵەوە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، ئەو خاڵەش ئەوەیە کە مرۆڤایەتی ئازادیی بەهیچ شتێکی دیکە ناگۆڕێتەوە.

**ئەوانەی هەوڵدەدەن خەڵکی تینوو بۆ مەعریفە بە بەکارهێنانی وشەی بریقەدار چەواشە بکەن، بەکورتی ئەوانە ئەو خەڵکانەن کە سەدەیەك پێش ئێستا شۆبنهاوەر بەکارەساتی فیکری ئەڵمانی ناوی بردوون**



**دەوڵەت واتە ئایندە بەو مانایە بینینی وێنەی خۆمان لە ئایندەی ئەو دەوڵەتەدا چۆنە، هەروەها بەو مانایەی ئەو دەوڵەتە لە ئێستادا چۆن بهێنینە بەرچاومان. بۆیە پرسی دەوڵەت لەئێستادا زەرورە**

# لەگومانەوە بەرەو دەوڵەتسازی



نەوزاد جەمال*

بۆ گوڵان نووسیوویەتی

هیچ پرسێك هێندەی «دەوڵەت» لەهزری سیاسیی ئێمەدا هەڵگری گومان و سڵەمینەوە نەبووە. ئەگەرچی گومان حاڵەتێکی سروشتی تەریبە بەکردەی سیاسی، بەڵام دەرچوونی لەماقوڵیەت دەمانباتەوە بۆ دۆخێکی غەریزی کە ترسە. ئاخۆ ترس لەچی بەدیاریکراوی؟ لێرەوە پێویستە ئێمە لەسەرئاستی دەروونی خۆمانەوە، بگوێزینەوە بۆ بیرکردنەوە لەبابەتی ترسەکەو هەنگاوە هزری و پراکتیکیەکان، نەك بەهانەکان. پرسی دەوڵەت واتە دەوڵەتسازی. دەوڵەتسازیش هزرە، هۆشیاریی و سیاسەتە. بۆیە هەنگاوێك بەرەو سازکردنی، نزیکبوونەوەیەکە لەواقیع و دوورکەوتنەوەیەکیشە لەکۆیلەیی بە مانا جیاوازەکانی. ئیدی دەوڵەتسازی بەخاوەنکردنی نەتەوەیەکە، بەخاوەنبوون سەروەرییەو بەرجەستەبوونی ویستی گشتییەو پیادەکردنی دەسەڵات و هەژموونی خۆییە. بەڵام، ئەمانە هەموو دەبێ وەك بەشێك لەپرۆژەیەکی هزری و هاوکات واقیعی سەیربکرێن. وەلێ لەڕووی چەمکسازییەوە دەبێ جیاکاری کەین تا دوور بین لە هەڵە تێگەیشتن.

### چەمکسازیی و جیاکاری

ئەو ئیشکالیەتانەی دێنەبەردەممان، لەپرسی دەوڵەتسازیدا بەرهەمی چەند گومانێکن:

١- ئایا «دەوڵەتی نەتەوەیی» واتە قەوارەیەکی «تاك نەژاد»؟ ئەگەر مەبەست لەدەوڵەت بنەمای نەژادییەکەی بێ، نەك «نەتەوە»بەمانای هاووڵاتی بوون، جێگەی سڵەمینەوەیە. نابێ دەوڵەت نوێنەرایەتیی یەك یا هیچ نەژادو رەگەزێك بەتەنیا بکات، تەنانەت نوێنەرایەتیی ئایین و بیروباوەڕێکی دیاریکراویش، بەڵکو بنەمای هزرو ماف و ئەرکە. دەوڵەت لە پێناسە کلاسیکی و باوەکەی دەرچووە کە دەبێ هی رەگەز و نەژادێکی دیاریکراو بێ.

٢- چەمکی «دەوڵەتی نەتەوە» نابێ یەکسان

بکرێ بە«نازیەت» و «شۆڤینیزم» و «راسیزم»، بەڵکو ئەم سیفەتانە ئایدۆلۆجیایەکی سیاسین کە لە رێی دەوڵەتەوە، بانگەشە بۆ رەگەز و نەژاد و بیروباوەرێکن.

٣- لەسەردەمی گلۆباڵدا بەهۆی کرانەوەو داخزانی سنوری جوگرافی لەئەنجامی پێوەندی —کۆمونیکەیشن- و ئاڵوێرو بازاڕی ئازادا، مانای دەوڵەتیش گۆڕدرا، بەڵام ئەوە ناگەیەنێت کە دەوڵەتانی جیهان سنوری جوگرافی و سەروەریی خاك و ئاڵا و شوناسیان فەرامۆشکەن یا هەژموونی دەوڵەت لەرووی دیپلۆماسی و ئەندامبوون لەنەتەوە یەکگرتووەکاندا بەسەرچووبێ. دەوڵەت واتە سنورێکی سیاسی و جوگرافییە، نەك سنورێکی نەژادی و رەگەزیی.

٤- ئیشکالیەتێکی دیکە لەرووی زمانەوانییەوە لە وەرگێڕانی وشەی «nation state» دا دروستبووە. وشەکە بەنەتەوەکراوە، نەتەوەش بەمانای نەژادو رەگەزێکی دیاریکراو «کورد، عەرەب، تورك، فارس» لێکدراوەتەوە. لەفەرهەنگی سیاسیی و فەلسەفەی سیاسیدا بەمانای نایەت، شوناسی هاوبەش لەرێی ئەو پەیوندییەی کە دەوڵەت بە هاووڵاتییەوە هەیەتی. دەوڵەت بێ هاووڵاتی دەفرێکی خاڵییە.

## دەوڵەت و حکومەت: دەوڵەتسازی و دەوڵەتداری

گرفتێکی دیکە ئەوەیە کە ناوی دەوڵەت دەبرێت، راستەوخۆ گلەیی و رەخنەی بەرهەڵست دروست دەبێت. هۆیەکەش: کێ دەبێتە دەوڵەتدار، حوکمڕان؟ لەراستیدا ئەمە، پرسیارێکە بۆ پاش دەوڵەتسازی. دروستە کە باس لەدەوڵەت دەکەین، دەبێ باس لەحوکمڕانی و سیستمیش بکەین، بەڵام وەك پاش پرۆسەی دەوڵەتسازی. حوکمڕانی «هاووڵاتی« دەگرێتەوە، بۆیە بێ بیرکردنەوە لە پایەو پێگەی لەو هاوکێشەی حوکمڕان و هاووڵاتیدا، پرسەکە ناتەواوە.

دەوڵەتداری کە ئێستە«دەسەڵاتی کوردی» و «ئەدای حکومەت» دەگرێتەوە، جیایە لە دەوڵەتسازی. ئەو دەوڵەتە سەربەخۆیەی کە دەیخوازین جیایە لەو قەوارەیەی کە هەیە بەهەموو ناتەواوییەکانییەوە. بەمانایەکی دیکە دەوڵەتسازی پرەنسیپ و هزرە، دەبێ جیاکرێتەوە لەوەی کە هەیە. بۆیە ئەگەر کێشە و قەیرانی سەخت و هەڵەی ملشکێنیش لەدەسەڵاتی ئێستادا هەبێت، نابێ ببێتە هۆی باوەڕنەبوون بەزەرورەتی دەوڵەت وەك بنەمایەك. کەدەڵێین دەوڵەت پرەنسیپە، واتە ئامرازو ئامانجەو جێی سازشکردن نییە، بەدەر لەوەی ئەمڕۆ کەموکورتی لە ئیدارەکردنی هەرێمدا هەیە.

ئەو بۆچوونەش سادەیە کە دەڵێت: «ئەگەر ستەم و زۆرداری و بێدادی لەلایەن هەر کەسێکەوە بێ، جیاوازی نییە بۆ ئێمە، جا ئەوە کورد بێ یا لایەنێکی دیکە». چونکە ئەنجامەکەی ئەمەیە: گەر حکومەتی کوردی خراپ بوو، با هەر لەبناغەو بنەڕەتەوە دەوڵەت نەبێ! ئەمە بۆچوونێکی ترسناکە کە زۆرێك لە نیشتماندۆستانی تووشی شۆك و پشتساردبوونەوە و بێزاریی کردووە کە بەهۆی کردارو رەفتاری کەسانێ لە دەسەڵاتدا. سەربەخۆیی ئێمە لە قەوارەی دەوڵەتێکدا وەك بنەمایەکی هزری، دەبێ ببێتە باوەڕێکی گشتی و نیشتمانی و سەرچاوەی ئینتمای تاکەکان. هاوکات دەبێ لە گوتار و رەفتاری کاربەدەستان جیابکرێتەوە .

لێرەوە دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان، بەواتایەك داننانە بەکەسێتیی کولتوری و فەرهەنگی و سیاسی و ئابوریی مرۆڤی کورد لەناوخۆ و دەرەوەو ئاستی نێودەوڵەتییدا. بەرووی ناوەوەشدا دەبێ دان بەمافی هاووڵاتیانی خۆیدا بنێ و رێزیان بگرێت. بۆیە «دەوڵەت» دەفرێکە کە ئێمە دەپارێزێت لەسەر ئەو خوانە نێودەوڵەتییەداو کەسایەتییەکی جیهانیمان پێدەبەخشێت. کەواتە دەوڵەتی نەتەوە، واتە قانون کە کۆڵەکەکانی، بنەماکانی دیموکراسی و کۆمەڵگەی مەدەنییە. دەوڵەتی کوردی هەڵگری سیفەتی «کوردستانی»، لەسەرووی مەسەلەی نەژادەوە خۆی پێناسکات. واتە رەنگدانەوەی پلورالیزمی- فرە- ئایینی و ئاینزا و کولتووری و سیاسی و نەژادە.

لەراستیدا بەشێکی هەڵەتێگەیشتنە لەچەمکی نەتەوە و نەتەوایەتی، لەوەوە دێت کە جۆرێك لە «ناسیۆنالیزم» بەرتەسك و چەقەبستوو بانگەشەی دەوڵەتی کوردی کردووە. بەڵام دەبێ مانایەکی کراوەو فراوان و گشتگیر بدەینە نەتەوایەتی و دەوڵەتی سەربەخۆ. چەقی بیرو هزرەکە نیشتمانیی هاوبەش، چارەنوسی هاووڵاتی، پێکەوەژیانێکی رێزدارو دەستەبەرکردنی مافەکان بەشێوەیەکی دادپەروەرانە لەنێوان هەموو تاك و کۆمەڵگەکاندا.

## دەوڵەت واتە ئاییندەیەکی دیار

زۆرجار پرسی دەوڵەتی سەربەخۆ، پرۆژەو داوایەکی داهاتووخواز و ئاییندەیی بووە، بەڵام نادیارو بەسیستماتیکی کاریی بۆ نەکراوەو دواخراوە. کەدەڵێین دەوڵەت واتە ئاییندە، بەو مانایە نا کە دەبێ بیر لەسەدەیەکی دیکە بکەینەوە. بەڵکو بینینی وێنەی خۆمان لە ئاییندەی ئەو دەوڵەتەدا چۆنە، نەك دەوڵەتی ئاییندە لەدوور. هەروەها بەو مانایەی ئەو دەوڵەتە لە ئێستادا چۆن بهێنینە بەرچاومان.

بۆیە بیرکردنەوە لەدروستکردنی دەوڵەت، بیرکردنەوەشە لە ئاییندەیەك، بەڵام بەکارکردنی راستەخۆ لە ئێستادا. بۆیە پرسی دەوڵەت لەئێستادا زەرورە، لەبەر ئەوەی هێشتا پرسی«هاووڵاتی» و «کۆمەڵگەی مەدەنی» بەفیعلی جێی خۆی نەکردۆتەوە، دەبێ ئەمە وەك پێویستی بەدیکەین.

## لەباتی پاساو ئەگەری بوون


نامەوێ ئەو وەڵامە دووبارەو سواوە بدەمەوە کە بۆ کورد نەبووەتە دەوڵەت. چونکی بێمانا و خۆهەڵخەڵەتێنەرە. ئەو پەتایەی نیوسەدە زیاترە مێشك و بیرکردنەوەی سیاسیی ئێمەی داگیرکردووە لەژێر ناوی«واقیعبینی سیاسی»دا گیری خواردووە. پەتایەك دەستکردی کورد نەبێت، هی هیچ کەس نییە، لەخۆشی زیاتر کەسی دیکە دەستخەڕۆی نەکردووە پێوەی. دۆست و دوژمن دەزانێت ئەوەی بڕیاردەرە، چارەنووسسازە لەمەسەلەی دەوڵەتدا ئیرادەی ژیرو چالاکی گەلێکە، باشیش دەزانن ویستی کورد هەر لەسەر ئەوە گیرساوەتەوە.

جگە لەوە، هیچ دەزگایەکی لێکۆڵینەوەو شرۆڤە نەهاتوون باس لە سوودو قازانجی دروست نەکردنی دەوڵەت بکەن؟ ئەی بەچی گەیشتنە ئەوەی باش نییە؟! مەسەلەکە ئەوەیە ئێمە هەمیشە لەسەر ئاستی دروشم پرۆژە مەزنەکان وەردەگرین و هەر لەو ئاستەش رەتیدەکەینەوە. دەنا کێمان هەیە وردو زانستی وەڵامی ئەوەی دابێتەوە؟ بیرکردنەوەیەکی ژیرانەش نییە کورد بەهانە و پاساوی نادروست بۆ نەبوون بەدەوڵەت بهێنێتەوە بەناوی «هۆکارو رێگرە واقیعیەکان». باشترە ئێستا بە قۆناغی ئیشکردن بۆ سەربەخۆیی بزانین، لەمەشدا پێویستمان بە دیدو هزرێکی فەلسەفیی قووڵ و بیرلێکراوە هەیە.

هاوکات پشتئەستوربین بەوەی سەربەخۆیی لەدەوڵەتدا قۆناغێکی دیکەیە لەئازادبوونی مرۆڤی کورد لەمێژوودا. ئێمە لەژێردەستەیی و ستەمەوە راپەڕینمانکردو قەوارەیەکمان پێکەوەنا لەنێو دەوڵەتێکی لاواز و شلۆقدا، هاوکات لەناوخۆدا خەبات بۆ مافی مەدەنی و کۆمەڵگەی هاووڵاتی و گەشەسەندنی مرۆیی پێویستە لەو دەسەڵاتەخۆجێیەدا، چونکی پێویستی بەچاککاری هەیە. بەڵام هێشتا لەبەردەمدا ماوە کۆمەڵێ ماف وەك گەل و نەتەوەو هاووڵاتی. بۆیە بڕوابوون، کارکردن بۆ دەوڵەتێکی سەربەخۆ، بۆخۆی گەیشتنە بەمافێکی مرۆیی دیکە لە ژیانماندا.

*** مامۆستای فەلسەفەی سیاسی و کۆمەڵایەتی-زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر**

# میكانیزمەكانی دیموكراسی وسروشتی پێوەندییەكانی حزبی و ناسنامەی حزبەكان



د. تەیسیر عەبدولجەبار ئالووسی*

بۆ گوڵان نووسیویەتی

**لەچوارچێوەگرتنی پێوەندییەكانی نێوان ئۆپۆزسیۆن و حكومەت بە پشتگیری كردنی ڕێبازی كاری دامەزراوەیی دەبێت. نەك ركابەری كردن و تەگەرەخستنەبەر كارەكان لە ڕێی ئەو وتارانەی كە دەبنە مایەی وروژاندنی گرفت و كێشە**

بارودۆخی گشتیی كوردستان بە شێوەیەك بەرەو پێشەوە دەچێت، كە سەقامگیریی سیاسی وگەشەپێدانی تێدا بەرجەستە دەبێت، دەرئەنجامەكەشی كەمترین ئاستی هەژارییە لەسەر ئاستی ناوخۆدا، بێجگەلە زێدەبوونی توانا ئابوورییەكان چ لەڕووی پشكی هاووڵاتی و تواناكانیەوە بێت یان سەبارەت بە بارودۆخی گشتی، ڕەنگە لەم ئاڕاستەیەشدا دووهۆكار هەبن یەكەمیان: پڕكردنەوەی ئەو بۆشاییەی تایبەت بە پێویستبوون بە پلانی پیشەسازی و نوێكردنەوەی كشتوكاڵ و بایەخدانێكی گەورەی بنەڕەتیی بە جۆراوجۆركردنی سەرچاوەكانی داهات لەلایەك و ئەكتیف كردنی سەربەخۆیی گونجاو لە ئەدا، دوور لە هەر ئەگەرێكی كاریگەریی بازاڕەكانی دراوسێ، هەروەها ئەوگوشارانەی پەیوەستن بەهەڵبەزو دابەزی پێوەندییە سیاسییەكان و ئەو ئاستەنگانەی ئابلۆقەی ئابووری و سەرچاوەكانی ناوخۆو بیانی هێناویانەتە ئاراوە، ئەمەش پێویستی بە چارەسەر هەیە.

ئەگەر ئەو پێشەكییە ئاماژە بۆ چەند بابەتێكی گرنگ بكات كە پێویستیان بە چارەسەریی سەربەخۆ و بێلایەنانە هەبێت، ئەوا ئێمە لێی سوودمەند دەبین بە سەرهەڵدانی چالاكییەك كە گوزارشت لە سەقامگیریی كاری گشتیی دامەزراوەیی دەكات، جا چ حكومی بێت یان سەر بەكۆمەڵگەی مەدەنی و بزاڤەسیاسییەكان بێت،هەر ئەمەش بوو لەلایەك وای كرد كە هەوڵی بێ وچان بەئاڕاستەی گۆڕانكاریی پۆزەتیڤانە بخرێتەگەڕ كە لەو چاكسازینامەیەدا بەرجەستەبكرێت كە لەلایەن سەركردایەتیی سیاسیی كوردستانییەوە پێشكەش كراوە، لەلایەكی دیكەوە بە ئاڕاستەی دەركردنی یاسا بنەڕەتییەكەی (دەستوری هەرێم) وێرای یاسای حزب و كۆمەڵەمەدەنییەكان هاوتەریب لەگەڵ پێشكەوتنی كوالیتی لەدیمەنی گشتیی پیادەكردنی دیموكراسییەتدا.

ڕەهەندی ستراتیژی و قەبارەی گۆڕانكارییە چاوەڕوانكراوەكان پلەبەندی ڕێژەیی لە كاروانی چاكسازیدا دەسەپێنێ، هەروەها دەستنیشان كردنی یەكلاكەرەوانەی ناسنامەی حزبەكان كەناچاری دەكات گوێ ڕایەڵی بەرنامەسازیی و پراكتیكیی یاسا مەدەنییەكانی دەوڵەت بێت، ئا لێرەدا دوو كێشە دێنەپێشەوە:

یەكەمیان بریتییە لە كۆتایی هێنان بە وتاری رادیكاڵی لە پەیرەوكردنی كاری حزبیدا، لەگەڵ خزانەناو كاری پەرلەمانی وهۆكارەكانی جێبەجێ كردنیان بە شێوەی ئەرێنی، بەڵام كێشەی دووەم بریتییە لە قەدەغەكردنی بەسیاسەتكردنی ئایین و پێكهێنانی حزب لەسەر بناغەی ئایین،بۆیە لەچوارچێوەی كێشەی یەكەمدا پرسی ئاسایی كردنەوەی پێوەندییەكانی نێوان لایەنەكانی پرۆسەی سیاسی جەختی لەسەر دەكرێتەوە لەسەر بناغەیەكی ساغ و بنیادنەر وتەواوكەر كەهیچ جۆرە ململانێ و ناكۆكییەكی تێدا نەبێت چ بە قبوڵنەكردن یان پەراوێزخستن. لەچوارچێوەی كێشەی دووەمدا پرسی بەیەكەوەژیانی گشتی لە گرێبەستی كۆمەڵایەتیی سەردەمدا بەرجەستە دەبێت لەسەر بناغەی پابەندبوون بە بونیادی دەوڵەتی مەدەنی ویاسا پەیڕەوكراوەكانیدا، دیارە دوور لە شێوەكانی پاشگەزبوونەوە كە ڕەنگە دەرئەنجامی تەوزیف كردنی سیاسییانەی ئایین و گەمەكانی حزبە ئایینییەكان بێت كە بە بەرنامەكانیان كۆمەڵگە بۆ رابردوویەكی نێگەتیڤی مەترسیدار دەگێڕنەوە، ئەو بەرنامانەش شكستن بۆ مۆركی بەیەكەوە ژیان لەكۆمەڵگەی كوردستانیدا وناكۆكیشن لەگەڵ راستیی ڕێزگرتن لە فرەیی و هەمەڕەنگیی كە ئەم كۆمەڵگەیەی لێ پێك دێت. هەنگاوێكی دیكە دوای پرسی دەست نیشانكردنی ناسنامەی مەدەنیی و عەلمانیی بزاڤ وحزبەكان تەنانەت سەرجەم دامەزراوەكانی كۆمەڵگە، هەنگاوی لەچوارچێوەگرتنی پێوەندییەكانی نێوان ئۆپۆزسیۆن و حكومەتە بە بناغەی یاسایی و دەستوری كەپشت دەبەستێ بە پرەنسیپی بژاردەكانی دەنگدەرو هەنگاونان بەرەو پرۆسەی بنیادنان بەگوێرەی بەرنامەكانی حكومەتە هەڵبژێردراوەكەو بە پاڵنەرێكی پۆزەتیفی بنیادنەرەوە، واتە بە پشتگیری كردنی ڕێبازی كاری دامەزراوەیی، نەك ركابەری كردنی و تەگەرەخستنەبەر لە ڕێی ئەو وتارانەی كە دەبنە مایەی وروژاندنی گرفت وكێشە.

سروشتی پێوەندییەكان نەك تەنیا لەنێوان حزبەكان بەڵكو لەنێوان بزووتنەوە ئایینییەكان و حكومەتدا بریتییە لەپێوەندییەكی حوكمدراو بە چەند هەڵوێستێكی ئاڵۆزو تێكچڕژاوی حزبە ئایینییە سیاسییەكان، بنچینەی هەڵوێستە هزرییەكە لەوەوە سەرچاوە دەگرێ كە رای خۆیان بەڕاست دەزانن و بە پشت بەستن بە رەها پیرۆزییەكانی یەزدان و خەڵكی دیكەی دژ بەئایین بە دوژمن تەكفیر دەكەن و هەموو شتێكیش بە بڕوای خۆیان تاریك ولێڵە. لێرەوە حزب و بزووتنەوەئایینییەكان هەڵوێستێكی دوژمنكارانە دەنوێنن بەرامبەر چالاكیی دامەزراوەكانی دەوڵەت لەوەش زیاتر هەوڵی ئەوە دەدەن هەل بقۆزنەوە بۆ نانەوەی ئاژاوەو ئاشووب، بگرە لە سووتاندنی شوێنەگشتییەكان و یانە كۆمەڵایەتییەكان و سەركوتكردنی چالاكییە مەدەنییەكان و حەرامكردنیان بە فتوای ئامادە و بەپێی پێویست.

ئەم شتانە پێویستیان بەسازكردنی كۆڕی فراوان هەیە لەلایەن ڕێكخراوە پسپۆڕەكانەوە، هەروەها هەڵمەتێكی فراوانی ڕاگەیاندن كە هەمووكەرت و ئاستە جیاوازەكانی كۆمەڵگە بگرێتەوە، جیاكردنەوەی ئایین لە دەوڵەت بریتییە لەجیاكردنەوەی نێوان بونیادی مەدەنییانەی كۆمەڵگە و پێویستییەكانی ژیان و وردەكاریی ڕۆژانەی ئاسایی

مرۆڤ و نێوان ئایین و مەسەلەکانی پەرستن کە پێوەندیی نێوان مرۆڤ وبیروباوەڕەکەی دەست نیشاندەکات.

ئەمەیان لەرووی رۆشنبیرکردن و هۆشیارکردنەوەی میللی وئاڵوگۆڕی کاریگەریی تایبەت بە چالاکیی حزبە ئایینییەکان بەڵام لەرووی پێوەندیی نێوان ئەو حزبانەو نێوان دەزگای حکومی ئەمەیان پەیوەستە بەیاسای تایبەتەوە، ئەم یاسایەش دەبێ بە پێی لۆژیکی دەوڵەتی تازەی سەردەم دەربچێ و هەر لەم چوارچێوەیەشدا میکانیزمی کاری بۆ دەست نیشان بکرێت، یەکەم شتیش بوونی یاسای حزبەکانە کە رێگە لە هەموو بزووتنەوەیەك بگرێت کەلەسەر بناغەی خۆبەزل و بەرز زانین بەرامبەر ئەوی دی دادەمەزرێت جا ئەومەرجەعە کێ بێت کەپشتی پێ دەبەستێ، ئەومەرجەعە رەگەزپەرست و هەڵگری بیروباوەڕی شۆڤینی بێت یان ئیدیعا بکات بەئیسلامبوونی کاری حزبی بە مۆرکی ئایینی لەبەرامبەر دنیایەك کە هەست بەکێشەی خەڵك دەکات و یاساش ئەو هەوڵە هەڵبەستراوانە ریسوا دەکات کە دنیا بەئایین پەردەپۆش دەکات، ئەمەش پێچەوانەی فەرموودەکەی پێغەمبەرە(دخ) کە جەخت دەکاتەوەلەسەر ئەرکی مرۆڤ لەکارکردن بۆ دنیاکەی بێ لایەنانە هەروەك بۆ دوارۆژ» کار بۆ دنیاکەت بکە وابزانە هەردەم دەژیت».

ئەو یاسا مەدەنییانەی کاریگەرییان لە پتەو کردنی پێوەندییەکانی نێوان سەرجەم حزبەکان و دەزگاکانی دەوڵەت و حکومەتی کارادا هەیە رێکخەری سەرەکیین کە پێویستە لە دیارکردنی ئەم پێوەندییانەدا ببنە بناغەی لۆژیکی کاری حزبی، دواتر لە خودی ئەم پێوەندییانەی نێوان حزبەکان و حکومەت و نێوان میللەت رەنگ بداتەوە.

ئەم راستییانە کە پەیوەستن بە ناسنامەی حزبەکان و پێوەندییەکانیان هەروەها ئەو چالاکییانەی ئەنجامی دەدەن،وا پێویست دەکات بە یاسا رێکبخرێن کە سەرچاوەکەی دەستووری مەدەنی بێت چونکە دەستوور گرێبەستی کۆمەڵایەتیی سەرتاسەریی بڕیارەی کۆمەڵگەو ژیانە،جێگەی وەهم و خەیاڵیشە کە چاوداخەین لە ئاست گوزەرانی خەڵك و والێکبدرێتەوە کە ئەوان رۆڵەی سەدەکانی پێشوون و دەبێت بە دیدێکی کلاسیك و چەقبەستووی بیر و هزری لەقاڵبدراودا سەیر بکرێن.

حزبە ئیسلامخوازەکان کە ئەمڕۆ دەوڵەت و کۆمەڵگە دەخەنە ژێر گوشارەوە، جارێك بە تیرۆری توندڕەوی و بەکارهێنانی توندوتیژیی خوێناوی و جارێکی دیکەش بە تەکفیرکردن و سڕینەوەی عەقڵی زانستی،ئەوانە بریتیین لە بزووتنەوەیەك کە لە ژیانی ئەم سەردەمەو لۆژیك لای داوە تەنانەت دژی بەها پیرۆزەکانی ئایینیە، کە توندو تیژی قبووڵ نییە و ئایینیش لای خوا میانڕەوییە و بە میانگیریی و ناوبژیوانیی نێوان پەروەردگارو بەندە قایل نابێ، ئایین لە هەموو کتێبە پیرۆزەکاندا بریتییە لە بڵاوکردنەوەی ئاشتی و بەیەکەوەژیان و برایەتی و دانوستان بە چاکترین شێواز،بەڵام هەموو بیروبۆچوونەکانی ئیسلامخوازان بریتییە لە سڕینەوەی ئەوی دیکە بە تەکفیرکردنی یان تیرۆرکردنی،هەموو پێوەندییەکانی ئەو بزووتنەوانەش لەسەر گوشار خستنەسەر و هەڕەشەو گرفت نانەوە وەستاوە، هەتا ئەگەر دەسەڵاتیش بگرنە دەست هەر خەریکی نانەوەی کێشەو ململانێی نێوان تایەفەو گروپەکان دەبن، کەواتە ئەوەی پێویستە ئەوەیە یاسایەك هەبێت سنوورێك بۆ فراوانخوازیی ئەوهەڵسوکەوتانە دابنێ، چونکە دیموکراسییەت بە بوونی حزبی فاشی ورەگەزپەرست و تاکرەو نایەتە کایەوە، بەڵکو دەبێت حزب لەسەر بناغەیەك دامەزرێ کە نوێنەرایەتیی کۆمەڵگە بکات و پێکهاتەکانی لە نێو دەوڵەتێکی مەدەنیدا کۆبکاتەوە،نەك لە چوارچێوەیەکی پارێزراودا کە بە زۆرەملێ بکەوێتە ژێر رکێفی فەلسەفەی ئەشکەوتەکان و تارمایی سەدەکانی ناوەڕاستەوە.

ئەمەش ئاماژەیەکە کە پێوەندیی نێوان حزبە عەلمانییەکانیش دەگرێتەوە کە لەسەر بناغەی گفتوگۆو تێکەڵیی بنیادنەر دروستببن و ملکەچی یاسا بن، نەك رادیکالی کودەتایی کە بناغەکەی لەسەر ناکۆکی و سڕینەوو رووخاندن وەستابێت،گرفتی ناسنامەی حزبەکان و پێوەندییەکانیان هەردەم وەکو فاکتەری سەرەکی دەمێنێتەوە لەپێشکەوتن و هەنگاونان بەرەو داهاتوویەکی دیموکراسی دیارە ئاستی ئەم کارەش بەدەر نییە لە چەند هێمایەکی تایبەت بەولایەنانەی کوردستانیانە کاردەکەن، کە خۆیان لەسەرکردایەتیی کوردستانیی هەڵبژێردراو و پرۆژەی چاکسازی وهێزەکانی ئۆپۆزسیۆنی مەدەنیدا دەبیننەوە، هەروەها ئەو حزبانەی کەپێیانوایە نوێنەری پیرۆزییەکانی یەزدانن کاتێ بانگەشەی ئەوە دەکەن کە بەئایینەوە پابەندن، لەچوارچێوەیەکی گوشارو تەکفیرکردنی لایەنی دیکە کاتێ ئایین تێکەڵ بە دنیا دەکەن و مافی پیرۆزی و بەرزیی و خۆبەگەورەزانین بە خۆیان دەدەن، نەك بەتەنیا لەسەر حزبەکان بەڵکو لەسەر تەواوی کۆمەڵگە.

لێرەدا دەکرێ جیاوازییە جەوهەری و بنەڕەتییەکانی نێوان کۆمەڵانی بانگخوازانی ئایین کە مافێکی مەدەنی پێدراوە لە دەستووری دەوڵەتانی عەلمانی چەسپاوە و لەنێوان سەرکردەکانی ئیسلامخوازانی سیاسی و حزبەکانیان ئەوانەی لە لۆژیکی ژیانی سەردەمیانە لایانداوە نیازی دوژمنکارانەیان هەیە بەرامبەر بوونی خەڵك وداواکاریی رۆژانەیان، ئەوانە کار دەکەن بۆ سڕینەوەی مۆرکی پیرۆزیی ئایینی لەوحزب و بزووتنەوانە.

جارێکی دی دەگەڕێینەوە بۆ گفتوگۆ کردن لەسەر وردەکاریی پێرەوکردنی خراپتر لە رادیکالیەت لەوەدەست درێژییانەی کرانە سەر یانەو سەنتەرەکانی چالاکیی مەدەنی و بەکارهێنانی مزگەوتەکان بۆ مەبەستی نائایینی بە پێچەوانەی دەقی ئایینی پیرۆز،هەروەها هەندێ چالاکیی سەربازییانەی حزبە ئیسلامخوازەکان کە مۆرکی میلیشیایان پێوە دیارە لەرووی مەشقی توندو فەلسەفەی دوژمنکارانە بەرامبەر کەسانی دیکە کە خۆی لەخۆیدا سەرپێچیە لە یاساکان وگاڵتەجاریشە بەرامبەر ئەو بانگەوازانەی دەخرێنە روو بۆ ئاوەدانکردنەوەی زەوی کە یەزدان فەرمانی پێکردوین، هاوکات بڵاوکردنەوەی رەشبینی و بێ ئومێدی و نەخۆشییە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکان لەنێو تاکەکانی کۆمەڵگەدا.

*** توێژەری ئەکادیمی زانستە سیاسیەکان**

**پێوەندیی نێوان حزبە عەلمانییەکان پێویستە لەسەر بناغەی گفتوگۆو تێکەڵیی بنیادنەر دروست ببن و ملکەچی یاسا بن. نەك رادیکاڵی کودەتایی کە بناغەکەی لەسەر ناکۆکی و سڕینەو رووخاندن وەستابێت**

**حزب و بزووتنەوە ئایینییەکان هەڵوێستێکی دوژمنکارانە دەنوێنن بەرامبەر چالاکیی دامەزراوەکانی دەوڵەت. لەوەش زیاتر هەوڵی ئەوە دەدەن هەل بقۆزنەوە بۆ نانەوەی ئاژاوەو ئاشووب**



## گریگۆری گەوس بۆ گوڵان:

# پێوەندی نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی بەغدا ئاییندەی عێراق دیاری دەکات

**پرۆفیسۆر گریگۆری ئیف گەوس تۆژەری باڵایە لە لقی ئامۆژگای برۆکینککز لە دۆحەی پایتەختی قەتەر، بەڵام لەو وڵاتە نیشتەجێ نییە و پسپۆر و تایبەتمەندە لە سیاسەتی ناوخۆ و پێوەندییە نێودەوڵەتیەکانی دەوڵەتانی کەنداو و بەتایبەتیش لەسەر عەرەبستانی سعودیە و ماوەی ٣ ساڵیشە سەرۆکی بەشی زانستی سیاسەتە لەزانکۆی ڤیرمۆنت و لەسەر ئاستی جیهانیش بە یەکێك لەشرۆڤەوان و چاودێرە سیاسیە ناودارەکان لەسەر ئاستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دەوڵەتی کەنداو ناسراوە و توێژینەوە و دیراسەتەکانی لەسەر ئاستی بەرزی حکومەتی ئەمریکا بەهەند وەردەگیرێن، سەبارەت بەڕەوشی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی و عێراق بەتایبەتی چەند پرسیارێکمان ئاراستەی پرۆفیسۆر گەوس کرد، بەڕێزی بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوە.**

*** کێشەی سەرەکی سیستمە سیاسیەکانی جیهانی عەرەبی و ئیسلامی ئەوەیە، کە سیستمەکان حەزدەکەن بەرێگەی سندوقی هەڵبژاردن بگەنە دەسەڵات، بەڵام لەحکومڕانیدا ناتوانن دەسەڵاتەکان دابەش بکەن، هەروەها بڕوایان بەوە نییە بەشێوەی دیموکراتی دەستاو دەستی دەسەڵات بکەن، پرسیار ئەوەیە بۆچی کەلتوری دیموکراتی لەوڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی لاوازە؟**

- پێموایە نابێت گریمانەی ئەوە بکەین کە کەلتوری دیموکراسی بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی کەلتورێکی بەهێزە و ئێمە تەنیا پێویستە هۆکاری غائیب بوونی لێکبدەینەوە. بەلای منەوە مەسەلەکە بەپێچەوانەوەیە. کارە زەحمەتەکە بنیاتنانی دیموکراسیەکی سەقامگیرە. لەو وڵاتانەی ئەم کارەیان ئەنجامداوە بەشەڕی ناوخۆیی خۆیناویدا تێپەڕیون(ئەمەریکا نموونەیەکی زۆر باشە لەم ڕووەوە)، شەڕی ئایدۆلۆجی سەخت(لەهەموو ئەوروپادا) و قەیرانی سیاسی گەورە ڕوویاندا پێش ئەوەی دیموکراسیەتێکی سەقامگیری بەدەست بهێنن. بەشێوەیەکی گشتی من هیچ شتێکی تایبەتمەند نابینم لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست یان جیهانی عەرەبی و ئیسلامیدا، ئەویش لەپێوەندیدا بەو دژواریانەی دێتە ڕێیان لەبنیاتنانی دیموکراسیەکی سەقامگیردا. بە بەراوردکردن، زۆرێك لەم وڵاتانە مێژوویەکی کورتیان هەبووە وەك وڵاتگەلێکی سەربەخۆ. لەبەر ئەوە من پێشبینی ڕوودانی کێشە دەکەم لەکاتی چەسپاندن و جێگیرکردنی سیستمە دیموکراسیەکاندا.

> **هیچ شتێکی تایبەتمەند نابینم لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست یان جیهانی عەرەبی و ئیسلامیدا، ئەویش لەپێوەندیدا بەو دژوارییانەی دێتە ڕێیان لەبنیاتنانی دیموکراسیەکی سەقامگیردا**

*** عێراق یەکێکە لەو وڵاتانەی کە هەوڵێکی زۆری تێدا درا بۆ ئەوەی ببێتە وڵاتێکی دیموکراتی، تەنانەت بەهاوکاری پسپۆڕانی نێودەوڵەتی دەستوورێکی باشی بۆ نووسرایەوە، بەڵام ئێستا حکومەتی عێراق خۆی ئامادەنییە دەستوورەکەی خۆی جێبەجێ بکات، ئەمەش بۆتە هۆکاری ئەوەی حکومەتی عێراق نەتوانێت هیچ خزمەتگوزارییەك پێشکەش بکات، ئایا دروستبوونی ئەم ئیشکالیەتە هۆکاری چیە؟**

- دەستووری عێراق، بەچەشنێ زۆرێك لەدەستوورەکانی دیکە (لەنێویاندا ئەمەریکا) دەستوورێکی تەم و مژاویە لەئاست کێشەکەلێگی دیاری کراودا، وەك هاوسەنگی هێز لەنێوان حکومەتی مەرکەزی و حکومەتی هەرێم و پارێزگاکان. لەئەزموونی ئەمەریکادا، بەتێپەڕبوونی کات هاوسەنگی و تەرازویی هێز بەلای حکومەتی مەرکەزیدا شکایەوە نەك حکومەتی ویلایەتەکان، بەڵام ئەمە دوای دو سەدە لەمێژووی سیاسی هات کە شەڕی ناوخۆییشی لەخۆ گرت. پێموایە لەکاتێکدا عێراقیەکان کار لەسەر ئەوە دەکەن ئەوە یەکلابکەنەوە دەستوور لەبارەی وردەکاریەکانەوە چی وتوە، ئەوا قەیرانی سیاسی ڕوودەدات، هەروەها سازشکردن و تەنانەت شەڕی ناوخۆییش ڕوودەدات(ئەگەرچی ئومێد دەکەم ڕوونەدا)

*** لەگەڵ ئەوەی پێویست بوو عێراقی ئێستا یەکێك بێت لەدۆستە نزیکەکانی ڕۆژئاوا، بەڵام وەك لەواقیعیدا دەبینین هاوپەیمانی ئێرانە کە دوژمنی سەرەکی ڕۆژئاوایە، هەروەها دژی دۆستەکانی ئەمریکایە وەك تورکیا و سعودیە و دەوڵەتانی دیکە لەناوچەکەدا، لەبەرامبەر سوریاشدا هەڵوێستی حکومەتی عێراق دژی هەڵوێستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیەو پشتگیری مانەوەی بەشار ئەسەد دەکات، ئایا حکومەتی ئێستای عێراق بەم هەڵوێستەی دژی هەموو گۆڕانکارییەکانی ناوچەکە ڕانەوەستاوەتەوە؟**

- گومانی تێدانییە هەڵوێستی عێراق لەئاست سوریادا لەژێر کاریگەری پێوەندی بەهێزی حکومەتی عێراقەوەیە بەئێرانەوە. ئەو پێوەندیە بەهێزەی عێراقیش بەئێرانەوە هۆکارەکەی بۆ خواستی مالیکی دەگەڕێتەوە بۆ پاراستنی پێگەی خۆی لەعێراقدا و هیچ پێوەندی بەتێڕوانینی عێراقەوە نییە بۆ ناوچەکە. تاوەکو پاڵنەری سەرەکی سەرکردەکانی عێراق بریتی بێت لەململانێی دەسەڵات لەناوخۆدا، ئەوا سیاسەتی دەرەوە وەك ئامرازێك بەکار دەهێنرێت بۆ بەدەستهێنانی پشتیوانی و سەرچاوەکان تاوەکو لەشەڕی سیاسی ناوخۆدا بەکار بهێنرێن.

*** بەهۆی ئەوەی عێراق وڵاتێکی فرە نەتەوەیە و بەپێی دەستوور وەك دەوڵەتێکی فیدرالی پێناسەکراوە، بەڵام لەبری ئەوەی هەوڵبدرێت عێراق لەسەر بنەمای دەوڵەتێکی فیدرالی دابمەزرێتەوە، ئێستا هەوڵدەدرێت دووبارە دەوڵەتێکی مەرکەزی دروست بکرێتەوە، ئەمەش مانای ئەوەیە دووبارە شەڕی ناوخۆ لەعێراقدا دەست پێدەکاتەوە، ئایا تاچەند دروستبوونی شەڕی ناوخۆ دەبێتە هۆکارێك بۆ ئەوەی عێراق بەتەواوەتی ببێتە دەوڵەتێکی فاشیل؟**

- پێموایە لایەنەکانی عێراق دەتوانن خۆیان لەشەڕی ناوخۆ لابدەن، بەدڵنیاییەوە پرسی پێوەندی نێوان حکومەتی مەرکەزی و هەرێمی کوردستان گرنگە بۆ دیاریکردنی ئاییندەی عێراق، ئەگەرچی هەموو لایەکیش ڕازی بن بەوەی دەوڵەتی عێراق لەسەر بنەمای فیدراڵی ڕێکبخرێتەوە. ئەوەندە گرنگە کە زەحمەتە ڕێککەوتنێك بکرێت لەبارەی مانای سیستمی فیدراڵیەوە. ئەمە بەشێوەیەکی حەتمی سەرناکێشێت بۆ شەڕی ناوخۆ، بەڵام بۆی هەیە ئەم دەرئەنجامەی لێبکەوێتەوە، لەبەرە ئەوەی ئەمە پرسێکی زۆر گرنگە. بەڵام ئەگەری ئەوەش هەیە سازشی سیاسی بکرێت، لەئێستادا ئەگەری ڕوودانی ئەمە کەمترە، بەڵام دۆخە سیاسیەکە بەچەشنێك دەگۆڕێت کە لەئێستادا ناتوانین پێشبینی بکەین.

*** کورد لەعێراقدا ماوەی زیاتر لە٢٠ ساڵە توانیوویەتی جۆرێك لەدیموکراتی پیادە بکات، هەروەها توانیوویەتی جۆرێك لەسەقامگیری لەبەشێکی گرنگی عێراقدا دروست بکات، ئەم بەشە دەکرا بکرێتە نموونەیەك بۆ دروستبوونی سەقامگیری و دیموکراتی لەعێراقدا، بەڵام ئێستا حکومەتی عێراق خۆی هەڕەشە لەو بەشە دەکات و دەیەوێت سەقامگیری تێکبدات، ئایا تێکدانی سەقامگیری ناوچە کوردییەکانی عێراق هەڕەشە لەئاییندەی عێراق ناکات؟**

- پێموایە ناسەقامگیری لەهەر بەشێکی عێراقدا هەڕەشەیە لەسەر ئاییندەی عێراق، بەڵام پرسی پێوەندی نێوان هەولێر و بەغدا گرنگترین پرسە بۆ ئاییندەی دەستووری عێراق. من بانگەشەی ئەوە ناکەم کە لەئاییندەدا چۆن دەبێت.

*** لایەنێکی دیکە کە لەوڵاتانی جیهانی عەرەبی و ئیسلامی هەستی پێدەکرێت، سەرکەوتنی حزبە ئیسلامیەکانە بەڕێگەی سندوقی دەنگدان دەگەنە دەسەڵات، لەمەش گرنگتر لەبەر ئەوەی ئەو حزبە ئیسلامیانە بەرهەمی پرۆسەیەکی دیموکراتی نین، بەڵکو بەرهەمی چەوسانەوەی ڕژێمە تۆتالیتاریەکانی پێشترن، بۆیە ئەوانیش کە دێنە دەسەڵات تۆتالیتاریەکی دیکە بەرهەم دەهێنن، پرسیار ئەوەیە چۆن لەم بارودۆخە دەتوانرێت زەمینەی بونیادنانی دیموکراتی دروست بکرێت؟**


- پێم وایە حاڵی حازر لەجیهانی عەرەبیدا، پارتە ئیسلامیەکان ئەنجامێکی باش بەدەست دەهێنن، لەبەر ئەوەی پەیامێکیان هەیە سەرنجی دەنگدەران ڕادەکێشێت و بونیادێکی ڕێکخستنیان هەیە کە بواریان دەدات پشتیوانی بەدەست بهێنن. لەزۆریك لەحاڵەتەکاندا زۆر لەپێش گروپە سیاسیەکانی دیکەوەن. ئەمەش بۆ هەتا هەتایە بەم شێوەیە نامێنێتەوە. بەچەشنی هەموو ئایدۆلۆجیایەك، ئایدۆلۆجیا ئیسلامیە سیاسیەکان پشتیوانی جەماوەری جیاوازیان دەبێت. بەڵام هیچ وڵاتێکی عەرەبی ناتوانێت بەخۆی بڵێت دیموکراسی ئەگەر بوار بە بەشداری ئیسلامیەکان نەدات لەهەڵبژاردنەکاندا، ئەویش بەو مەرجەی پابەندبن بەڕێساکانەوە، کە تا ئێستا زۆر بەباشی پابەندبوونە.

> **ئەو پێوەندیە بەهێزەی عێراق بەئێرانەوە دەبەستێتەوە هۆکارەکەی بۆ خواستی مالیکی دەگەڕێتەوە بۆ پاراستنی پێگەی خۆی لەعێراقدا**

> **ناسەقامگیری لەهەر بەشێکی عێراقدا هەڕەشەیە لەسەر ئاییندەی عێراق، بەڵام پرسی پێوەندی نێوان هەولێر و بەغدا گرنگترین پرسە بۆ ئاییندەی دەستووری عێراق**

# گرنگیی رۆشنگەریی ئایینی و کۆمەڵایەتی لەراگرتنی گومڕایی و خورافە لە عێراقدا

**ئەمــڕۆ شـێخێكی ئایینی كە بە هەمـــوو مانایەك خورافیە، لێمان پەیدا بووە كە هەرگیز شایســـتەی برایەتی و دۆستایەتی و خۆشەویســـتیی نێوان رۆڵەكانی نەتەوە جیاجیاكانی عێراق نییە، هەروەها دوورە لە خێرو خۆشی و ئاساییش و ئاشتیی نێوان گەلی عێراق، تەنانەت هـــەوڵ دەدات رق و كینەو دوژمنایەتی لەنێوان خەڵكـــدا بڵاوبكاتەوە بە بیانووی ئەوەی كــە مەهدی مونتەزیر دەردەكەوێت كاتێك چەند نیشانەیەكی دیاریكراو پەیدا دەبن، لەوانە بزاڤی كورد دژی حوكمی ئیســـلامی لە عێراق دەبێت و ئەویش دێت شـــەڕ لەگەڵ كوردا دەكات، چونكە لە ئایین هەڵگەڕاوەن، ئـــەو پیاوە بچووكە، جەلالەدین ئەلســـەغیرە، دێت ئەو مزگێنییە رادەگەیەنێت! ئەو راوبۆچوونی شێخەكانی ئایین دەخاتەوەڕوو كە لە ســـەردەمە تاریكەكانی پێشووی مێژووی عەرەبی و ئیسلامی باسیان كردبوو، كە نیازێكی چەپەڵی رەگەزپەرستانەیان پێوەدیار بوو لەنێوان(من)ی عەرەبی موسڵمان و خێرخوازو چاك و لەنێوان (هـــی دیكە)ی كوردی شـــەڕانگێز و لەئاییـــن هەڵگەڕاوە، بە بیانووی ئەوەی كورد كافرن!! وا دیارە لای من بە بێ هیچ پێچ وپەنایەك هەڵگەڕاوەی راستەقینە لەم بوارەدا ئەو كەسەیە كە ئەم جۆرە بیروڕا سواو خورافی و شێواوانە بڵاودەكاتـــەوە و كاردەكات بۆ نانەوەی ئاژاوە دژی میللەتی كورد و داكۆكـــی دەكات لەو سیاسەتە چەوتانەی كە سەرۆك وەزیرانی عێراق پەیڕەویان دەكات.**



کازم حەبیب
**تایبەت بۆ گوڵان نووسیویتی**

كاتێ كۆمەڵگەیەك لەدەوڵەتێكدا دەژی كە مانای رۆشـــنگەریی ئایینی وكۆمەڵایەتی نازانێت، كاتێكیـــش ئەوكۆمەڵگەیە مێگەل ئاسا بەرەو شـــەڕ دەبردرێن كە هیچ پێوەندی و بەرژەوەندییەكیـــان تێیدا نییە لە ســـایەی دیكتاتۆرییەتێكـــی ســـتەمكار كە چەندین ســـاڵە گەندەڵی لەســـەر ئەم خاكـــەدا بڵاو كردۆتەوە،كاتێكیـــش بیرو هزری دواكەوتوو و شێواوی شۆڤینی و ئایینیی (بنەچەخوازی) سەلەفی زاڵ دەبێت و كۆمەڵگە تەی دەكات، كۆمەڵگەش بەم هۆیەوەو چەندین هۆی دیكە لە قۆناغێكدا دەژی كە بریتییە لە پەرچەهزرو كۆمەڵایەتـــی و سیاســـی و رۆشـــنبیری مەترسیدار، ئا ئەو كاتە بنكەی گومڕایی لە وڵاتدا فراوان دەبێت و ئاستی خورافە توندتر دەبێت و ژمـــارەی خڵەفـــاو و جادووگەران زێدەتـــر دەبێـــت و رۆڵ و كاریگەرییان لەنێو كۆمەڵگەدا گەشـــەدەكات بەتایبەتیش لەنێو توێژی هەژارو ئەوانەی بێبەشـــن لە خوێندن و زانســـت و رۆشـــنبیری، ئەو كاتە زانست شوێنی خۆی جێدێڵێت بۆ ئەو كەسانەی كە پێوەندییان بەو ســـەردەمەوە پچڕاوە كە تێیدا دەژین، هەروەها بە شارستانیی و رۆشنبیریی ئەم ســـەردەمە، بۆیە لەو كاتەدا ئەو نەزان و نیمچە پیاوانە لە كونەكانی خۆیان وەك مشك ســـەردەردێنن و ئەو خورافەیەی كە ئەوانەی پێش خۆیان لە سەردەمە تاریكەكانی مێژووی عەرەب و موسڵمانان بۆیان سازكردبوون، دێن بـــە نێوخەڵكیدا بڵاوی دەكەنەوە و پاســـاوی بێ بەڵگە بـــۆ رێبازەكانی هزروسیاســـییان دێننـــەوە نائومێدانـــە دوژمنایەتیی خۆیان بەرامبەر نەتەوەكانی دیكە و شوێنهەڵگرانی ئایین وئایینزاكانی دیكە دەخەنەڕوو،ئەو كاڵا هەرزان و بێ نرخانـــەی ئەو تەڵەكەبازانە لە شێخانی ئایینی بێوەفا بەرامبەر ئایینەكانیان لەو بارودخە ســـەخت و قەیرانە ئاڵۆزانەو لەو ململانـــێ و گرفتە گەورانـــەی كە یەخەی تاكەكانی كۆمەڵگەی گرتووە، وەك هەژاری و كەمیی خزمەتگـــوزاری وبێكاری ..تاد، ئەوانە دێـــن گومڕایی بڵاودەكەنەوەو ئاگری فاشـــیزم بەردەدەنە یەكێتیی گەل و پێكهاتە نیشـــتمانییەكەی و دژی بیری رۆشنگەری وهێـــزە دیموكراســـیخوازەكان دەوەســـتن كە ئاڵای یەكێتیی نیشتمانی و یەكسانی نێوان هاووڵاتیانیان بەرزكردۆتەوە بێ رەچاوكردنی رەگەز و نەتەوەو ئایین و ئایینزا و ئایدیۆلۆژی و ئاراستەی سیاسیی هاووڵاتیان.

لە سەدەی بیســـتەمدا زۆر لەتەڵەكەباز و جادوگەرانی شێخانی ئایینی لە عێراق سەریان

هەڵدا، بەڵام لەپاڵ ئەوانیشدا كۆمەڵێك لە شێخانی بەوەفا بۆ ئایین و گەلەكانیان و ئاشتیخواز بۆ نەتەوەكانی دیكە پەیدابوون، بۆیە تا ئێستاش ناوەندی دیموكراسی بەرێزەوە باس لەو ناودارانە دەكات لەوانە سەید ئەبو ئەلحەسەن ئەلئەسفەهانی و محەمەد حسێن كاشف ئەلغەتا و شێخ عەبدولكەریم ئەلماشتەو شێخ محەمەد ئەلشبیبی، ئەو كۆمەڵە خێرخوازە لەپاڵ گەلەكەیاندا وەستان لە داكۆكیكردن لە كێشەرەواكانیان و ئایینیان بۆ ویستی فەرمانڕەوایانی ستەمكار نەخستەگەڕ و تێكەڵ بە سیاسەیتیان نەكرد بە قەدەر ئەوەی بۆ ڕێگەگرتن لە چەوساندنەوەی گەل یان بۆ هەڵگیرساندنی شەڕ دژی گەلی كورد، تا ئێستاش دەنگدانەوەی قەدەغەكردنی شەڕ دژی كورد هەر لەگوێی عێراقیەكاندا دەزرنگێتەوە كاتێ هەندێ شێخی ئایین خۆیان گێل كرد بەرامبەر ئەوشەڕەنەگریسەی هێزە نەتەوەخوازەكان دژی كورد هەڵیانگیرساند بوو،یان ئەوەی كە سەدام حوسێن دژی ئەو گەلە دۆستە بەرپای كرد، لە پێنجی تەمووزی ١٩٦٥ مەرجەعی باڵای ئایینی سەید موحسین ئەلحەكیم كوشتاری دژ بە كورد لە باكووری عێراق حەرام كرد، بۆیە دەبێ ئەو هەڵوێستە بەگرنگ بزانین چونكە ئەو كاتە زۆربەی سەربازانی سوپای عێراق لە شوێنكەوتووانی ئایینزای شیعە بوون، ئەوهەڵوێستە ئەو كاتە حكومەتی عێراق و سەركۆمار عەبدولسەلام عارفی شپرزەكرد،هەر ئەو فتوایەش بوو كە دواتر دكتۆر عەبدولرەحمان بەزازی هاندا بۆ ئەوەی بیر بكاتەوە لە چارەسەری ئاشتییانەی كێشەی كورد، كاتێ لە ئەیلوولی ساڵی ١٩٦٥دا سەرۆكایەتی وەزیرانی گرتەدەست دوای شكستهێنانی كودەتاكەی عارف عەبدولرەزاقی سەرۆك وەزیرانی ئەوكاتە، دواتر دووەم كابینەی وەزارەتەكەی لەنیسانی ساڵی ١٩٦٦ پێكهێنا،ئەوكاتەپرۆژەی چارەسەری ئاشتییانەی كێشەی كوردی خستەڕوو،بەڵام تێیدا سەرنەكەوت بەهۆی هەوڵی هێزە سەربازییە نەتەوەخوازانی شۆڤینی و بە هۆی لاوازیی ئەو پێشنیارەی پێشكەشی كرد كە تەنیا خۆ بەڕێوەبردنی دەگرتەوە. هەندێ لەشێخانی ئایین لە شوێنكەوتوانی هەردوو ئایینزای جەعفەری وسوننی حەنبەلی و حەنەفی پابەندبوون بە داكۆكی كردن لە ڕژێمە فەرمانڕەواكانی عێراق و لە سیاسەتەكانی ناوخۆو دەرەوەیان بە شێوەیەك زۆر دووركەوتبوونەوە لە میللەت و پێداویستی و بەرژەوەندییەكانی،ئەمەش كاریگەریی نێگەتیڤانەی هەبوو بۆ سەر ژیانی خەڵك بەتایبەتی بڕوادارانیان.

ئەمڕۆ شێخێكی ئایینی بە هەموو مانایەكی خورافیمان لێ پەیدا بووە كە هەرگیز شایستەی برایەتی و دۆستایەتی و خۆشەویستیی نێوان ڕۆڵەكانی نەتەوە جیاجیاكانی عێراق نییە،هەروەها دوورە لە خێرو خۆشی و ئاسایش و ئاشتیی نێوان گەلی عێراق، تەنانەت هەوڵ دەدات رق و كینەو دوژمنایەتی لەنێوان خەڵكدا بڵاوبكاتەوە بە بیانووی ئەوەی كە مەهدی مونتەزیر دەردەكەوێت كاتێك چەند نیشانەیەكی دیاریكراو پەیدا دەبن،لەوانە بزاڤی كورد دژی حوكمی ئیسلامی لە عێراق ودێت شەڕ لەگەڵ كورداندا دەكات چونكە لە ئایین هەڵگەڕاوەن، ئەو پیاوە بچووكە، جەلالەدین ئەلسەغیرە،دێت ئەو مزگێنییە رادەگەیەنێت!ئەو راوبۆچوونی شێخەكانی ئایین دەخاتەوەڕوو كە لە سەردەمە تاریكەكانی پێشووی مێژووی عەرەبی و ئیسلامی باسیان كردبوو، كە نیازێكی چەپەڵی رەگەزپەرستانەیان پێوەدیار بوو لەنێوان(من)ی عەرەبی موسڵمان وخێرخوازو چاك و لەنێوان (هی دیكە)ی كوردی شەڕانگێز و لەئایین هەڵگەڕاوە،بە بیانووی ئەوەی كورد كافرن!! وا دیارە لای من بە بێ هیچ پێچ وپەنایەك هەڵگەڕاوەی راستەقینە لەم بوارەدا ئەو كەسەیە كە ئەم جۆرە بیرورا سواو خورافی و شێواوانە بڵاودەكاتەوە و كاردەكات بۆ نانەوەی ئاژاوە دژی میللەتی كورد و داكۆكی دەكات لەو سیاسەتە چەوتانەی كە سەرۆك وەزیران پەیرەویان دەكات، كە گوزارشت لە هاوپەیمانیی نیشتمانی و ئەو بنەماڵە شیعەیە دەكات كە ئەو یەكێكە لەوان.

ئەو پیاوە بەو موحازەرە بێ بنەمایەی كە پڕی بوو لە هەڵەی زمانەوانی و بوختان ودرۆو دەلەسە،دیارە وتارخوێنی مزگەوتی (براثا)ی مێژوییە تەنیا هەڵەیەكی گەورەی نەكردووە،بەڵكو دەبێتە هۆكارێك بۆ شەڕێك كە لەئێستاوە ئامادەباشیی هزری و سیاسی و میللی عەرەبی بۆ سازدەكرێت بە بیانووی ئەوەی كە مەهدی مونتەزر كاتێ پەیدا دەبێت شەڕ لەگەڵ كورددا دەكات لە عێراق، چونكە لەئایین هەڵگەڕاونەتەوە! نەفرەت لەو پیاوەی كە توانای كۆنترۆڵكرنی عەقڵی خۆی نەماوە لەئاست چارەسەركردنی هێمنانەو دانایانەی كێشەكانی ئەم سەردەمە و پەنادەباتە بەر كلتووری نێگەتیڤانە تاكو پشتی پێ ببەستێت لە گەڵاڵەكردنی هۆكارەكانی پەیدابوونی مەهدی بۆ ئەوەی تەنیا دژی كوردان بجەنگێت، چونكە دژی

لە پێنجی تەمووزی ١٩٦٥ مەرجەعی باڵای ئایینی سەید موحسین ئەلحەكیم كوشتاری دژ بە كورد لە باكووری عێراق حەرام كرد. بۆیە دەبێ ئەو هەڵوێستە بەگرنگ بزانین چونكە ئەو كاتە زۆربەی سەربازانی سوپای عێراق لە شوێنكەوتووانی ئایینزای شیعە بوون

لە سەدەی بیستەمدا زۆر لەتەڵەكەباز و جادوگەرانی شێخانی ئایینی لە عێراق سەریان هەڵدا. بەڵام لەپاڵ ئەوانیشدا كۆمەڵێك لە شێخانی بەوەفا بۆ ئایین و گەلەكانیان و ئاشتیخواز بۆ نەتەوەكانی دیكە پەیدابوون. بۆیە تا ئێستاش ناوەندی دیموكراسی بەرێزەوە باس لەو ناودارانە دەكات لەوانە سەید ئەبو ئەلحەسەن ئەلئەسفەهانی و محەمەد حسێن كاشف ئەلغەتا و شێخ عەبدولكەریم ئەلماشتەو شێخ محەمەد ئەلشبیبی

دەوڵەتـــی ئیســـلامین، كەمەبەســـتیش پیادەكردنـــی سیاســـەتی ســـەرۆكی حكومەتەكەیەتی بەوەی كە پشـــتی براكەت بگرە ئەگەر ستەمكاربوو یان ستەملێكراو!

میللەتی كورد لە ئایین هەڵنەگەڕاوەتەوە، بەڵكو شـــان بەشـــانی عەرەب و میللەتانی دیكـــە لەعێراقـــدا خەباتی كـــردووە دژی دیكتاتۆریەتی ســـتەمكار ودژی شـــەڕ و تیـــرۆر و زەوتكردنی مافـــە نەتەوەییەكان و مافی رەوای مرۆڤ، بەڵكو فەرمانڕەوایانی عێراق ئەوان هەڵگەڕاوەو كافرن كاتێ خەڵك دەچەوسێننەوەو قەسابخانەی ئەنفالیان جێبەجێ كرد كە بەراســـتی تاوانـــی كۆمەڵكوژی و جینۆسایدی دژ بەمرۆڤایەتییان پەیڕەو كرد. لەئایین هەڵگەڕاوان ئەمرۆ ئەوانەن، كە ئاگری ململانێ خۆش دەكەن و زەمینە سازدەكەن بۆ شـــەڕێكی دژوار دژی گەلی كورد، ئەوانە ئاژاوەی رەگەزپەرســـتی دەنێنـــەوە لەڕێی فتواو ئیجتهادی ئایینی شێواو و نائومێدانە كەبەناوی خەڵكانی دیكـــەوە گوتراون بەڵام گومان لە درووستیان دەكرێت،چونكە ناچێتە عەقڵـــەوە كە ئیمـــام جەعفەر ئەلســـادق بۆ نموونە، كە دامەزرێنەری ئایینزای شـــیعەیە بەم شـــێوەیە باس لە كورد بـــكات، چونكە [redacted] خەڵكی دیكەو [redacted] وخراپی كەمیان وەكومیللەتانـــی دیكەیان تێدایە،هەروەك لای عەرەب و شێخانی ئاییندا هەیە.

ئەو قســـەیەی كە پێش نوێژ و وتارخوێنی مزگەوتی براسا جەلالەدین ئەلسەغیر كردی تەنیا گوزارشـــت لـــەوە دەكات كە تاوانێكی دەخرێتەپاڵ بە نانـــەوەی رق وكینە لە نێوان میللەتاندا.واتا وروژاندنی میللەتانی دیكەی موسڵمان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا،لەوانەش گەلی عەرەب لەعێراق دژی میللەتی كورد، دەستووری ئێســـتای عێراقیش ئەمە یاساغ دەكات و سزاشی دەدات،لە بڕگەی یەكەمی ماددەی حەوتەمی دەستووردا هاتووە:

یەكـــەم: رێگـــە بەهیچ قەوارەیـــەك یان رەوتێك نادرێت، رەگەزپەرستی یان تیرۆر یان تەكفیر یان پاكتاوی تایفـــی پیادەبكات،یان هانیـــان بدات یان رێگەیـــان بۆ خۆش بكات و رەواجیان بۆ بكات یان پاكانەیان بۆ بكات، بەتایبەتیش بەعسی ســـەددامی لەعێراق و دارودەستەكەی،جا لەژێر هەر ناوێك بێت،نابێت ئەوەش لە چوارچێوەی فرەیی سیاســـیدا بێت لەعێراق،تەنیا بەیاســـا رێكدەخرێت(دەستوری عێراق لە ساڵی ٢٠٠٥ دەرچووە).

لەم بڕگەیەدا ســـێ ســـەرپێچی سەرەكیی شێخی ئایین ئەلسەغیر دەردەخەین:

** رەواجكردن بۆ هزری رەگەزپەرســـتی لەنێوان مرۆڤدا لەســـەر بنچینەی رەگەز یان ئەتتنی یان نەتەوە.

** كورد بە هەڵگەڕانەوە لە ئایین تاوانبار دەكات واتا دەرچوون لە ئایینی ئیسلام كە بە كردنی بە كوفر تاوانباریان دەكات.

** بناغـــە دادەنێـــت بـــۆ بیرۆكەیەكی مەترســـیدار ئەویش ئەگەری هەڵگیرساندنی شـــەڕە دژی كورد هەتا بـــەر لە دەركەوتنی مەهدی مونتەزیر كە شـــەڕ لەگەڵ كورددا دەكات.

لەبەرامبەر ئەم حاڵەتە داوا لە سەندیكای پارێزەرانـــی عێراق و كوردســـتان دەكەم لەم وتارەی شـــێخی ئایین ئەلســـەغیر بكۆڵنەوە و شـــتێك گەلاڵـــە بكەن بـــۆ تۆماركردنی داوای دادگایـــی لە عێراق یان لە هەرێم یان لـــە دادگای نێودەوڵەتـــی تایبەت بە مافی مرۆڤ، تاكـــو دادگایی بكرێت لە بەرامبەر ئەو سێ پرسەی سەرەوە كە بریتییە لەنانەوەی كێشەوململانێ و بناغەداڕشتنی دووبەرەكیی چەكداری بە تایبەتیـــش دژی گەلی كورد لە عێراق.

لەســـەر گەلی كوردســـتان وخێرخوازانی عەرەب و سەرجەم نەتەوەكانی دیكە پێویستە كە بەتونـــدی نارەزایی دەربڕن بەرامبەر ئەو كەسایەتییە ئایینیە كە ئاژاوە دەنێتەوە دژی بەیەكەوەژیانـــی ئاشـــتیانە و تەبایی نێوان گەلانی عێراق.ئەلســـەغیر خـــەون دەبینێت بەڕیشـــەكێش كردنی كورد لـــە ناوچەكەدا، چونكە مونتـــەزر كاتێ پەیدا دەبێت هەموو كـــوردە لەئایین هەڵگـــەڕاوەكان دەكوژێت. سەدام حوســـێن و عەلی حەسەن مەجیدیش ئەوخەونە سادیانەیان دەبینی،بەڵام فڕێدرانە زبڵدانی مێـــژووەوە گەلی كوردیش هەر بە ســـەربەرزی مایەوە،هەمان چارەنووســـیش چاوەڕوانی ئەوانە دەكات كە خەون بە كوشتن و لەناوبردنی گەلی كورد یان هەر گەلێكی دیكـــە دەبینێت، بەڕاســـتی كارەســـاتێكی راســـتەقینەیە كە دەبینین پیاوێكی ئایینی رۆڵی ئایینی و سیاســـی لەعێراق دەبینێت و بەم خورافیەتە قسە دەكات، نموونەی ئەم پیاوە لەســـەدەی پێشووتردا دەژین وخەیاڵیان خاوە كـــە دەتوانن بـــە دەركەوتنی مەهدی مونتـــەزر میللەتێـــك لەبەین بـــەرن، كاتێ وێنەی مەهدی مونتەزر لـــە چوارچێوەی بیركردنەوەی نەخۆشی سادیانەو نێرجسیانەی خۆیاندا دەكێشن.

**جەلالەدین سەغیر بەو موحازەرە بێ بنەمایەی كە پڕی بوو لە هەڵەی زمانەوانی و بوختان ودرۆو دەلەسە، دیارە وتارخوێنی مزگەوتی(براثا)ی مێژوویی تەنیا هەڵەیەكی گەورەی نەكردووە،بەڵكو دەبێتە هۆكارێك بۆ شەڕێك كە لەئێستاوە ئامادەباشیی هزری و سیاسی و میللی عەرەبی بۆ سازدەكرێت بە بیانووی ئەوەی كە مەهدی مونتەزر كاتێ پەیدا دەبێت شەڕ لەگەڵ كورددا دەكات**



# شەڕی هەندێک..
# بۆ (شەریعەت) نییە، بۆ (عەشیرەت)ـە!



عەبدولڕەحمان سدیق
بۆ گوڵان نووسیوێتی

شـــەریعەت وەك قورئان و ســـوننەت و لە نێو کتێبەکاندا کۆمەڵێك دەقی بێ لایەن و گشـــتین، لەدوا جاریشدا ئەوە مرۆڤەکانن لەســـەر زەوی و لە نێو کێشـــەکاندا ئەو دەقانە وەدەنگ دێنن و رەنگی خۆیانی لەسەر دادەنێن!

سێ کوچکەی (مرۆڤ، ســـەردەم، شوێن) کاریگەریی تەواوی هەیە لەســـەر دەنگ و رەنگپێدانی شـــەریعەت و گۆڕینـــی بۆ (فیقـــە)، چونکە ئاســـتی رۆشـــنبیریی مرۆڤ و، ئاســـتی جیهانبینی و پەروەردەی کەسایەتی و کاریگەریی ژینگەی مرۆڤ و خوێندنەوەی بۆ ســـەردەم و پێداویســـتیەکانی ســـەردەم و، خوێندنەوەی بۆ شـــوێن و دۆزینەوەی کێشـــەکانی شـــوێن، هەموو ئەمانـــە دواجار مۆدیلێکی بینراو و بەرجەســـتەکراوی ئیســـلام پێشکەش دەکەن، نەك ئیسلام وەکو خۆی!

هەتا ئێرە و، لای ئەوانەی بەم پێشـــەکییە رازیی دەبن، کارەکە ئاسایی خۆی پیشان دەدات، بەڵام کاتێك مرۆڤێکی دی، یان کۆمەڵێك مرۆڤی دی، بەو مۆدێل و خوێندنەوەیە رازی نابن، دێن بەناوی گەڕانەوە بۆ ئیسلامیی راستەقینە، مۆدیلی پێشـــوو دەڕوخێنن و، ئەمانیش چونکە مرۆڤن بە خوێندنەوەی مرۆڤانەی خۆیان بۆ دەق و زەمان و شـــوێنی خۆیان مۆدیلێکی دی لە ئیسلام بەرجەستە دەکەن و، ناوی لێ دەنێن حوکمی شەریعەت و ئیسلامیی راستەقینە، لەبەر هیچ شـــتێك نا، تەنیا لەبەر ئەوەی (شەریعەت) دەکەوێتە دەستی (عەشـــیرەت)ی خۆیان، بۆیە زۆرێك لە شەڕەکانی نێوان هۆز و بنەماڵە و باڵە ئیسلامییەکانی جاران و ئێستاش بۆ (شەریعەت) نەبووە، بەڵکو بۆ (عەشیرەت)بووە.

لە یەك جوگرافیای وەك ئەفغانســـتاندا ئەوە شـــەڕی شەریعەت نەبوو بە تەنیا لە نێوان (تالێبان) و (هاوپەیمانیی باکوور)، بەڵکو ئەوە شـــەڕی نێوان عەشـــیرەتی (پشتۆن)ی تالێبـــان و (تاجیـــك)ی هاوپەیمانانی باکـــوور بوو بە دیوەکـــەی دیکەیدا، زۆرێك لە ئەوانـــەی دواتریش کە لەو پێناوەدا شـــەریعەتیان کرد بە دروشم، مەبەستیان گەیشتنی عەشیرەتیان بوو بەدەسەڵات لەرێی شەریعەتەوە.

ئـــەوەی ئەمرۆ لە نێوان زۆرێك لە شـــیعەو ســـوننەدا روودەدات لە عێراق و ســـعودیەو بەحرەین و سوریاو یەمەن و لوبنان و پاکســـتان،ئەوەش کە لەنێوان ســـوننەو سوننەی ســـۆماڵ دەگوزەرێت لەنێوان باڵی دادگاکانی ئیسلامیی و لاوانی ئیسلامییدا، ئەوانەی دوێنێ داوایان دەکرد شەریعەت جێ بەجێ بکرێت، پاش ئەوەی گەیشـــتن بە دەســـەڵات و بوون بەســـەرۆکی وڵات ئیدی بـــێ دەنگ بوون، ئەوانەی ئێستا لەسۆماڵ لە ئۆپۆزسیۆنن و نەگەیشتوون بەدەسەڵات داوا دەکەن شـــەریعەت جێ بەجێ بکەن، ئەمانە گەمەی سیاســـیەکانن لەژێر دەمامکی ئایینیدا دەیکەن بۆ ئەوەی بگەن بە دەســـەڵات، هەر لایەك پێیوایە ئەو کاتە شەریعەت جێبەجێ کراوە کە عەشیرەتەکەی ئەوان بگاتە دەسەڵات.

کێشەی هەرە گەورەی ئەم جۆرە رێکخراوانەش کەدەگەنە دەسەڵات، ئەوەیە کە ئایین بەشێوەیەکی ئاسۆیی و لەشکڵی دەرەوە زیاتر بایەخ پێـــدەدەن و، ئایین لای ئەوان ئەوەیە کە پانتایی و رووبەرێکی ئاسۆیی دەگرێت لەژیانی تاکەکان و لەکۆمەڵگەدا، بەڵام لەرووی ستوونی و لەرووی تێگەیشتن و وردبوونەوەو تێگەیشـــتنی ورد لەدەقی ئایینیدا زۆر لاواز کەم تفاقـــن، بۆیە دەتوانین بڵێین شـــێوازی دەرەکی ئایین و شـــتە رووکەشـــیەکانی ئاین و دەســـتگرتن بە شێواز و ســـروتە ئاینیەکان بەشێوەیکی ئاسۆیی لای ئەوان زیاترە لە تێگەیشتنی وردو قووڵ دەربارەی دەقە ئاینیەکان.

دەتوانـــم بڵێـــم تا رادەیەکـــی زۆر کـــە هۆکارێکی ئەم مەسەلەیە، ئەوەی کە ئایین بە شێوەی ئاسۆیی بڵاو بێتەوەو بەشـــێوەی قوڵ کاریگەریی نەبێت، یان کاریگەری بەسەر دەرەوەی مرۆڤدا هەبێت و کاریگەری بەسەر ناخیدا نەبێت، ئەمە کاریگەریی مەســـەلەیەکی سیاســـییە، کە عەرەب و نیشـــتمانی عەرەبی بە بەردەوامی لە شکســـتدا بوونە، ئەوەش کە پێی دەگوترا قوتابخانە فیکریەکانی نەتەوایەتیی عەرەبی و کۆمۆنیستی عەرەبی بەرگەیان نەگرتووەو خەڵك پەنای بردۆتە بەر ئیسلام، کەواتە ئیسلام لەجیهانی عەرەبی بە مۆدێلە سیاســـیەکەی هاتۆتە ئارا، مۆدێلی سیاسیش ئەوەندەی (دیعایە)یـــە ئەوەندە (دەعـــوە) نییە، ئەوەندەی رووکەشییە لەتێگەیشـــتن و رووبەڕووبوونەوەیە لەمەیداندا، ئەوەندە رۆچوون نییە بەناخی مرۆڤەکاندا، بۆیە دەبینین ئایین لە نیشـــتمانی عەرەبی کراوەتە هۆکارێك بۆ دروستکردنی کەف و کوڵ و حەماســـەت کـــردن بە بەری مرۆڤەکاندا بۆ رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ سیستەمە دیکتاتۆریەکانی وڵاتی خۆیانـــداو، هاوکاتیش بەرامبەر بە ئیســـرائیل، بۆیە ئایین مۆرکی شەڕو کوشتارو شەڕی کورسی و دەسەڵاتخوازیی و پاوانخوازیـــی وەرگرتـــووە لەجوگرافیاو مێژووی زۆرێك لەلایەنەکان و، هەر ئەوەشـــە کە وایکـــردووە زیاتر مۆرکی سیاســـی و رووکەشـــی ئایین زاڵ بێت، هەتا قووڵبوونەوەو عیرفانیەت و تەســـەوفی حەقیقی و دروســـتکردنی پردی پەیوەندیی راســـتگۆیانە لەنێوان تاکەکان و خوادا، کە تاك وکۆمەڵگـــەی ئەمڕۆمان پێویســـتییەکی یەکجار زۆریان پێیەتی.

بۆیە مرۆڤی ئەم ســـەردەمە پێویستە زۆر وریا بێت و، بە ئاســـانیی نەکەوێتە داوی ئەو شـــەڕ و پێکدادانە زۆرانەی هەر رۆژە و لەژێر ناوی جوانی جیاجیادا دەکرێن و، زۆریش پێویستە مرۆڤ نەبێتە سووتەمەنی ئەو بیرو بۆچوونانەی کـــە دۆزەخێکی گەورە بەناوی (شـــەریعەت)ـەوە بۆ خەڵك بەرهەم دەهێنن و، بەهەشـــتێکی بچووکیش بۆ (عەشیرەت)ی خۆیان.

سەردەم گۆڕاوەو
شوێنیش دەگۆڕێت،
کەسەکانیش گۆڕاون،
بۆیە لەبەر رۆشنایی
ئەم حاڵەتەدا،
ئیسلام دەتوانێت
بەبەردەوامی
لەڕووی تێگەیشتنی
نوێی ئێمەوە
خۆی نوێ بکاتەوە

نووسەر و ئەدیبی گەورەی میسری جەمال غێتانی بۆ گوڵان:

# میسر لە ساتەوەختێکی مێژوویی دژواردایە

## ئیخوان موسلمین فەرمانڕەوایی لە وڵاتێکدا دەکەن ئیعتراف بە مێژوو یان سنوورەکەی نیشتمانی خۆیان ناکەن

## لە ئێستاوە قیبتیەکان میسر بەجێ دەهێڵن و کۆڕەو دەکەن بەرەو ئەمەریکا و کەنەدا



ئەسما حوسێنی ئەم دیمانە تایبەتەی ئەنجام داوە


**جەمال غێتانی ئەدیب و نووسەری گەورەی میسریی و خاوەنی چەندین پرۆژە ڕۆمانی بەناوبانگە، کەلەپووری میسری ئیلهام بەخش بووە بۆ دارشتنەوەی بەسەرهات و ڕووداوەکانی ناو ڕۆمانەکانی، بەهۆی کەلەپوورێکی لۆکاڵەوە جیهانێکی بەرینی ڕۆماننووسی سەیرو سەمەرەی خوڵقاندووە، زۆر تێکست و دەقی لەبیرکراوی عارەبی زیندوو کردۆتەوەو بە ڕوانینی هاوچەرخانەوە سەرلەنوێ ئەدەبی دێرینەی میسری لە ژێر پزیشکی خۆڵەمێشدا داگیرساندۆتەوە..**

**غێتانی لە شاری صەعیدی میسری لەدایك بووەو ژیانی منالێتی و گەنجایەتی لە گەڕەکە میللیەکانی قاهیرەدا بردۆتەسەر، لە ڕۆژنامەی (اخبارالیوم) وەك پەیامنێرێکی ناو بەرەکانی جەنگ و وەك ڕۆژنامەنووسێکی کارا هەڵسوڕاوە، دواتر ڕۆژنامەیەکی بۆ هەواڵە ئەدەبیەکان دامەزراندووە، چەندین خەڵاتی لەسەر ئاستی جیهانی و میسریی بە دەست هێناوە زۆربەی بەرهەمەکانی تەرجەمەی زمانە زیندووە جیهانیەکان کراونەتەوە..**

**لە بەناوبانگترین بەرهەمەکانی بریتین لە(زێنی بەرەکات/کاغەزەکانی گەنجێك بەرلە هەزار ساڵ لەمەوبەر/ پاسەوانی دەروازەی خۆرهەڵات/ شاردراوەکانی ناو هەرەمەکان/ داخوازینامە بەرەو کەلەپووری عارەبی/ سەرەتای گەشتەکان/ تەجەلابوونەکان/ لێرەواری دووری شار/ هەقایەتەکانی ناو دەزگا/ ڕووداوەکانی گەڕەکی زەعفەران/ سەفەرەکانی گیرۆدەیی...تاد)**

**لەم دیمانەیەی غێتانی دا کە بۆ گۆڤاری گوڵان قسەی کردووە، جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی کە ئەو گۆڕانکاری و هەمووارکردنانەی ئەم دواییانەی بەسەر سەرنووسەرەکانی ڕۆژنامەکاندا هێنراون نابەجێن و ئەم بە توندی ڕەتیان دەکاتەوەو بە پێشێلکردنێکی ڕاستەوخۆی دەزانێت لەسەر ئازادیی ڕۆژنامەگەریی میسری. ئەوەشی ڕوونکردۆتەوە کە ویست و ئارەزووی گرووپێکی دیاریکراو لە میسر خۆی زاڵ و فەرز کردووە و لە هەوڵدان تا کۆمەڵگەی مۆزائیکیانەی میسری قووت بدەن، کە ڕاستەوخۆ مەبەستی لە گرووپی ئیخوانەکانە، غێتانی جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی ئازادی بیرو ڕادەربڕین کەوتۆتە بەر تیغی هەڕەشەی ئەو گرووپەوە، داهێنەرانیش دواجار دوو ڕێگەیان لە پێشە، یان سەرهەڵگرتن و دەرچوون لە وڵات، یان ڕووبەڕووبوونەوەیەکی توند..**

**ئەمەی خوارەوە دەقی دیمانەکەی بەڕێزیانە:**



**گوڵان:** بۆچی لە گەیشتنی ئیخوانەکان بە لوتکەی هەرەمی دەسەڵات لە میسر، ئەم هەموو ترسەت هەیە؟

**جەمال غێتانی:** ئێمە لە ساتەوەختێکی ناوازەو هەستەوەردا دەژین، کە پێویستی بە بەرزترین ئاستی ڕاشکاوەیی ڕەقانە و بەزەبرە، بە گەیشتنی گرووپی ئیخوان و بە فەرمانڕەوایەتی کردنی وڵاتەکە لە لایەن ئەم گرووپەوە، میسر لە مەترسیدایە، چونکە سەرکردەکانی ئەم گرووپە بڕوایان بە هیچ شتێکی ئەم وڵاتە نییە، نە مێژووەکەی، نە سنوورەکەی، نە تایبەتمەندیەکانی دیکەی، بەواتای فەرمانڕەوایەتیی وڵاتێك دەکەن کە هیچ ئیعتیرافی پێ ناکەن، بۆیە ئێمە لەبەردەم ساتەوەختێکی جیاوازداین، کە ڕێچکەی بەستووەو بۆ جێهێشتنی نیشتمان ڕاماندەکێشێت.

دڵنیام لەوەی لە ماوەیەکی کورتدا میسرییەکان ئەم کارەساتە درك پێ دەکەن کارەساتێك کە بەهۆی هەڵبژاردنی بە هەڵەی هەندێکیانەوە، لە یەکەمین هەڵبژاردنی ئازادانەداو بۆ دیاریکردنی سەرۆکێك تێی کەوتوون، کە بێ پێشینەیە لە مێژووی هاوچەرخدا.


**گوڵان:** بەڵام ئیدی ئەمەیە دیموکراتیەت و هەڵبژاردەی گەل؟

**جەمال غێتانی:** لە ڕێڕەوی مرۆڤایەتیدا میسرییەکان شۆڕشێکی مەزنیان بەرپاکردووە، ئێمە چاوەڕێی دۆخەکەمان دەکرد تا بەرەو باشتر بچێت، بەڵام ڕووداوەکان بە شێوەیەك کەوتنەوە کە کەشتییەکان بەرەو ئەو ئاڕاستەیەی ئامانجیان بوو وەرنەسوڕان، یەکەمین دەرئەنجامی بنەڕەتی شۆڕشەکە وا کەوتەوە گەیشتنی یەکەمین سەرۆکی میسر بێت بە دەسەڵات، سەرۆکەکە لە گرووپی ئیخوان دەرچوو، دواتر هەوڵدانی ئەم سەرۆکە هەڵبژێردراوە بۆ دامەزراندنی پرۆژەیەکی دەوڵەتمەداری ئایینی، بە واتای پرۆژەی دەوڵەتی هاوچەرخ کە محەمەد عەلی لە مێژوودا دایمەزراندبوو شکستی خوارد، ئەگەرچی ئەو پرۆژەیەی دەوڵەتی هاوچەرخ بە درێژایی مێژوو هەستان و داکشانێکی زۆری بە خۆیەوە بینیوە، بەڵام تا ئاستێك کرۆکەکەی لە ناو دەستوورەکانی میسردا ڕەنگی دابۆوە، هەر لە سەرەتای نووسینەوەی دەستووری ساڵی ١٩٢٣ کە گوزارشتی لە شۆڕشی ساڵی ١٩١٩ دەکرد تا دوایی.

ئەو ڕووداوانەی پێشین ماوەیەکی زۆر وای کرد ڕاپەڕینێکی ڕۆحی لە هەموو بوارەکانی میسردا بەرجەستە بکاتەوە تا گەیشتین بە شۆڕشەکەی ینایر کە بە تواناو ئازایەتیی کۆمەڵێك گەنجەوە کارێکی ڕێکخراوەییان بردبەڕێوە، بە وەبەرهێنانی هۆیەکانی گواستنەوەی هاوچەرخەوە توانییان تەقینەوە گەورەکەی گەلی میسر ئەنجام بدەن و هەموو گەلیان لە یەکەیەکی ئۆرگانیدا یەکخست، لە ٢٥ی ینایرەوە تا ١١ی فبرایەر بەردەوام بوون لەسەر هەوڵەکانیان تا دواتر چەتەکانی شۆڕش بە فروفێڵ و کاری ڕێکخراوەیی خۆیانەوە بۆ دزینی شۆڕشەکە بەدەرکەوتن، چونکە ئەوانە نزیکەی ٨٠ ساڵە هیچیان بە هیچ نەکردبوو، هەر لە هەوڵدان و هەڵگری پرۆژەیەکی پێشوەختەدا بوون بۆ گۆڕینی دەوڵەت و شوناسی میسرو میسرییەکان و تا ئەم دەرفەتە زێڕینەیان قۆستەوەو ئەم سەرۆکەیان لە لایەن هەندێك لە میسرییەکانەوە هەڵبژارد تا وەك ماسکێك بۆ ئیخوانەکان بیهێننە سەر تەخت و پرۆژەی تا سەر مانەوەی خۆیانی پێ بە ڕەوایەتی بکەن و دەوڵەتێکی ئاینی پێ دامەزرێنن، کەواتە ئێمە لەبەردەم سنوورێکی نادیاردا وەستاوین، بە دڵنیاییەوە ئەم میسرەی کە مرۆڤایەتی ناسیویەتی، بەم چەشنەی ئێستای بەدەست هێزێکی داگیرکاری ناوخۆوەیەو هەڕەشەی نەمانی لەسەرە، مێژووش پێمان دەڵێت ناهەموارترین جۆرەکانی داگیرکاری لە ناوخۆوە دروست دەبن.


**گوڵان:** مەبەستت لەم بۆچوونە چییە، گەر زیاتر ڕوونی بکەیتەوە؟

**جەمال غێتانی:** ئەو سەرۆکەی ئینتیمای هەیە بۆ ئیخوانەکان، بە دیموکراتیانە هەڵنەبژێردراوە تا بە دیموکراتیانە حوکم بەجێبهێڵێت، بە بەڵگەوەش











وەك ئەزموونەكەی حەماســـە لە غەزە، چونكە حەمـــاس لقێكی ئیخوانەكانـــە، هەندێك جار لق كاریگەری بۆ سەنتەر هەیە، بە تایبەتی ئەگەر ئەزمـــوون و زانیارییەكـــی وای پیادەكردبێت كە سەنتەرو سەرچاوە پێشتر پێی نەزانیبێت، ئیخوان دەســـەڵاتیان بەكارناهێنن تا ئەنجومەنی شووراو پەرلەمـــان نەخەنە بن دەســـتی خۆیانەوە، ئەوانە قوتابیانی دەســـەڵات قۆرخكردنـــن، ئامانجیان كۆنترۆڵكردنی پێشەنگترین دەوڵەتی جیهانە كە دەوڵەتی میســـرە، ئاسانە لابردنی هەر سەرۆك و پاشـــایەكی دیكەی جگە لەمان، بەنموونە سوپا پشتی كردە موبارەك و ئەویش نەیتوانی بەرگری لە خـــۆی بكات و لاچوو، بەڵام ئەم ســـەرۆكە وابەستەبووەی ســـەر بە ئیخوانەكان بە درێژایی هەڵمەتـــی خۆپاڵاوتـــن و خۆهەڵبژاردنـــی ئەو دەســـتەواژەیەی دوپات دەكردەوە(( ئێمە سەر بە یەزدانی مەزنین)) باشـــە چۆن دەكرێت كەسێك لابدەین كە ڕاســـپێردراوی یەزدان بێت، نرخی ئەم لابردنـــەی ئەم ســـەرۆكە زۆر وێرانكەرتر دەبێت لەوەی پێشوو، لە ماوەی ئەو مانگانەی پێشوودا لـــە ناو پەرلەمـــان و ئەنجومەنـــی ڕاوێژكاریدا كۆمەڵێك خەم و نیگەرانی شـــكڵییانەی تایبەت بە ئیخوانمان چـــاو پێكەوت كە هیچ پێوەندییان بە خەمی گەلـــەوە نەبوو، تا ئێســـتا گفتوگۆ لەســـەر گرفتەكانی ئابووری و بێكاری و بابەتە زیندووەكانـــی پێوەندار بە ئاسایشـــی نەتەوەیی و نیشـــتمانی لـــە نـــاو پەرلەمان نەكـــراون، بە تایبەت ئەوانەی پێوەندییـــان بە ڕووباری نیل و ســـنوورەكانی خۆرئاواو باشووری وڵاتەوە هەیە، ئەو شكڵیات و دیاردانەی ئێستا لەسەری دەدوێن لاوەكین تەنانەت لە ناو ئاینیشدا خەمی بنەڕەتی نیـــن، وەك بانگدان بۆ نوێژ لە ناو پەرلەمان، ئەو كاروبارانەشی كە جدی بوونیان لەسەرەو خراونەتە ڕوو، هەر هەموویان پێوەندیدارن بە كۆنترۆڵكردنی دەوڵەتەوە، وەك یاسای یەكخستنی دادگاكان كە بە كردارەكی دەبێتە هۆی نەهێشـــتنی دادگای دەســـتووری و كارگێڕی و ئەنجومەنی دەوڵەت، چونكـــە هەمەجۆرێتی دادوەری میســـری وای كردبـــوو بتوانرێـــت بـــە ڕووی دیكتاتۆرییەتدا ڕاوەســـتین، لە زۆر هەڵوێســـت و لە زۆر كاتی جیاوازدا خەڵكی لە دژی ســـتەم دەوەســـتانەوە، هەروەهـــا هەوڵـــدان بۆ ئیلغابوونـــەوەی ئەزهەر وەك مەرجەعیەتێكـــی بنەڕەتـــی ئایینـــی تا مەرجەعیەتی ڕابـــەر بكرێتە مەرجەعیەتی ئەو شـــێخەی بەســـەردوندی بەرزتریـــن كۆڕبەندی ئایینی جیهانییەوە دادەنرێت.


لە ئێستاوە هەموانم ئاگادار كردۆتەوە لە ئامانجی ســـەرەكی ئەم سەرۆكە ئیخوانییە؛ كە گرنگترین ئامانجـــی قۆرخكردنی ئەزهـــەرە، ئەمەش بە شێوەی گشتی لە چوارچێوەی سیاسەتێكی دژ بە ڕۆشنبیری ئەنجام دەدات، چونكە ئیخوانەكان بە هەڵوێســـتی دوژمنكارانەوە لە شارستانییەتی دێرینـــی میســـری دەڕوانن و پێیـــان وایە ئەوە


**ئیخوانەكان ئەم دەرفەتە زێڕینەیان قۆستەوەو ئەم سەرۆكەیان لە لایەن هەندێك لە میسرییەكانەوە هەڵبژارد. تا وەك ماسكێك بۆ خۆیان بیهێننە سەر تەخت و پرۆژەی تا سەر مانەوەی خۆیانی پێ بە ڕەوایەتی بكەن و دەوڵەتێكی ئاینی پێ دامەزرێنن**

**لە ناو پەرلەمان و ئەنجومەنی ڕاوێژكاریدا كۆمەڵێك خەم و نیگەرانی شكڵییانەی تایبەت بە ئیخوانمان چاو پێكەوت كە هیچ پێوەندییان بە خەمی گەلەوە نەبوو. تا ئێستا گفتوگۆ لەسەر گرفتەكانی ئابووری و بێكاری نەكراون**

**هەوڵدان هەیە بۆ ئیلغاكردنەوەی ئەزهەر وەك مەرجەعیەتێكی سەرەكیی ئایینی تا لە بری ئەو مەرجەعیەتی ڕابەر بێتە شوێنی؛ واتا شێخێك بەسەردوندی بەرزترین كۆڕبەندی ئایینی جیهانییەوە دابنرێت**




شارستانیەتێکی گومڕای بێ باوەڕیی بووە، بۆیە لەوانەیە هەڵمەتێکی ڕێکخراویان لە بەرنامەدا بێت بۆ تێکدان و ڕووخانی ئەو شارستانیەتە دێرینەی مرۆڤایەتی، ئەگەر بە ئاشکرایی نەیکەن ئەوە لە ڕێی ئەو توندڕەوانەوە ئەنجامی دەدەن کە ئەگەری ئەوەیان هەیە و گومانی ئەوەشـــیان لەســـەرە بە ئەنقەســـت لە ئیخوانەکان جیاببنەوە، وەك چۆن هاوشـــێوەی ئەم ڕەوتە برەوی هەیە لە یەمەن و سۆماڵ، ئەمانیش لە پاش ئەوەی دەوڵەتی میسر لاواز دەکەن ئیتر لیســـتی قەدەغەکراوەکان دێننە پێشـــەوەو سانسۆر دەخەنە ســـەر بەرهەم و بابەتە ئەدەبـــی و هونەرییەکان، چ بەرهەمە لۆکاڵیەکان یان بیانیەکان، بۆیە ئەگەری ئەوە هەیە میســـر دوا هێـــزی نەرمی خۆی بزر بکات، ئەو هێزەی بـــە درێژایی زەمـــەن کەلتوورێکـــی مرۆڤانەی کەڵکە کردووە پێشەنگایەتیی خۆی نەدۆڕاندووە بێ ئەوەی پشـــت بەســـتوو بوبێت بە ئابووریی نەتەوەیی یان هێزی چەکداریی توندوتۆڵەوە، ئەم ڕۆڵی پێشەنگایەتییە لە قووڵایی هەزاران ساڵی پێشووەو سەرچاوەی گرتووە، ئاشکرایە کە میسر لە بەرەبەیانی مێـــژووەوە مەزنترین دۆزەرەوەکانی پێشـــکەش بە مرۆڤایەتی کردووە، بە ڕێکەوتیش نەبووە بەڵکـــو بەهۆی روانینـــی دوورودرێژی نەوەکانیەوە پەیدا بوون، لە پێگەیەکدا کە هەڵاتن و ئاوا بوونی خۆر و شـــوێنگەی ئەســـتێرەکان و لرفەو شەپۆلی ڕووبارەکەی و جۆگەکانی بە پێی کاتێکی ڕێك و دروســـت و زانـــراو دەجووڵێتەوە، دووەمین فاکتەریش دۆزینەوەی نووسین بووە، میسر بەرلە سۆمەرییەکان و بابلیەکانی عیراقی کۆن، دەســـت و پەنجەی بە نووسین گەیشتووە، هەموو دۆزراوە زانســـتییەکانی ساڵانی دوایی ئەمەیان ســـەلماندووە، یان شوێنەوارە دێرینەکانی کە سێ بەشی شـــوێنەواری دێرینی مرۆڤایەتیی جیهان لە میسردایە، ئێستا کەوتۆتە ناو چارەنووسێکی نادیارەوەو لە بن دەستی دەوڵەتێکدایە کە هەبوونی پەیکەر بـــە حەرام دەزانێت و وێنەگرتنیش دژ بە باوەڕ دادەنێت.

**گوڵان:** کەواتە تۆ لە نەهێشـــتنی ئازادی فکرو داهێنان و دەربڕین دەترسێیت؟

**جەمال غێتانی:** لە ژێر سایەی دەوڵەتێکی ئایینی لەم چەشنەدا، ئازادی داهێنان چ ئەدەبی بێت یان هونەری بوونی نامێنێت، هەلومەرج و بەربەستی پێشوەختە دیاری دەکرێت بۆ نەهێشتنی داهێنان، دوو ڕێگە دەخەنە بەردەم داهێنەران کە سێیەمی بۆ نییە، یان ڕاکردن بـــەرەو تاراوگە یان مانەوە و بەرگەگرتن بۆ چارەنووســـێك کە ئازاربەخشە، ســـەبارەت بە خـــۆم تەمەنم هێندەی بـــە بەرەوە نەمـــاوە، لە هەرەتی لاویدا تووشـــی بارودۆخی ســـەخت و ناهەمواری زۆر بوومەتەوە، بەرگەی زیندانەکان و ئەشـــکەنجەدان و دەرکردن لەســـەر وەزیفـــەو کار بوومەتەوە، لە بەرانبەریشـــدا دانی زۆریـــان بۆ ڕۆدەکردین، هەندێك کەس ســـەری شۆڕکردو هەندێکیشمان کەشتی خەباتمان

**سوپای میسر تەنیا سوپایەکی عەرەبییە کە تا ئێستا بە تۆکمەیی و بە هێزی و یەکگرتوویی ماییتەوە. ئێستا ئیخوان بە بنکۆڵ کردنیەوە خەریکین. ئەویش لە ناوخۆی دەزگاکەوە دەکرێنن**

**ئیخوانەکان بە هەڵوێستی دوژمنکارانەوە لە شارستانیەتیی دێرینەی میسری دەڕوانن و پێیان وایە ئەوە شارستانییەتێکی گومڕای بێ باوەڕیی بووە. بۆیە لەوانەیە هەڵمەتێکی ڕێکخراویان لە بەرنامەدا بێت بۆ تێکدان و ڕووخانی ئەو شارستانییەتە دێرینەی مرۆڤایەتی**

**شوێنەوارە دێرینەکانی میسر کە سێ بەشی شوێنەواری دێرینەی مرۆڤایەتی جیهانە. ئێستا کەوتۆتە ناو چارەنووسێکی نادیارو لە بن دەستی دەوڵەتێکدایە کە هەبوونی پەیکەر بە حەرام دەزانێت و وێنەگرتنیش دژ بە باوەڕ دادەنێت**

جێنەهێشت و لێی دانەبەزین، گەلێك ئەستەمە بۆ کەسێکی وەك من ئەو نیشتمانەی بە دڵ و گیانەوە تەمەنی خۆمانمان بۆ تەرخان کرد لە پێناوی سەروەربوونی مرۆڤایەتی خەڵکەکەی و زەرە بە زەرەی خاکەکەیدا ئێستا بەم شێوە دراماتیکیە بە بەرچاومانەوە دادەڕوخێت، ئەو دامودەزگاو شوێنە شارستانیانەی بە درێژایی هەزاران ساڵ بونیاد نراوە ئێستا بە دەست کەسانێکەوە هەلا هەلا دەکرێت کە هیچ بەهایەك بۆ نیشتمان دانانێن و بڕوایان پێی نییە، بە ڕاستی ئێمە وەچەیەکی نەگبەت و داماوو بێ بەختین، لە پاش ئەو هەموو سەرکێشی و زەحمەت کێشانەمان بۆ شکۆی ئەم وڵاتە، کۆتایی بەرهەم و شتەکان، بەم شێوە دراماتیکیە دەبینین.

**گوڵان:** ڕەنگە هەندێك کەس بەم دیمەنە تاریکەی لێی دەدوێیت بڵێن زێدەڕۆییانە وەسف دەکەیت، یان پێت بڵێن ئیخوان موسلمین بەو شێوەیە نییە کە تۆ لێی دەدوێیت، بەڵکو ڕەوتێکی میانڕەوی ئیسلامگەران؟

**جەمال غیتانی:** زێدەڕۆیی نییە کاتێ دەڵێم ماڵئاوا بۆ ئەو میسرەی کە ناسیومانە، لەم کاتەدا کە دوای نادیار کەوتوین، بە تەنیشت سەرۆکێکی جڵەوکراوەوە هەنگاو دەنێین، ئەمە شتێکی تازەیە لە مێژووی فەرمانڕەوایی میسریدا، فەرمانڕەوا لە میسر بە لووتکەی قوچەکەوە بووەو هەیبەتی شکۆی هەبووە، یەکەمین جارە میسر سەرۆکێك حوکمی دەکات کە دوو سەرکردەی دیکەی بەسەرەوەیە، یەکەمیان ڕاستەقینەیەو هێزی ماددی بەدەستە، دووەمیان ڕۆحییەو لە پشتەوە ئاڕاستەدەکرێت و سەرپەرشتی دەکەن، کەواتە چۆن کارەکان بە دروستی بچنە پێشەوە، ئەمە شتێکی داهێنراوی نوێیە، لە سیماکانی دەوڵەتێك کە بە ماسکی ئاینەوە بیەوێت فەرمانڕەوایی بکات ئاکامەکەی لەبەرچاوە چی دەبێت، چ گەندەڵبوونێکی زیاتر لەوەی پێشوو دروست دەبێت، نموونەی ئەو شێخە سەلەفیەو کیژە هەژارەکە لە بەرچاوە، تەنانەت قیبتیەکان لە چاوەڕێی دۆخێکی زەحمەت و قورسدان، هەربۆیە پرۆسەی کۆڕەوی قیبتیەکان ئێستا دەستی پێکردووە بە تایبەت کۆڕەوکردنیان بۆ کەنەداو ئەمەریکا، بە تەواوی ئەم بارە ئاڵۆزە ڕەت دەکەمەوە کە وا لە هاووڵاتی میسری دەکات ببنە پلە دوو لە ژێر سایەی دەوڵەتی ئایینیدا، ئەو دەوڵەتە هاوچەرخەی کە ئێستا بە ڕێی دەکەین لە ناهەموارترین بارودۆخەکانیشدا هەر بە چاوی یەکسان لە هەمووانی دەڕوانی.

**گوڵان:** بۆچی ئیخوان تۆمەتباردەکەیت بەوەی سوپاو دەزگا ئەمنیەکانیان لە میسر کردبێتە ئامانجی خۆیان؟ بەرژەوەندییان لەمەدا چییە؟

**جەمال غیتانی:** ئەوەی لە کارو چالاکی ئەم چەند مانگەی دوایی ئیخوان بڕوانێت ئەوە دەبینێتەوە کە بە دیاریکراوی ئاڕاستە کرابوون بۆ دوو دەزگای سەرەکی ناو پێکهاتەی دەوڵەت، یەکەمیان ناوخۆ کە قین لەدڵن بۆی، چونکە بەو لایەنەی دەزانن کە لە سەرەتای دامەزراندنیانەوە بە دەستی حەسەن بەنا لە ساڵی ١٩٢٨وە ئەم دەزگا ئەمنیە تایبەتمەند بووە بە ئیخوانەکان، بۆیە لە بارودۆخێکی تەمومژاویدا توانرا ئەمنی دەوڵەت وێران بکرێت، ئەمەش کارێکی مەترسیدارە لە کارە نەرێنیەکانی ناو ڕووداوەکاندا، باجەکەی بە قورسی دەدەینەوە، کەسیش نازانێت کێ لە پشتەوەی ئەم کارەوە بووە، چونکە هەر دەزگایەك لە ڕێی ڕاست لا بدات پێویستی بەوەیە ڕاست بکرێتەوە، بەڵام وێرانکردنی سەرتاپای دەزگاکە بە واتەی خۆکوژییە بۆ دەوڵەت، ئیخوان هەوڵی زۆری خۆیان کۆکردۆتەوە بۆ ئەوەی دەزگای ناوخۆ بندەستی خۆیان بخەن ئەگەر بە وردی لە تێبینی و بڕیارەکانی ڕابەرو سەرۆکە تازەکەیان بڕوانین ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، دووەمین دەزگایەکی دەوڵەتی کە ئیخوان لە هەوڵدان

**هەر دەزگایەك لە ڕێی ڕاست لا بدات پێویستی بەوەیە ڕاست بکرێتەوە. بەڵام وێرانکردنی سەرتاپای دەزگاکە بە واتای بۆ دەوڵەت خۆکوژییە**

ناسنامەکەی بگۆڕن، دەزگای سوپایە، سوپا هیوای ڕاستەقینەیە بۆ پاراستنی دەوڵەتی میسریی، ئەو دەوڵەتەی محەمەد عەلی دایمەزراند، ئەوەی لە دەوڵەتی هاوچەرخ مابێتەوە تەنیا ئەم دەزگایەیە، چونکە سوپای میسر تەنیا سوپایەکی عەرەبییە کە تا ئێستا بە تۆکمەیی و بە هێزی و یەکگرتوویی مابێتەوە، ئێستا ئیخوان بە بنکۆڵ کردنیەوە خەریکن، ئەویش لە ناوخۆی دەزگاکەوە دەیکرێنن.

**گوڵان:** ئایا لۆژیك و دادخوازی وا ناخوازێت دەرفەتێك بەم سەرۆکە تازەیە بدرێت بەر لەوەی بخرێتە بەر هەڵسەنگاندنی پێشوەختەوە؟

**جەمال غیتانی:** هەر کەسێك بە دواداچوون بۆ هەنگاوە خێراکانی ئیخوانەکان بکات کە چۆن بە پەلە پەل لە هەوڵی قووتدانی دامودەزگا دەوڵەتیەکەدان هەروەها ئەگەر دیقەتت دابێت لە وتەکان و کردارەکانی ئەم سەرۆکەی ئێستا لە ساتەوەختەکانی خۆهەڵبژاردنیدا، بە سانایی و بە ڕوونی ئاماژەکانت پێ شیدەکرێنەوە، کە چۆن ئەم نیشتمانە کەوتۆتە بەر هەڕەشەی لەناوچوون و وا ئێستا خۆری نیشتمان بەرەو ئاوا بوونە.

**گوڵان:** ئەو ڕۆژەی کە ناوی سەرنووسەری ڕۆژنامەکان لە لایەن ئەنجومەنی شووراوە ڕاگەیەنران، تۆ ئەو ڕۆژەت بە ڕۆژی ڕەش ناودێر کردو وتت ئەمە کوشتارگەیە بۆ ڕۆژنامەگەری میسری؟

**جەمال غیتانی:** بەڵێ ئەوە ڕەشترین ڕۆژە لە مێژووی ئازادیی گشتی و ڕۆژنامەگەری میسری بە تایبەتی، لەو ڕۆژەوە دەسەڵاتی ئیخوان وەدیدێت و بە ڕێکخراوەیی ستەمکاریی دەست پێدەکات، دواتر شالاوی ئەم دەستێوەردانە ستەمکارانەیە هاوشێوەی دەبێت و هەمووان دەگرێتەوە، بێگومان لیژنەکە ناوی سەرنووسەرە لایەنگرو هەوادارەکانی داگیرکارانی ئیخوانی ڕادەگەیەنێت، لە پاش ئەوەی ڕەوشەندارترین ناوەکانی کە لە دوای شۆڕشی ینایری دزراوەوە بوو بوونە سەرنووسەر لادران، لەم ڕۆژەوە ئیدی دێرینترین و پێشەنگترین نیشتمان لە مێژووی مرۆڤایەتیدا دەدرێتە دەست توندترین هێز لە دواکەوتوویی و دۆگماییەتدا، سەرسەخترین دوژمنی مرۆڤایەتی و ئازادی جڵەو دەگرێتەدەست، بە چەند هەنگاوێکی ناماقووڵەوە ئەم لایەنە پیشەگەرییەیان خستە ناو هەژموونەکانی خۆیانەوە، لیژنەکە پاش ئەوەی وەك مامۆستایەك کەوتە نمرە دانان بۆ قوتابیەکان و ئەو قوتابیانەیان نمرەی ساختەیان بۆ نووسین و کەمیان پێ دان کە بیروبۆچونی جوایەزی سیاسییان هەبوو، بەو شێوەیە سەرکەوتووترین سەرنووسەرانی ئەو ڕۆژنامانەیان بە بڕیاری شەلم کوێرم ناپارێزم خستنە لاوە، پێشتر ئەگەر دەزگایەکی ئەمنی لەبەرامبەر ڕۆژنامەیەك کارێکی ستەمکاری وەهای ئەنجام بدایە لە چوارچێوەی دەزگا یاساییەکاندا دەیکرد، ئەمەی ئێستا ڕوودەدات لە ڕەفتارەکانی هکسۆس و داگیرکارە عوسمانلی و ئینگلیز و فەرەنسیەکانی زەمانی زووش ناهەموارترە، ئەوپەڕی ئابڕووچوونە بۆ ڕۆژنامەنووسان کە لابرانی ئەو سەرنووسەرە بە توانایانەیان قبوڵ بێت کە لە دوای شۆڕش بەرپرسیارێتییان پێ درابوو، ئەو سەرنووسەرانەی ڕۆژنامەکانیان کردە سەکۆو بڵندگۆی ڕاستەقینەی ئازادی ئێستا وەلاخراون.

ئەم ڕۆژە چاخێکی ڕەش و قەترانی بۆ لەناوبردنی ئازادییەکانی میسر هێناوەتە پێشەوە، تەنیا مەسەلەکەش پێوەندیدار نییە بە پیشەی ڕۆژنامەگەرییەوە، بەڵکو ئەمە گێژەڵووکەیە بۆ لولپێچدانی ئازادییەکان هەڵیکردووە، لادانی ئەم سەرنووسەرانەو ئەو کارەی لیژنەی بەناو هەڵسەنگاندن کە بۆی چووەتە سەر، کاری داپڵۆسێنەری دیکەی بەدوادا دێت، ئیتر لەوانەیە لە وەزیرە پەڕگیرەکەی ئەوقافمان بیست کە لیژنەیەکی هاوشێوە دامەزرێنێت یان وەزیری خوێندن کە ئاڕاستەکانی بەرەو گۆڕینی هزرو

بیــری منداڵەکانمان دەچێــت، ئەویش قوڵی لێ هەڵماڵێت، ســەرم لــەم ئیخوانە ســوڕماوە، ئەو گەنجانەی شۆڕشــیان بەرپاکرد چۆن ئەم بڕیارە ستەمکارانەیەیان لێ قبوڵ کردوون!!


**گوڵان:** بە ڕای تۆ ئەی بۆچی ڕۆژنامەنووسەکان ئەم ڕەفتارەو کردەوانەیان لێ قبوڵ کردوون؟

**جەمــاڵ غیتانــی:** کاردانەوەی سروشــتیانە لە بەرانبــەر ئــەوەی ڕوویداوە مانگرتنی گشــتی ڕۆژنامەنووســانە، تا ئەو ئاستەی میسر بە بێ ڕۆژنامــە بمێنێتەوە، بەڵام ئایا لە ژێر ســایەی واقیعێکدا کە کەسانی نەفس نزم تێیدا بەرژەوەندیی تەســکی خۆیان دەخەنە ســەروی بەرژەوەندیی ڕێبازەکانی ئازادی و بنەماکانی پیشــەگەرییەوە ئەمە چۆن دەکرێت؟

پێویســتە ئازادیخوازانی ناو ئەنجومەنی سەندیکا داوا بکەن بۆ بەســتنی کۆبوونەوەیەکی گشــتی بە پەلــەی کۆڕبەندەکەی خۆیان، نەك لە پێناوی دانانی سەرنووســەرانێکی ســەرکەوتوو بۆ کاری ڕۆژنامەگــەری، بەڵکو لە پێناوی ڕەتکردنەوەی ئەو دیمەنە ناماقوڵە، پێویســتە لیســتێکی ڕەش ئامادەبکەن بە ناوی هەرچی کەســێك کە بەشدار بوو بێت لــە چەســپاندنی هەنگاوێکی وادا کە زمان و دەمەکان دەبەســتێت، یــان لە خوڵقاندنی دیمەنێکــی پوچگەرای وادا کە نیەتی خراپی لە پشــتە، هەرچۆن هەڵبژاردنەکانی ســەرۆکایەتی کەوتە ژێر گوشــاری تەوژمــی ئیخوان و کەوتە بەر هەڕەشــەکردنی ئەوان بۆ سووتاندنی هەموو وڵاتەکە، ئەنجومەنی نیابی بە ڕاســتی ڕاگیرا، ئەنجومەنی شــوورا بێ ئەهلیــەت و بێ بنەما کەوتە دەمبەست کردنی ڕۆژنامەکان، بەو شێوەیە وڵاتەکە بــەرەو دارمان دەبەن، بــە پێی زانیاریم لەسەر مێژووی ئەم وڵاتە دڵنیام لەوەی بەم کۆت و بەند کردنە ڕازی نابن،بەڵام نرخی ڕزگاربوونی یەکجارەکیــش گەلێ زۆر دەبێت،وەك شــاعیری گەورە عەبدولڕەحمان ئابنودی دەڵێت بۆ شــکۆی میســر خوێن وەك ڕووبار لە شەپۆل دەدا، ڕژانی خوێنی ڕۆژنامەنووسان سەرەتایەتی.

**گوڵان:** لە بەرانبەریشــدا سکاڵای زۆر هەیە لە لایەن ســەرۆکی هەڵبژێــردراوو گرووپی ئیخوان موسلمین و حزبەکەیان بەوەی ئەو ڕاگەیاندنکارانە و دەزگاکانیــان لــە هەوڵــدان بە ئەنقەســتەوە ســەرۆکەکەیان ئیهانە بکەن و پرۆژەکانی شکست پێ بهێنن؟

**جەماڵ غیتانی:** ئەو ســکاڵا نوسینانەی دکتۆر محەمەد مورسی لە دژی هەندێ ڕاگەیەندنکار دەیدات ســەیرو سەمەرەیە، لە ســنووری ئەوەی خوێندوومەتەوە تا ئێستا شتی وەهام نەهاتۆتە پێش، فەرمانڕەوایەکی میسری شکات لە هاووڵاتیەکانی بکات لەبەر ئەوەی قسەیان پێ وتووە، من لە دژی لەکەدارکــردن و جنێودان و ســوکایەتی پێکردنی شەخسیم، ئەوەی شتێکی واش بکات سەرەتا بەهاو کەسایەتیی خۆی سووك و چرووك دەکات، بەڵام کاتێك ســەرۆکێك لە دژی ئەو هاووڵاتیانەی کە ڕەخنەی لێ دەگرن یان هێرشی دەکەنە سەر بەردەم دادگاکانیان پێ بگرێت و بیانداتە دادگا ئەمەیان هێنانە خوارەوەی هەیبەتی سەرۆکایەتییە، چونکە هەر کەســێك بگاتــە پێگەیەکی بــەرزی وا کە ببێتە فەرمانڕەوای وڵاتێك هەیبەتی لە شەخسی خۆی بەرزتر دەبێتەوە، ئەوەی لەســەر کەسێتیی ئاســایی پچەســپێت بەســەر ئەودا ناچەسپێت، چونکە دەســەڵاتەکانی فراوانتر دەبن، لە پاڵ ئەو میراتە دەوڵەمەندە مێژووییــەی فەرمانڕەوایەتی میســری هەیەتی کە هێندە متمانەی بەخۆ بووە لە هیچ سرووت و هەوڵێکی سووکایەتی پێکردنی کەســانی تر ســڵ ناکاتەوە، بەڵکــە فەرمانڕەوا کاری ڕاســتەقینەی لە میانەی پیادەکردنی ئەم دەســەڵاتەیەوە ئەنجام دەدات ئەم کارانەشــی بە خۆدەرخستنی بەردەوامی و پێشوازی کردنەکانی و دەرچواندنی بۆمەراســیمەکان نایەنە دی یان بە گەشتەکانی ســەرۆکایەتی ئەنجام نادرێن بەڵکو بە خزمــەت گەیاندنی بە گەلەکەی، بە فەراهەم کردنــی بارودۆخی ژیانی مرۆڤانەی خەڵکەکەی وەدی دێت یان بە دەســت و بیرو هزری خاوێن و حیکمەت لە بڕیارەکانیدا سروشــتیانە دەردەکەوێت نەك لە ژێر ماســك و دەمامکی کەســانی دیکە لە ژێر پەردەی کەســایەتییە بە هێزەکانی پشــتە خۆی، ئەگەر تەماشــای واقیعی ئێستا بکەین، ڕاستە دکتۆر مورسی پیاوێکی دڵ و دەروون باشە بێگومان، بەڵام پێویستە سەرۆکایەتیی میسر وەك خۆی وەربگرێت و لێــی تێبگات، نەك وەك هەر هاووڵاتیەکی ئاســایی کە هیچ دەسەڵاتێکی بە دەســت نەبێت پەنا بۆ دادگاکان بەرێت، پێویستە مێژووی میســرو هەموو ئەو بەرهەم و ژێدەرانەی باس لە کەسایەتی میســری دەکەن بخوێنێتەوەو لێی تێبگات، درك بەوە بــکات کە پێوەندییەکی تونــدو تۆڵ لە نێوان گەلی میســری و ئەوانەدا هەیە کە فەرمانڕوایی دەکەن،، ئەگەر ئومێدەکانی گەل نەیەنە دی، لێی دەکەونە نوکتەلەســەرکردن و گاڵتەپێکــردن، مێژووی ئــەم وڵاتە تژییە بەم بەرهەمانەی نوکتەکردن لەسەر سەرۆکەکان، ئەگەر ئەو ئینجانەو فەخفووریانە بە باشــی ببینێت کە کرێکاران لەسەر حەتشبسوتی شاژن و دۆستەکەی کردوویانە، کە ئەو پارچانە بە ئۆستراپکا ناسراوەو پارێزراویشــە، ئەو کاتە سەری دەسوڕمێ لەوەی چی نوکتەو گاڵتەیەك بە پاشــاکان کراوە، کەچی ئەم لە ســەرەتاوە بەرگەی سی ڕۆژی نەگرت و هانای بردە بــەر دادگاکان لە دژی خەڵکەکەی خۆی،ئەی لە دوای سی مانگ یان خوانەخواستە سی ساڵی دیکەوە چی دەکات.



## ڕۆماننووس و ئەدیبی گەورەی میسری جەماڵ غیتانی لە چەند دێڕێکدا

- ساڵی ١٩٤٥ لە گوندێکی سەر بە پارێزگای ســوهاجی میســر هاتۆتە دنیاوە
- لە دوای تەواوکردنی خوێندن وەك پســپۆڕێك لە بواری نیگارکێشی سەر مافووری خۆرهەڵاتی بووەتە پشــکنەر لە کارگەکانی ڕستن و چنین..
- لــە ژیانیدا لەســەر بیرو ڕای مەبدەئی بە تایبەت ســاڵ ١٩٦٦-١٩٦٧ لەســەر بڵاوکردنەوەی بیرو ڕای مارکسیستێتی خراوەتە زیندان و بەر ئەشکەنجەو لە سەر کار دوور خراوەتەوە
- پاش دەرچوونی یەکەمین کتێبی خۆی بە هاوشانی مەحمود ئەمین عالیــم ڕۆژنامــەی هەواڵەکانی ئەمڕۆ- یان بەڕێوە بردووە
- خاوەنــی ٤٦ کتێبــی ڕۆمان و ســەفەرنامەو توێژینەوەی ئەدەبی و ســۆفیگەری و فیکرییــە، یەکەمیــن ئەدیبی میســرییە کە لە بەرانبەر هەندێــك لە بەرهەمە وەرگێڕدراوەکانی خۆی بۆ زمانی فەرەنســی، خەڵاتــی نــاوداری لۆریتیایــۆی فەرەنســایی پــێ بەخشراوە..
- وەك بیرمەندێکــی عەرەبــی ئاشــنا بە عیرفانی ســۆفیزم، لە بەرهەمەکانیدا توانیویەتی لە نێوان دانپێدانانەکانی جان جاك ڕۆسۆ و شەهرەزاد و هەزارو یەك شەوەدا بۆ بنەماکانی عەقڵیەتی سروشــتی بگەڕێت.

# لە دیالیکتیکەوە بۆ جیاوازی

عەبدولسەلام بنعەبدعالی*

**تایبەت بۆ گوڵانی نووسیووە**



لــەوە ناچێ ئەمــڕۆ گوتارێك هەبێت کــە زاراوەی جیاوازیــی تێــدا نەبێت. بــەکار هێنانــی زاراوەکــەش تەنیا بەند نییە بە گوتاری فەلســەفییەوە، بەڵکوو ئێمــە ئــەو چەمکە لە لای ئەوانەشــدا دەبینیــن، کە هەڵگــری ئایدیۆلۆژیان و ئەوانەی رەخنەگری ویژەن، هەروەها (لە لای) رەخنەگرانی ســینەما و هونەری شێوەکاری و سیاسەتمەداران، تەنانەت لە لای میدیــاکاران و ریکلامکارانیش. بە زۆریش دەبینین ئــەو زاراوەیە هێندە لەو واتایانە لا نادات، کە چەمکێکی دیکەی تەمەن درێژتر (کۆنتــر) هەڵی گرتووە، ئەویش چەمکی دیالێکتیکە، وێڕای ئەو لایەنی نەرێنی و دژبەرییەی دەشیگرێتە خۆ. کەواتە چ پاساوێك هەیە کە پەنا بۆ چەمکێکی دی ببەین بۆ گوزارشت کردن لە دژبەری و ناکۆکی (جیاوازی). ئەگەر زاراوەی دیالیکتیك پڕ بە پێست بێت؟ بە رواڵەت هیچ پێویســت بەوە ناکات، تەنیا مەگەر کاتێك چەمکی جیاوازی شــتێك بگرێتە خۆ کە دیالیکتیك «تێپەڕێنێت»، بــەوەی چەمکێکی جیاواز لە دژبەری و تەنانەت جیاواز لە خودی ناســنامەش بە دەستەوە بدات.

خۆ رەنگە بۆ وەڵام دانەوەی ئەم پرسینە، کە پتر لە پرســیارێك لە خــۆ دەگرێت، پێویســت بە هەڵوەســتە کردن بکات لە ئاست خودی چەمکی جیاوازیدا، بەر لە دیاری کردنی ئەوەی کە بە کردنی ئەوە لەخۆ دەگرێت، کــە نەك هەر دیالیکتیك تێدەپەڕێنێت، بەڵکوو مێژوویەکی دیاری کراوی فەلســەفەش تێدەپەڕێنێت. ئیدی سەرەتا دەبێ جیاوازی چی بێت؟

(ژان بوفری) نووســیویەتی: «با لە پەیڤی (différence) رابمێنین. ئەوە گواستنەوەیەکی نیمچە دەقاودەقی پەیڤی (دیافورا)ی گریکــە. (فورا) لە کاری (فیری)یەوە هاتووە، کە لە زمانی گریك (یۆنانیی کۆن) و پاشان لە زمانی لاتینی (feri) واتە: بار و گواســتنەوە. کەواتە جیاوازی دەگوازێتەوە، چی دەگوازێتەوە؟ واتە پێشــگری پەیڤی (دیافورا) ئەوەی وەپێش (فورا) کەوتووە دەگوازێتەوە، واتا پێشگری (دیا) کە واتای دوورکەوتنەوە و بۆشــایی دەدات. جیاوازی دوو تەبیعەت دەگوازێتــەوە کە لــە بەرابیدا لە یەکدی جــودا نین، یەکیان لە ئــەوی دی دوور دەخاتەوە. هەڵبەت ئەو دوورخســتنەوەیە لــە یەك دابڕان نییە. ئەو، بە پێچەوانەی ئــەوەوە، ئەو دوو لایەنەی لە یەکیان دوور دەخاتەوە، لە یەکتریان نزیك دەکاتەوە.

رەنگە گرنگترین شت لەم دیاری کردنەی چەمکی جیاوازی لێرەدا، چرکەســاتی دوورخســتنەوەی نێوان هەردوو لایەنەکە نییــە، چونکــە ئــەوە وەك بەدیهییەکی دژبەری و جیــاوازی وایە، ئەوەی لێرەدا گرنگە ئەوەیە کە جیــاوازی لە کاتێکدا هەردوو لایەنەکە لە یەکدی دوور دەخاتەوە، لە یەکیشیان نزیك دەکاتەوە. بە زۆری ئەم لە یەك نزیك کردنەوەیە لە دیاری کردنی جیاوازیدا فەرامــۆش دەکرێت، تەنانەت ئەگەر رەچاویش بکرێــت، ئەوە تەنیا بۆ چرکەساتی تێك هەڵکێشانی دیالیکتیکی دەگەڕێندرێتەوە.

هەڵبەت ئەوەی بە دروستی «جیاوازی» لە دیالیکتیك جیا دەکاتــەوە، ئەوەیە کە ئەم تێك هەڵکێشــانە بریتی نییە لە تێك هەڵکێشی دیالیکتیکیانە، ئاشتەوایی نییە لە نێوانی دژیدا. پێشــتریش (هایدیگەر) زۆر جار جەختی کردووەتە سەر ئەو خاڵە. دووپاتیشی کردووەتەوە «ئێمە تەنیا بە کۆ کردنەوەی دژبەران و لــە ئامێز گرتنیان و ئاشــت کردنەوەیان ناوەستین»، بەڵکوو «هەموو یەکبوونی شتانێك لە بەردەممان نمایــش دەکات، کــە لە بوونــی خۆیدا هەمەرەنــگ و جۆربەجــۆرە، کەچی لە هەمان مەجلیسدا گرد بوونەتەوە.»

ئەو (یەکبوونە: یەکێتییە)ی جیاوازی لە بەردەمی ئێمەدا، وەك جووڵەیەکی بێ کۆتایــی بۆ کۆ کردنــەوە و جیا کردنەوە نمایشــی دەکات، ئەوە یەکبوونی دژانە. چونکە جووڵە لێرەدا لە نێوانی گیاندار و دژ یــان دژبەرەکەیدا نییە، بەڵکوو خودی گیاندارەکە بنکــەن دەکات (دیخواتەوە). ئەمــەش خاڵێکی دیکەیە بــۆ لێك جیا کردنەوەی جیاوازی لە دیالیکتیك. نەرێنی لێــرەدا جووڵەی بێ کۆتاییە کە خود نەك هەر لە دژبەرەکەی دوور دەخاتەوە، بەڵکوو یەکــەم و بــەر لە هەر شــتێك لە خۆی

(خودی) دووری دەخاتەوە. دوورخستنەوە و نزیك كردنەوە لێرەدا لە «ناوەوە»ی گیانداردا روو دەدات، ئەوە ئەگەر دروست بێت قسە لەبارەی ناوەوە بكرێت. جیاوازی لە ناسنامەدا لە ئارادایە. بیرمەندانی جیاوازی بەم چەشنە ناسنامە دیاری دەكەن، كە (ا) یەكسانە بە (ا) «وەك جووڵەیەكی بێ كۆتایی هەر لایەك لە دوو لایەكە لە خۆی دوور دەخاتەوە، بە كاریگەریی ئەو دوورخستنەوەیەش لە یەكیان نزیك دەكاتەوە»، ئەوە بە گوتەی (میشێل فۆكۆ). ئەوەی لەم هاوكێشەیەدا بە لایانەوە گرنگە، هەردوو لایەكە نییە، یان دروستتر ئەو لایە نییە كە لە خۆی هەڵدێت (رادەكات)، بەڵكوو ئەو ئاوبارەیە كە نیشانەی یەكسانەكە كێشاویەتی، كە ئاوبارێكی دوور و درێژی بێ كۆتاییە، ئەو جووڵەیەیە كە زەمان دەخاتە «نێو» گیاندارەوە، ئیدی رێی ئامادەبوون و جووت بوونی لێ دەگرێت. بۆیە ئەوان ناسنامە لەو جووت بوونە جیا دەكەنەوە. وا دادەنێن كە خودیش لە خۆیەوە دوورە، واش تەماشای ئەوی دی دەكەن، نەك وەك ئەوەی لە دەرەوە را دێت، بەڵكوو دوورییە خودە لە خۆیەوە. بە بۆچوونی ئەوان، جێیەك نییە بۆ ناسنامەیەكی كوێر كە زادەی نەبوونی ئەوی دیكەیە، ئەوان لە ئاستی تێزدا جیاوازی دەخەنە روو، بە بێ ئەوەی پێویست بێت كە «دەرچوون» بەرەو دژبەر هەبێت. ئەوان لەوەشدا تەنیا كاری نەرێنی نابینن، بەڵكوو كارێكی ئەرێنی دەبینن كە ناسنامە «گەڵاڵە» دەكات و بنیاتی دەنێت. خۆ رەنگە هەر ئەوەش بێت مەبەستی (جیل دولوز) كە دووپاتی دەكاتەوە: «كارەكە پەیوەستە بە رەهەندێكی ئەرێنیی نێوانی ناكۆكانەوە: ئەو رەهەندەیە لەو جێیەی لەگەڵ یەكدا ناكۆكن، یەكیان بەرەو ئەوی دی دەگوازێتەوە.»

**جیاوازی لە كاتێكدا هەردوو لایەنەكە لە یەكدی دوور دەخاتەوە، لە یەكیشیان نزیک دەکاتەوە. بە زۆری ئەم لە یەک نزیک کردنەوەیە لە دیاری کردنی جیاوازیدا فەرامۆش دەکرێت، تەنانەت ئەگەر رەچاویش بکرێت، ئەوە تەنیا بۆ چرکەساتی تێک هەڵکێشانی دیالیکتیکی دەگەڕێندرێتەوە**

وا دەبینین كە جیاوازی (ناكۆكی) بەم واتایە، هەر تەنیا چاو خشاندنەوە نییە بە چەمكەیلی نەرێنی و دژبەری و جیاوازی، بەڵكوو تەنانەت (چاو خشاندنەوەشە) بە خودی چەمكی ناسنامەدا. كەواتە چەسپاندنی چەمكێكی نوێ لەبارەی جیاوازییەوە بریتییە لە دانانی تیۆرییەكی جیا لەبارەی ناسنامەوە، دانانی (كۆجیتۆ) یەكی نوێ، كە «من» دەكاتە «ئەوی دی»، ئەوە بە گوتەی (رامبۆ)ی شاعیر.

ئەم هەوڵ و گواستنەوەیە بەرەو ئەوی دی، وا دەكات جیاوازی بە تەواوی جیا بێت لە تەنیا جوداییەك و بەس. هەموو جوداییەك جیاوازی نییە. لەم بارەیەوە، (هیگل) ئەوە دوور دەخاتەوە كە پێی دەڵێ جیاوازیی سادە، كە یەكبوونی ناسنامە وەك گونجاو دەنوێنێ (هەرس دەكات)، واش درك بە جیاوازی دەكات كە جیاوازییەكی نێوان یەكەگەلی داخراوە. ئەم جیاوازییەی كە تێیدا لایەنێك لە لایەنەكان گوێ بە ئەوی دی نادات (différence indifférente)، وا لە گیاندارانی لە یەك جیا دەكات كە تەنیا فرەییەكی پەرت بن. ئەو فرەیی یەكانە (یەكەكان) كە تێیدا لایەنێك گوێ بە ئەوی دی نادات. ئەو بەرەو ئەو ناچێت، لەویش گرنگتر ئەو تەماشای گیاندار ناكات لەو درزەی دروستی دەكات، كە دوور لە خۆی دای دەنێت، واش دەكات نەرێن تێیدا لانە بكات.

ناتوانین نكوولّی بكەین كە دیالیكتیكیش ملكەچی یاسای نەرێنە. بەڵام جیاوازی تا دوورترین مەودا نابات، هەر زوو ئەو رێگایە دەگرێتە بەر، كە بەرەو خودێتیی جووت لەگەڵ خۆی دەیگێڕێتەوە، واش لە خودێتی دەكات كە بەس بێت بۆ دۆزینەوەی دژبەری و تێگەیشتنی (حاڵی بوونی). بە لای دیالیكتیكناسانەوە دژبەری جیاوازییەكی گەورەتر نییە، تەنیا سەبارەت بە جووت بوون و بە نیشانەكانی ئەوە نەبێت. ئەم دژبەری (ناكۆكی)یە لە ئاسۆی ناسنامەیەكەوە لێی حاڵی دەبین كە دیالیكتیك هەوڵ دەدات گەڵاڵەی بكات و بیپارێزێت. دروست ئەوەی جیاوازی دەیخوازێت، بریتییە لە رزگار كردنی نەرێن لە هەژموون (باڵادەستی)ی گشتە، كارەكەشی بە كاریگەریی هیچ پێكهات و تێك هەڵكێشێك رانەگیرێت.

**دژبەری (ناكۆكی)یە لە ئاسۆی ناسنامەیەكەوە لێی حاڵی دەبین كە دیالیكتیك هەوڵ دەدات گەڵاڵەی بكات و بیپارێزێت**

كەواتە گواستنەوە لە دیالیكتیكەوە بەرەو جیاوازی، گواستنەوەیە لە چەمكێكەوە لەبارەی گیاندار و لەبارەی زەمان و لەبارەی ناسنامەوە، بەرەو چەمكەیلی «جیا: ناكۆك». ئەوە تێپەڕاندنی میتافیزیك و «لۆژیكەكەی»ـەتی، نەك میتافیزیكی ناسنامە وەك ئەوەی هەر تەنیا لە لای مامۆستای یەكەم (ئەرستۆ) دیاری كرا، بەڵكوو میتافیزیك بەوەی كە مێژووە بۆ گیاندار و بنیادە بۆ بوون. ئەویش، وەك نیچە روونی كردەوە، بنیادێكی ئەفلاتوونییە و لەسەر دوانەی دژبەر رۆنراوە، ئاشت بوونەوەی خۆی لە لۆژیكی دیالیكتیكانەدا دەبینێتەوە. رەنگە هەر ئەوەش بێت وا لە بیرمەندانی جیاوازی بكات، خۆیان لە بەكارهێنانی وشەی فەلسەفە دوور بخەنەوە، ئەوان باسی «فەلسەفەی جیاوازی» ناكەن، بەڵكوو ئەوان زاراوەی هزریان پێ پەسندترە، وای دادەنێن كە هزر بە دیرۆك و لۆژیك فەلسەفەی تێپەڕاندووە.

*** بیرمەندی مەغریبی و ئوستادی فەلسەفە لە زانكۆی ربات**



## جۆشۆ لاندیز بۆ گوڵان:

# گەورەترین گۆڕانکاری دوای ڕژێمی ئەسەد ئەوەیە سوریا دەوڵەتێکی مەرکەزی نەبێت ئەمەش لەبەرژەوەندیی کوردەکاندا دەبێت

**پرۆفیسۆر جۆشۆ لاندیز ئوستادی زانستی سیاسەتە لەزانکۆی ئۆکلاهۆما و تایبەتمەندە لە مێژووی سیاسەتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی هاوچەرخ و شرۆڤەوانە لەسەر باردۆخی سوریا و رۆژانە لەو بوارەدا کۆمێنتی تایبەتیی خۆی هەیە، بۆ قسەکردن لەسەر باردۆخی ئێستای سوریا و بەردەوامی ئەو کۆمەڵکوژییەی رژێمی ئەسەد دروستی کردووە، چەند پرسیارێکمان ئاراستەی پرۆفسیۆر جۆشۆ لاندیز کردو بەم جۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوە.**

*** چۆن بارودۆخی ئێستای سوریا دەخوێننەوە، بە تایبەتی کە ڕاگەیاندنی وێنەی کۆمەڵکوژیەکان دەگوازێتەوە، واتە هەموو کەسێك لە جیهاندا شایەتحاڵی ئەو کوشتارەیە، بەڵام بۆچی تا ئێستا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە ڕووی واقیعیەوە بێدەنگە؟**

- ئەوان بێدەنگ نین، بێگومان دەستێوەردان ناکەن، بەڵام بێدەنگیش نین. ئایا پرسیارەکەی ئێوە ئەوەیە بۆچی دەستێوەردان ناکەن.

*** بەڵێ بۆچی کۆمەڵگەی نێودەوڵی ڕێگە بەم کوشتارە دەدات؟**

- ئەمەریکا دەستێوەردانی کرد لە عێراقدا، بەڵام بۆ ماوەی دە ساڵ کوشتار بەردەوام بوو ئێستاش بەردەوامە، بۆ نموونە نزیکەی هەموو ڕۆژێك ئۆتۆمبێلێکی بۆمبڕێژکراو دەتەقێتەوە، هەروەها من باوەڕم وانییە ئەمریکا چارەسەرێکی هەبێت بۆ سوریا، بە داخەوە ئەوەی ئەسەد دەیکات گۆڕینی سوریایە بۆ زۆنگاوێك.

*** هەوڵەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ پتر ئاڵۆزکردنی کێشەکەیە نەك چارەسەرکردنی، بە چەشنێك ڕۆژ بە ڕۆژ ژمارەی قوربانییەکان زیاد دەکات و ئەسەدیش زیاتر دەستی واڵادەبێت بۆ کوشتنی گەلەکەی، پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی سنورێك بۆ ئەسەد دانانرێت؟**

- پێم وایە هیچ لایەك بایەخێکی ڕاستەقینە بە سوریا نادات، سوریا وڵاتێکی زۆر گرنگ نییە بۆ ئەمەریکا، ئەمەریکا بازرگانی دەرەکی لەگەڵ ئەم وڵاتەدا نییە و بەرژەوەندیی لەم وڵاتەدا نییە، تەنیا لە پێوەندیدا بە ئیسرائیلەوە نەبێت، سعودیە خوازیاری گۆڕینی ڕژێمی سوریایە لە ڕژێمێکی عەلەوییەوە بۆ ڕژێمێکی سوننە، ئەمەریکاش هەمان خواستی بۆ سوریا هەیە، ئەویش لەبەر ئێران، بەڵام دەستێوەردان ناکات، لەبەر ئەوەی بەلایەوە زۆر گرنگ نییە، هەر ئەمەش هۆکاری ئەوەیە کە یارمەتی ئۆپۆزسیۆن دەدات، بەڵام بە ئەندازەیەکی زۆر نا.

*** ئێستا ئۆپۆزسیۆنی سوریا بە هەردوو باڵی سەربازییەوە کە لە ناوەوەی وڵاتەکەدان و باڵی سیاسی کە لە دەرەوەی وڵاتدان، ناتوانن بارودۆخەکە بەلایەکدا بخەن، پرسیارەکە ئەوەیە لە کاتێکدا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەستێوەردان ناکات بۆچی یارمەتی ئۆپۆزسیۆن نادات تاوەکو بتوانێت بارودۆخەکە یەکلابکاتەوە؟**

- مەسەلەکە بەو سادەییە نییە، ئۆپۆزسیۆنی سوریا یەك لایەن نییە، بەڵکو لە گرووپی میلیشایی جیاواز پێکهاتووە، کێشەکەش ئەوەیە تۆ دەبێت گرووپێك دەستنیشان بکەیت بۆ ئەوەی یارمەتی بدەیت، لە کاتێکدا ئەمەریکاش ناتوانێت گرووپێك هەڵبژێرێت بۆ ئەوەی هاوکاری بکات،



لەبەر ئــەوەی ڕوون نیە چ لایەنێك براوە دەبێت. ئایا بە یەکســانی هاوکاریی هەموویان بکات، یاخود یارمەتی ئەو گرووپە بدات کە موســڵمان نییە، نازانرێت، لەبەر ئەوە زەحمەتە بۆ ئەمەریکا بزانێت پشــتیوانی چ گرووپێــك دەکات، لەبەر ئەوەی چەندیــن گرووپی میلیشــیای جیاواز هەن، لەلایەکی دیکەوە ڕژێمی ئەســەد هەوڵی پشــتیوانیکردنی ئەو کەسانە دەدات کە دڵسۆزن بۆی، هەوڵی پاڵپشتیکردنی میلیشیا جیاوازەکان دەدات، واتــە تاکە گرووپێك لە ئــارادا نییە و ئەســەد ڕیزی ئۆپۆزسیۆن تێکدەدات و دابەشی دەکات، ئەمەش پەشۆکاوییەکی دروست کردووە، زەحمەتــە بۆ هێزێکی دەرەکی بزانێت کێ دەبێتە لایەنی براوە لە سوریادا.

*** ئێستا چەند شــارێکی کوردی لە سوریا بە دەســت کوردەکانەوەیە، بەڵام هێشتا ئەم شارانە هەڕەشــەیان لەســەرە، ئایا بۆچی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بیر لەوە ناکاتەوە ئەم شــارانە بکاتە ناوچەیەکی ئــارام وەك ئەوەی لە نەوەتەکاندا لە ناوچە کوردییەکانی عێراقدا کردی؟**

- ئەمە پرســیارێکی باشــە، بەڵام کێشــەکە ئەوەیە دروســتکردنی ناوچەی ئارام پێویســتی بە تێکشکاندنی هێزی ئاســمانی سوریا هەیە، کاتێکیــش ئەم هێزە لە نــاو دەبەیت ئەوا دەبێتە بەرپرســیار لە بارودۆخی ســوریا، لە کاتێکدا کێشــەکە ئەوەیــە ئەمەریــکا نایەوێــت ئەم بەرپرسیارێتیە بگرێتە ئەستۆ.

*** زۆرێك لە چاودێران پێیان وایە دوای ڕووخانی ڕژێمەکەی ئەسەد ناوچەکە گۆڕانکاریی گەورەی بەسەردا دێت، بە تایبەتی پێشبینی گۆڕانکاری دەکرێت لە جیوپۆلەتیکی ناوچەکەدا، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەو گۆڕانکارییانە چین کە لە دوای ڕووخانی ئەم ڕژێمەوە دەکەونەوە؟**

- پێم وایە گەورەترین گۆڕانکاری بریتی دەبێت لەوەی ســوریا حکومەتێکی مەرکەزی بەهێزی نەبێت، ئەمەش لە بەرژەوەندیی کوردەکاندا دەبێت، لەبەر ئەوەی بە چەشــنی ڕابردوو حکومەتێکی مەرکەزی بەهێز لە دەسەڵاتدا نابێت. لە هەمان کاتدا ئەمــە دەبێتە هۆی ئەوەی ســوریا زۆر لاواز و هــەژار بێت، هەروەها زەحمەت دەبێت بۆ کوردەکان بتوانن نەخشەی سوریا بگۆڕن، لەبەر ئەوەی ئەوان کەمینەن، ئەگەرچی کەمینەیەکن لــە ناوچەیەکــی دیاریکــراودا چڕبوونەتەوە، ناوچــەی جەزیرە، لە قامیشــلۆ و دەوروبەریدا، واتــە ئەوان زۆرینە نین، بەڵکو تەنیا لە ســەدا ١٣ بۆ ١٤ی دانیشــتوانی وڵاتەکە دەبن، واتە عەرەبەکان بەرهەڵستی هەر هەوڵێکی کوردەکان دەکەن بۆ ئەوەی ببنە بەشــێك لە کوردســتانی گەورە، بــە پێچەوانەی کوردەکانی عێراقەوە کە دەتوانن بە ئاســانی لە عێراق جیاببنەوە، لەبەر ئــەوەی عەرەبێکی کەم لە باکووردا دەژین، ئەوا زەحمەتــە کوردەکانی ســوریا هەنگاوێکی لەم شــێوەیە بنێن. بەڵام ئەو دەرئەنجامەی زۆرترین ئەگــەری ڕوودانی هەیە، ئەوەیە ســوریا ببێتە زۆنگاوێك، پشــێوی باڵی بەســەردا بکێشێت، کە ئێستا ئەســەد ئەوەندەی پێی دەکرێت هانی پشێوی دەدات، واتە هەوڵی لاوازکردنی عەرەبی سوننە دەدات و ئەوەندەی لە توانایدا بێت مێلیشیا دروست بکات، چونکە ئێستا سوپای سوریا بەرەو ئەوە دەچێت ببێتە مێلیشایەکی عەلەوی، کەچی هێشــتا بەهێزترین مێلیشایە لە ســوریا، بەڵام ئەســەد نایەوێت عەرەبی ســوننە لە سوپایەکدا یەك بگرن، لەبەر ئــەوە چەك بە کوردەکان و بە کەمینەکانی دیکە دەدات بۆ ئەوەی ســوریا بە چەشنی لوبنانی هەشتاکان دابەش بێت، هەروەها بە چەشنی عێراق پێش ئەوەی مالیکی دەسەڵات بگرێتەدەست.

> **ئۆپۆزسیۆنی سوریا یەك لایەن نییە، بەڵکو لە گرووپی میلیشایی جیاواز پێکهاتووە، کێشەکەش ئەوەیە ئەمەریکاش ناتوانێت گرووپێك هەڵبژێرێت بۆ ئەوەی هاوکاریی بکات، لەبەر ئەوەی ڕوون نیە چ لایەنێك براوە دەبێت**

*** تا چەند لە کێشــەی سوریادا جەمسەربەندی ئیقلیمی دروســت بووە، واتە تا چەند تورکیا و سعودیە و ئێران کێشــەکانی خۆیان لە سوریادا یەکلایی دەکەنەوە؟**

- ئەوە ڕاســتە ئێــران هاوکاریــی ڕژێمەکەی ئەســەد دەکات لە دژی ســوننە، کە بە داخەوە ئەمە بۆتە ململانێی نێوان شــیعە و ســوننە لە ناو ســوریادا، بەڵام ئەمــە دەبێتە هۆی ئەوەی ســوریایەکی زۆر لاواز لە ئایندەدا بێتەئاراوە،کە چەندین هێزی دەرەکی دەســتێوەردانیان دەبێت، وەك ئەوەی لە لوبناندا هەبووە. بێگومان سعودیە پێــی وایە ئەمە دەرفەتێکە بــۆ زیانگەیاندن بە ئێران و بە دەسەڵاتی شیعە لە عێراقدا، هەروەها بۆ هاوکاریکردنی ســوننەی عێــراق بۆ ئەوەی دەســەڵاتی زیاتر لە شــیعەی عێراق بسەننەوە، ئەویش بۆ سنووردارکردنی دەستڕۆیشتویی ئێران. هەروەها ئەم ململانێیە بۆ عێراقیش دەپەڕێتەوە، کە ئێستا ئێمە ئەوە دەبینین، لەبەر ئەوەی سعودیە هەوڵدەدات ســوریا وەك هێزێك لە دژی شیعەی عێــراق بــەکار بهێنێت، ئەمــەش دەبێتە هۆی هاندانی ســوننەی عێراق بۆ ئەوەی داواکاری زیاتریــان هەبێت لە حکومەتەکەی مالیکی، کە دەبینین ژمارەی ئۆتۆمبێلــە بۆمبڕێژکراوەکان زیــادی کــردووە و ڕێکخــراوی ئــەل قاعیدە کەوتۆتەوە جوڵە و هەست دەکات بەهێزتربووە.

# له بارەی سیاسەتی دەرەكی بەرزەفڕی توركیاوە

**ماوەیەكی زۆر نەبوو كە جموجوڵی نوێی سیاسەتی دەرەوەی توركیا جیهانی بەخۆوە سەرقاڵكردبوو. بە چەشنێك پێدەچوو، سەرۆك وەزیران ئەردۆگان و وەزیری دەرەوە داود ئۆغڵۆ توانای ئەوەیان هەبێت خوازیاری هەرچیەك بن بەدەستی بهێنن. بە شێوەیەكی بەرچاو پەیوەندییەكانیان لەگەڵ سوریا، ئێران، عێراق، ئەرمینیا، یۆنان و تەنانەت كوردستانی عێراقیشدا بەرەوپێشبرد، تەنیا پەیوەندییان لەگەڵ ئیسرائیلدا پاشەكشەی كرد. بەهۆی ئەو داینامیكەتەی ئەردۆگان و داودئۆغڵۆ گرتیانەبەر كە بریتی بوو لەوەی خۆیان وەك پاڵەوانی نوێی كێشەی فەلەستین بخەنەڕوو، توانیان كارێك بكەن لە جیهانی ئیسلامیدا خەڵكی بە سەرسامییەوە لێیان بڕوانن.**




## دەیڤید ڕۆمانۆ*

مانگی جارێک
تایبەت بە گوڵان دەینووسێت


لە پاش دواییین هەڵبژاردنەكانی توركیاوە، كە ئەم پارتە- پارتی داد و گەشەپێدان- زیاتر لە نیوەی دەنگەكانی بەدەست هێنا، پێدەچوو خەون و هەستكردن بە مەزنی و شكۆی بەڕێز ئەردۆگان هیچ سنورێكی نەناسێت: لە قسەكانیدا لەبارەی هەڵبژاردنەكانەوە گوتی « باوەڕم پێبكەن، ئەمڕۆ هێندەی ئەوەی ئەستەنبول سەركەوتوو بوو، سەراییڤۆ سەركەوتوبوو، بەیروت هێندەی ئێزمیر سەركەوتنی بەدەست هێنا، دیمەشق بە ئەندازەی ئەنقەرە تامی سەركەوتنی كرد، ڕامەڵڵا، نابلوس، جنین و كەناری ڕۆژئاوا و قودس بە چەشنی دیاربەكر سەركەوتوو بوون.» لە هەمان كاتدا « دەستپێشخەریی چارەسەری كێشەی كورد» كە بەڕێز ئەردۆگان خستیەڕوو، هەڵگری مژدەی كۆتای هێنان بوو بە دوورخستنەوەی كوردەكانی توركیا و كوژاندنەوەی ئاگری شەڕی ناوخۆیی بوو.

بەڵام بۆچی ئەم سەرەتا مژدەبەخشە بە تەواوەتی هەرەس دەهێنێت؟ پێوەندییەكانی توركیا لەگەڵ سەرجەم دراوسێكانیدا، جگە لە كوردستانی عێراق، بە چەشنێكی مەترسیدار خراپ بووە، بە شێوەیەك وەزیری دەرەوەی توركیا بەردەوام هۆشداری دەداتە هاووڵاتیانی وڵاتەكەی بۆ ئەوەی سەفەری هەندێ وڵاتی ناوچەكە نەكەن. « دۆستە» نوێیەكانی وەك سوریای بەشار ئەسەد و حزبوڵڵای لوبنانی، كە توركیا لە پێناویاندا پشتی لە ئیسرائیل كرد، لە ئێستادا فڕۆكەكانی توركیا دەخەنە خوارەوە و هاووڵاتیانی توركیا دەڕفێنن. لە هەمان كاتدا، پێدەچێت دەستپێشخەریەكەی ئەرۆدگان بۆ چارەسەركردنی كێشەی كورد لە دۆخی مردن و سڕبووندا بێت، ئەمە لە كاتێكدا باشووری ڕۆژهەڵاتی توركیا بەهۆی بۆردومان و هێرش و نائارامیە بەردەوامەكانەوە بۆتە ناوچەیەكی گەرم. ئایا بەڕێز ئەردۆگان و داودئۆغلۆ بوونەتە ئیكارۆس و دێدالۆسی ئەم ڕۆژگارە و لە شەقەی باڵیانداوە و زۆر نزیكبوونەتەوە لە خۆر؟

ئەگەر سیاسەتی دەرەوە سیاسەتێكی عاقڵانە بێت ئەوا دەبێت ئامراز و ئامانجەكان لەگەڵ یەكدا بگونجێنێت. بە دەربڕینێكی دیكە، دەبێت چالاكانە هەوڵی بەدیهێنانی ئەو ئامانجە بدەیت كە توانا و دەسەڵاتی بەدەستهێنانیت هەیە. بۆ نموونە، ئەگەر توركیا بەتەنیا تەركیزی لەسەر كێشەی ناوخۆییەكانی بكردایە و كۆششی بۆ كۆتایی هێنانی بە یاخیبوونی پارتی كرێكارانی كوردستان بكردایە، ڕەنگە ئێستا سەركەوتنی مەزنتری تۆمار بكردایە. لەبری ئەوە، ڕژێمەكانی ناوچەكە كە زیاتر و زیاتر توڕە و بێزار دەبن لە سیاسەتی دەرەوەی توركیا( بە تایبەتی سوریا و ئێران، ڕەنگە وڵاتانی دیكەش) هەوڵی « تەسفیەی حسابات» دەدەن لەگەڵ ئەنقەرەدا لە ڕێی نوێكردنەوەی پشتیوانیان بۆ پەكەكە. گەورەبوونی چالاكیەكانی پەكەكە دەبێتە هۆی لە ناوبردنی هێزی توركیا و توانای ئەنقەرە كەم دەكاتەوە بۆ ئەوەی دەستڕۆیشتویی خۆی لەو دیو سنورەكانەوە بچەسپێنێت. لە كاتێكدا شەڕ لە دیمەشقدایە، تەنانەت توركیا ناتوانێت پشت بە سەرچاوەكانی ڕابردووی لە تەكنەلۆجیای سەربازی و هاوكاریی ستراتیجی ببەستێت، پێوەندییەكانی لەگەڵ ئیسرائیلدا بەهۆی گرتنەبەری سیاسەتی دێرینی توركیا كە بریتی بوو لە خۆبەدوورگرتن لە دەستێوەردان و سیاسەتێكی ژیرانەی دەرەوە لە باردەبردرێن. بەردەوام لەگەڵ ئەمەریكا و ئەوروپاشدا پێوەندییەكانی دەشكێن و دادەبڕێن، لەبەر ئەوە ڕەنگە زەحمەت بێت بۆ توركیا هیچ هاوكارییەك بەدەست بهێنێت ئەگەر هاتوو دۆخەكە خراپتر بوو.

ئەگەر هەردوو بەڕێزان ئەردۆگان و داودئۆغلۆ بڕیاریان بدایە بە هەموو نرخێك پێوەندیی باشی خۆیان لەگەڵ سوریای بەشار ئەسەد و ئێراندا بپارێزن، لەبری ئەوەی ببنە پاڵەوانی موسڵمانە سوننەكانی ناوچەكە، ئەوا ڕەنگە سەركەوتنی زیاتریان بەدەست بهێنایە. لەو سیناریۆیەدا، ڕەنگە ئەگەر باجەكە تێكدانی پێوەندییەكانی لەگەڵ ئیسرائیلیشدا بوایە ئەم كێشەیە نەبوایە.

تەنانەت ئەگەری ئەوە هەیە كە سیاسەتی دەرەكیی كۆنی توركیا كە سیاسەتی بە حەزەر بوو دەرئەنجامی باشتری بەدی بهێنایە. لە سایەی ئەو حكومەتەی پێش پارتی داد و گەشەپێدان لە دەسەڵاتدا بوو، ئەوا پێشبینی دەكرا توركیا قسەیەكی زۆر بكات لەبارەی پشتیوانیكردنی فەلەستینەوە، ئەو كاتە خۆپیشاندانەكانی سوریا و بەهاری عەرەبی لە شوێنەكانی دیكە بەردەوام دەبوون، ئەمە لە كاتێكدا توركیا لە كاری خۆی بەردەوام دەبوو لەگەڵ هەمولایەكدا- ئێران، ئەسەد، ئیسرائیل، حەمماس، ئەمەریكا، نوری ئەل مالیكی- هەركەسێك و هەموو كەسێك.

لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو مرۆڤانەی لە خەیاڵی خۆیاندا كەسانێكی بە ڕاستی مەزنن ئارامگرتن و پشودرێژییان نییە لەسەر ئەو شتانەی سیاسەتێكی بێلایەنانە دەخوازن. لەبری ئەوەی هەوڵدەدن زیاتر لەوەی لە توانایاندا ئامانج بەدەست بهێنن، بە دەگمەن هەست بەوەش دەكەن كە ئەمە بارێكە شانی ئەوان توانای هەڵگرتنی نییە- بە تایبەتی لە ڕێی خیتابە پڕ لە شكۆ و مەزنییەكانیانەوە. بەڵام بەر لەوەی درك بەوە بكەن هێزی و توانای دەوڵەت بە فیڕۆ دەدەن. ئینجا دواتر دەڵێن پیلانیان لە دژ گێڕاوین، ئەویش بۆ پاساو هێنانەوە بۆ نائومێدی و شكستە تاڵەكانیان.

*** ئوستادی سیاسەتەكانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە زانكۆی میزوری**

# عەلەوییەکان و تەمومژیی ئایندەی سیاسییان لە سوریا

لەمێژوی سوریادا پرۆژەی دروست کردنی دەوڵەتی عەلەوی بنچینەیەکی پتەوی نییەو عەلەوییەکان خاوەنی ئەم پرۆژەیە نین. داهێنەری ئەم پرۆژەیە، فەرەنسایە کە ساڵی ١٩٢٢ بەرەزامەندیی کۆمەڵەی گەلان وەك دەوڵەتێکی ماندێتەر مافی بەڕێوەبردنی سوریای پێ سپێردرا. بەدەستهێنانی مافی ماندێت سەرەتای هەوڵی فەرەنسا بوو بۆ بەکارهێنانی عەلەوییەکان بۆ خزمەتکردنی ستراتیجەکەی. فەرەنسا سوودی لەوە وەرگرت کە بڕیاری ماندێت تایبەتمەندیی بە تایفە ئاینییەکان داوەو ئەمەی بۆ دابەش کردنی سوریا بەپێی گروپە ئاینییەکان بەسەر چەند ناوچەیەکدا قۆستەوە. لەم سەروبەندەدا لەناوچەکانی سەر لێواری دەریای ناوەڕاستدا ناوچەیەکی ئۆتۆنۆمیی بۆ عەلەوییەکان پێکهێنا کە پایتەختەکەی شاری لازقیە بوو.

بەکردەوە، هەڵوێستی عەلەوییەکان بەرامبەر بەداگیرکاریی فەرەنسا روون نییە. عەلەوییەکان کەمترین رۆڵیان لە بەرپەرچدانەوەی فەرەنسادا وەك هێزێکی داگیرکەر هەبوو. ئەرکی بەرپەرچدانەوەی فەرەنسییەکان زۆرتر لەئەستۆی سوننەو دورزییەکان و کورددا بوو. حکومەتی لازقیە تا پێی کرابێ، هاوکاریی فەرەنسییەکانی کردووە. چەردەیەك هۆ عەلەوییەکانیان هاندا بەلێشاو بچنە ناو سوپاوە، لەوانە هەژاری. خودی سیاسەتی فەرەنسییەکانیش لەبواری سەربازگیریدا، زۆرتر بەلای ئەوەدا دایدەشکاند کە کەمینەکان، لەوانە عەلەوییەکان و دورزییەکان، زۆرتر لەڕیزی سوپا وەربگیرێن نەك سوننەکان کە زۆرینەی دانیشتوانن. لەبەرەنجامی کۆتاییدا مەسەلەکە بەو رادەیە گەیشت کە عەلەوییەکان لەساڵی ١٩٥٥دا، یانزە ساڵ پاش دەرچوونی سوپای فەرەنسا لەسوریا، رێژەی ٦٥٪ی سەرجەمی سەربازانی سوریایان پێك هێنا.

ساڵی ١٩٣٩ عەلەوییەکان دژی رادەست کردنی ناوچەی ئەسکەندەرۆنە بەتورکیا وەستانەوە، هەم لەو روانگەیەوە کە ئەمە رووبەری سوریا بچووك دەکاتەوە هەم لەو روانگەیەوە کە ئەمە دەبێتە هۆی جیاکردنەوەی عەلەوییەکانی ئەسکەندەرون لەعەلەوییەکانی سوریا. لەهەموی گرنگتر ئەوەیە کە عەلەوییەکان نەیانویستووە لەسوریا جیا ببنەوەو زۆریش لەسەر مانەوەی حکومەتی لازقیە پێیان دانەگرتووە.


لەم هەلومەرجە دژوارەی ئێستای سوریاشدا، هێشتا عەلەوییەکان جیابوونەوە یان پێکهێنانی قەڵەمڕەوێکی ئۆتۆنۆم لەناوچەکانی نیشتەجێ بوونیان بە پێویست نازانن. ئەم مەسەلەیە ئەوەندەی کە گروپە ناعەلەوییەکان دەیورووژێنن، ئەوەندە لەلای عەلەوییەکان بەهەند وەرنەگیراوە. بەکردەوە، جیابوونەوەی عەلەوییەکان لێی رادەبینرێ سوریا بکاتە دەوڵەتێکی داخراو چونکە سەر کەنار دەریا هەمووی عەلەوینشینەو شاری لازقیەو تەرتوس دەروازەی سوریان بۆ جیهانی دەرەوە. لە ساڵانی شەستەکانی سەدەی رابردوودا، لازقیە گەورەترین دەروازەی دەریایی سوریا بوو کە پاش ئەوەی کۆمپانیایەکی یۆگۆسلاڤی بەندەرەکەی بەرین کرد، دەوروبەری ٩٠٪ی نێردەکانی سوریاو دەوروبەری ٤٥٪ی هاوردەکان بەوێدا تێدەپەڕین. ئەم بەم مانایە دێ کەجیابونەوەی عەلەوییەکان گرفتێکی جیۆپۆلەتیکی بۆ سوریا پێکدێنێت و نە تورکیاو نە کەنداو نە ئەورووپا دەیانەوێ سوریای پاش رژێمی ئەسەد دوچاری ئەم گرفتە بێت.

لەڕاستیدا مەسەلەکە مەسەلەی ئەگەری جیابوونەوەی ناوچە عەلەوینشینەکان نییە، بەڵکو مەسەلەکە مەسەلەی پەیدابوونی کوانوویەکی عەلەوییە بۆ دژایەتی کردنی رژێمی داهاتوی سوریا. شا عەبدوڵڵای دووەمی ئوردون لەو بڕوایەدایە کە هانا بردنی سەرۆکی سوریا بەشار ئەسەد بۆ ناوچەی عەلەوییەکان کێشەکە ئاڵۆز دەکات و رەنگە ببێتە مایەی پەیدابوونی کوانوویەکی عەلەوی کە ئەمەش بە خراپترین سیناریۆ دادەنێ.

بەڵام هانا بردنی ئەسەد بۆ چیاکانی عەلەوی بەو مانایە نییە کە ئەسەد رزگاری دەبێ و ناوچەیەکیش لەسوریا بۆ خۆی دەقرتێنێت. ئەوەی کە ساڵی ١٩٤٩ لە چین روویدا، کاتێك سەرۆکی چین، چای کای چیك، لە پەکین رایکردو لە دوورگەی فەرمۆزا (تایوانی ئێستا) گیرسایەوەو حکومەتێکی تێدا پێك هێنا، ئەستەمە لەسوریا دووبارە ببێتەوە.

هانا بردنی ئەسەد بۆ چیاکانی عەلەوییەکان، بە قەد ئەوەی کە کێشەیەکی گەورە بۆ سوریا پێکدێنێ، کێشەیەکی گەورەتر بۆ خودی عەلەوییەکان پێکدێنێت، بەتایبەتی ئەگەر عەلەوییەکان بڕیاریان دا بەرگری لەئەسەد بکەن. بەڵام بەرگری کردن لە سەرکردەیەکی بەزیو، هیچ قازانجی بۆ عەلەوییەکان نابێت و بەچانسترین ئەگەر ئەوەیە کە عەلەوییەکان بەرامبەر بەوەرگرتنی گەرەنتیی وازهێنان لە تۆڵەسەندنەوە لێیان، ئامادە بن بە ئاشتەوایی لەسوریای دوای بنەماڵەی ئەسەد بژین.

ئەو سوریایەی کە لە سایەی فەرمانڕەوایی عەلەوییەکاندا بەشێوەیەکی ناوەندی بەڕێوە براوە، ئامادە نییە پاش لەکارکەوتنی فەرمانڕەوایی بنەماڵەی ئەسەد، ناوچەیەکی ئۆتۆنۆم بۆ عەلەوییەکان جیا بکاتەوە. خودی عەلەوییەکانیش هێشتا ئەم پرسەیان بەهەند وەرنەگرتووەو هیچ ئاماژەیەکی واش لەئارادا نییە کە لە ئایندەدا ئەم پرسە بەهەند وەردەگرن. ئەگەر عەلەوییەکان لەژیانی خۆیان دڵنیا بن، جگە لە مافی هاووڵاتیبوون و یەکسانی، داوای هیچی دیکە ناکەن.



فەرید ئەسەسەرد
بۆ گوڵان نووسیویەتی

**بەرگری کردن لە سەرکردەیەکی بەزیو، هیچ قازانجی بۆ عەلەوییەکان نابێت و بەچانسترین ئەگەر ئەوەیە کە عەلەوییەکان بەرامبەر بەوەرگرتنی گەرەنتیی وازهێنان لە تۆڵەسەندنەوە لێیان، ئامادە بن بە ئاشتەوایی لەسوریای دوای بنەماڵەی ئەسەد بژین**



## گوزەرانی مامۆستایانی گوندە دوورەکان دەدەین باشتر و گرنگیی تەواویش بە باخچەی ساوایان دەدەین

### بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی هەولێر بۆ (گوڵان):

# هەوڵ دەدەین سێ دەوامی لەقوتابخانەکاندا نەمێنێت

**لە ســنوری بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێر (٢١٣٧)قوتابخانە و (٥٢٢٤٩٠) قوتابی و (٣٢٤٧٤) مامۆستا هەیە، دابینکردنی پێداویســتییەکانی خوێندن بۆ ئەم ژمارە زۆرە هەر لە دروســتکردنی قوتابخانەو باخچەی ســاوایان تا چارەسەرکردنی کێشەی میلاکات و گۆڕانکاری لە پرۆگرامەکانی خوێندن کارێکی ئاســان نییە، لەکاتێکدا سیســتەمی نوێی پەروەردە پێویستی بەگۆڕانکاری و ریفۆرمی بەردەوامە تاوەکو بتوانرێت ئامانج و مەبەســتەکانی خۆی بهێنێتــەدی و لەبەرژەوەندی قوتابی و بەرزکردنەوەی توانای مەعریفییان تەواو بێت، گرفت و کێشــەکانی بەردەم بەڕێوەبەرایەتی گشــتی پەروەردەی هەولێرو ئەو بەرنامەو پلانانەی بۆ چارەســەرکردنی دانراوە تەوەرەی چاوپێکەوتنی گۆڤاری گوڵان بوو لەگەڵ بەکر کەریم حەســەن بەڕێوەبەری گشــتی پەروەردەی هەولێر، کە لێرەدا پوختەی قســەکانی لەدووتوێی ئەم راپۆرتەدا بڵاودەکەینەوە.**

**سیستەمی تازەی پەروەردە**

سەرەتا ســەبارەت سیســتەمی تازەی پەروەردە و ئــەو گۆڕانــکاری و ریفۆرمانــەی تێدا کرا بەڕێوەبەری گشــتی پەروەردەی هەولێر وتی: لە کۆنگرەیەکی پەروەردەیی کە لە ســاڵی ٢٠٠٧دا ئەنجامدرا سیســتەمی پەروەردەیی گۆڕانکاری ریشەیی بەسەرداهاتووە، کە زۆربەی هەرە زۆری بڕگەو بابەتەکانی ئەم سیســتەمە نوێیە لە پێناو بەرژەوەنــدی قوتابییاندایە، چونکە هەر قوتابییش دەرئەنجامی پرۆسەی پەروەردەییە، بەڵام پێویستە بەبەردەوامی وردەکاری سیستەمەکە بۆ قوتابیان شی بکرێتەوە لەرێگای سەرپەرشتیارانی بنەڕەتی و ئامادەیــی و بەڕێوەبەرانــی قوتابخانــەکان، لەلایەکــی ترەوە بەو پێیــەی قوتابخانە یەکێکە لە بنەماکانی پرۆســەی پــەروەردەو فێرکردن و زۆرێك لە بینایەی قوتابخانەکان لەسەر شێوازی کۆنــن، هەربۆیە لــەم چەند ســاڵەی دواییدا بینایەی قوتابخانەکان بەدیزاینی نوێ و مۆدێرن دروســت دەکرێن بۆ ئەوەی لەگەڵ سیســتەمە تازەکەدا بگونجێــت، دیزاینەکانی قوتابخانەکان پێکهاتووە لە یاریگای وەرزشــی تارتانی تۆپی پێــی و یاریگای تۆپی باســکە و بالە و هۆڵی کۆبوونــەوەکان وچالاکــی و ژووری فــراوان و تاقیگەکانــی کیمیا و فیزیــا و زیندەوەرزانی و هــەر بینایەك لەوانە جێــگای ژمارەیەکی زۆر لــە قوتابیان دەبێتــەوەو بەئاســوودەیش دەتوانن رۆژانە بە گروپ گروپ بەپێی سیســتەمەکە مومارەسەی خوێندن و پەروەردەبن و ئەو بینایانە (١٨ و ٢٤ و ٢٧)پۆلین. لەم رووەوە لە بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکان چەندین قوتابخانە دروست کراوە و بەردەوامیش لەلایەن پارێزگاری هەولێرەوە هاوکاریمان کراوە بەتایبەتی بۆ دروســت کردنی کابینە بۆ قوتابخانە بەتایبەتی بۆ گوندەکان.

**دوو دەوامی و سێ دەوامی لەقوتابخانەکان**

سەبارەت بەوەی چۆن سێ دەوامی و دوو دەوامی قوتابخانەکان چارەســەردەکەن بەکر کەریم وتی: ســێ دەوامی یەکێکە لە کێشە ســەرەکیەکانی پەروەردە کە (٢٦) قوتابخانەی سێ دەوامی هەیە بەپێی پلانێك و بەهاوکاری راستەوخۆی جەنابی وەزیری پەروەردە و پارێزگای هەولێر پاڵپشتیمان دەکرێ و هەوڵ دەدەین لەم ســاڵەدا سێ دەوامی نەمێنێــت یا زۆر کەم دەبێتەوە هەر بۆ نموونە بۆ نەمانی سێ دەوامی قوتابخانەکانی لە گەڕەکی باداوە و بەحرکە و دارەتوو و بنەسڵاوەو کەسنەزان هەیە ئێستا دەســتکراوە بە دروستکردنی ژووری زیاد لە هەندێك لە قوتابخانەکان و دروستکردنی کابینە و نۆژەنکردنەوەی چەند قوتابخانەیەك. لەمبارەیەوە دەکرێت باس لەکەرتی تایبەت بکەین و کاتــی ئەوە هاتووە کە هەوڵ بدرێت ئەم کەرتە رۆڵی لەدروستکردنی قوتابخانە هەبێت، چونکە لە زۆرێك لە وڵاتانی دەرەوە بەتایبەتی لە وڵاتی تورکیــای دراوســێ کەرتی تایبــەت رۆڵێکی بەرچــاوی هەیە لە دروســت کردنــی بینایەی قوتابخانە کەهاوکاری حکومەت دەکەن بەتایبەتی کەدەبینین دیاردەی سێ دەوامی هەیە لەو کاتانەدا دروست کردنی قوتابخانە کاریگەری خۆی هەیە لەگەڵ دەست خۆشــیمان بۆ ئەو بەرێزانەی کە چەند قوتابخانەیەکیان دروست کردووە.

**کێشەی میلاکات و کەمی مامۆستا**

ســەبارەت بە کەمی میــلاکات بەتایبەتی وانە زانســتیەکان بەکر کەریم وتی: کەمی میلاکات لــە قوتابخانەکان کێشــەیەکە کە پــەروەردەکان پێوەی دەناڵێنن بەتایبەتی لە بابەتە زانستیەکان،

لەدامەزراندنی ئەمساڵیش هەر چەندە ژمارەی تەرخان کراو بۆ پەروەردەکانی سەر بە بەڕێوبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێر لە ئاست داواکاری پەروەردەکان نییە، بەڵام ئەو پسپۆڕیانەی داواکراوە کە پەروەردەکان پێویستیانە. هەروەها لەلایەکی ترەوە لە گوندەکان کێشەی کەمی مامۆستامان هەیە، بەڵام ئەمساڵ لەسەر داواکاری ئێمە و بەپاڵپشتی وەزیری پەروەردە کە زۆر هاوکارمانە نمرە بۆ گوندە دوورەکان دانراوە ئەوانەی داوای پەروەردە دوورەکان دەکەن (١٠)نمرەیان دەدرێتێ کە دەبێتە هەلی زیاتر بۆ دامەزراندنیان و پەروەردەکانی تریش تا نزیکتر نمرەی کەمتری بۆ دانراوە، هەروەها پشتگیری ئەو کەسانەش دەکەین کە دانیشتووی سنوورەکانی خۆیان بۆ دامەزراندن تا هەلی باشتریان بۆ بڕەخسێ بەتایبەتی لەلایەن وەزیری پەروەردەوە هەوڵی بەردەوام هەیە بۆ باشترکردنی گوزەرانی مامۆستایانی گوندە زۆر دوورەکان. سەبارەت بە ڕاهێنان و مەشقی مامۆستایان و ماوەی خولەکان ئێستاکە لە ئامادەیی مەشق بەبەردەوامی خولی مەشق و ڕاهێنان بۆ مامۆستایان دەکرێتەوە بەتایبەتی ساڵانە خولی شیاندن بۆ مامۆستایانی دەرچووی کۆلێژەکان جگە لە کۆلێژی پەروەردەو بنیات هەیە و لەکاتی خولەکاندا لەگەڵ وەزیری پەروەردە سەردانی هۆڵەکانی مەشق و ڕاهێنانمان کردووە کە ژمارەیان (٧٣٥)مامۆستا بوو لە (١٥)هۆبەدا و لەماوەی چوار ڕۆژدا وانەیەکی پەروەردەییم بۆ هەر ١٥ هۆبە گوتەوە، چونکە ئەم مامۆستایە بەڕێزانە لەسەرەتای ساڵی دامەزراندنیان بوو و پێویست بوو لە نزیکەوە تاوتوێ زۆر بابەتیان بۆ بکرێت. هەروەها خولی کارگێری بۆ بەڕێوبەرو یاریدەدەرکانی ئەمساڵ لە هەندێ پەروەردە کراونەتەوە لەوانی تریش لەم چەند ڕۆژەی دوایی دەکرێتەوە، بەپێی بەرنامەیەك داوامانکردووە بۆ سەرجەم پەروەردەکان خولی کارگێری بۆ بەڕێوبەرو یاریدەدەرەکان بکرێتەوە و ناوناوەش خولی پسپۆڕی دەکرێتەوە. هەروەها بەبەردەوام ژمارەی مامۆستا و قوتابیان بەرەو زیادبوون دەچێت.

### پرۆگرامی خوێندن

لەتەوەرەیەکی تردا بەڕێوبەری گشتی پەروەردەی هەولێر سەبارەت بە پرۆگرامی خوێندن وتی: پرۆگرامی خوێندن بەتایبەتی لە قۆناغی بنەڕەتی تارادەیەکی زۆر قورس و چڕن و قەبارەی پەرتووکەکانیش گەورەن لەوانەیە ئاستەم بێت بۆ قوتابی ڕۆژانە ئەم پەرتووکانە دەباتە قوتابخانە.

### باخچەی ساوایان

سەبارەت بەو گلەیی و گازاندە لەسەر کەمی باخچەی ساوایان هەیە بەتایبەتی لە قەزا و ناحیەکاندا بەڕێوبەری گشتی پەروەردەی هەولێر وتی: باخچەی ساوایان زۆر پێویستە و دەبێت گرنگی تەواوی پێ بدرێت، چونکە سەرەتایەکی گرنگە بۆ پەروەردەکردنی منداڵ پێش ئەوەی بێتە قوتابخانەی بنەڕەتی، لەمبارەشەوە من شەخسی زۆر هەوڵمداوە، هەر بۆ نموونە کە پێشتر بەڕێوبەری پەروەردەی خەبات بووم لە ساڵی ٢٠٠٦تەنیا یەك باخچەی ساوایان لەم قەزایە هەبوو، بەڵام لە ساڵی ٢٠١١کردمانە ١٤باخچەی ساوایان و بگرە لە گوندەکانی (جەرگە زەوی و سفەیبە و قەرەقاجین و سەرجەم کۆمەڵگاکانیش) باخچەی ساوایانمان کردەوە، کە زۆر سوودی هەیە بۆ بەرەوپێشچوونی پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن و بەهەمان شێوەی قوتابخانەکان گرنگی تەواو بۆ باخچەی ساوایان دادەنێین و هەوڵدەدەین پێداویستیەکانیان بۆ دابین بکەین.

### گرێگرتن لە گرفت و داواکارییەکان

سەبارەت بە کارو ئیش و چالاکیەکانیان لەماوەی چەند مانگی ڕابردوو بەڕێوبەری گشتی پەروەردەی هەولێر وتی: کارو چالاکیەکانمان

**ئەمساڵ لەسەر داواکاری ئێمە و بەپاڵپشتی وەزیری پەروەردە نمرە بۆ گوندە دوورەکان دانراوە**

لەم چوار مانگەی دەست بەکاربوونمان بەپێی پلانێکە لەوچوارچێوەیەشدا سەردانی سەرجەم پەروەردەکانم کردووە کۆڕو کۆبوونەوەم لەگەڵ سەرجەم بەڕێوبەرانی قوتابخانە بنەڕەتی و ئامادەیی و سەرپەرشتیارانی بنەڕەتی و ئامادەیی ئەنجام داوە کە خۆی لە (١٦)کۆڕو کۆبوە دەبینێتەوە کە زیاتر لە (٢٠٠٠)دوو هەزار مامۆستا بەشداربوون، لەسنوری هەر پەروەدەیەك بەجیا ئەو کۆڕ و کۆبوونەوانەمان ئەنجامداوە و بەبەردەوامی کۆبوونەوەی بەڕێوبەران و سەرپەرشتیاران و باخچەی ساوایان و قوتابخانە نموونەیی و ئەهلییەکان ئەنجام دەدەین، مەبەست لەم کۆبوونەوانەی دوایی و ئەوانی تریش زیاتر بۆ گوێگرتنە لەسەرنج و داواکاری و گرفت و کێشەکانیان تاوەکو بۆ سەرەتای ساڵ بەبەرنامەیەکی تۆکمە بچینە ناو ساڵی نوێ خوێندن کە ڕۆژانە کۆبوونەوەی بچوك بچوك بۆ نزیکەی (٢٠تا٣٠)بەڕێوبەرو سەرپەرشتیار ئامادە دەکەین، هەروەها لە تاقیکردنەوەکانی پۆلە کۆتاییەکانی نۆ و دوازدە (٢٢٤) قوتابخانەمان هەبوو لە تێکڕای هەر ١٠ پەروەردەدا بەدواداچوونمان لەسەر کێشەو گرفتەکانیان کردووە و قوتابیە یەکەمەکانی پارێزگای هەولێرمان لە پۆلی ١٢ کە(٣٠)قوتابی بەهرەمەند بوون خەڵاتکردووە و خۆشبەختانە ئەم ساڵ لە قوتابییە یەکەمەکانی ئاستی هەرێم (١٤)قوتابیان لە پارێزگای هەولێربوون لەبەشی زانستی.

### دابەزاندنی دەسەڵاتی ئیداری

سەبارەت بەدابەزاندنی دەسەڵاتی ئیداری بۆ بەڕێوبەرانی گشتی پەروەردەکان بەڕێوبەری گشتی پەروەردەی هەولێر وتی: دابەزاندنی دەسەڵاتە ئیداریەکان بۆ بەڕێوبەرایەتییە گشتیەکان یەکێکە لە بەرنامەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان کابینەی حەوتەم و جەنابی وەزیری پەروەردە دەسەڵاتەکانی دابەزاندووە و پشتگیری دابەزاندنیان دەکات و بەردەوامیش بەدواداچوونیان بۆ دەکات.

### دەرچوانی پۆلی ١٢


سەبارەت بە ڕێژەی دەرچوانی پۆلی ١٢ لەسنووری پارێزگای هەولێر بەکر کەریم وتی: ڕێژەی دەرچوانی ئەمساڵی پۆلی دوانزەهەمی ئامادەیی لە ساڵی ڕابردوو زیاتر بوو بەهەردوو بەشی زانستی و وێژەیی.

### لیژنەی ڕێکخستنی میلاکات

لەکۆتایدا بەڕێوبەری گشتی پەروەردەی هەولێر وتی: ئەمساڵ کەلوپەلێکی زۆر بۆ قوتابخانەکان کراوە لە ڕێگای لیژنەیەکی تایبەتەوە بەسەر پەروەردەکان دابەشکراوە تا ئەوانیش بەسەر قوتابخانەکانی دابەش بکەن، ئەمەش گرفتێکی گەورەی بۆ چارەسەر کردووین، هەروەها لە هەر پەروەردەیەك داوامان کردووە لیژنەی ڕێکخستنی میلاك دابنرێت و لەلایەن بەڕێوبەرایەتی گشتی پەروەردەوە چاودێری و بەدواداچوونی بەردەوامی بۆ بکرێت، بۆ دۆزینەوەی ئەو کێشەو گرفتەکانەی کە لەئیش و کارەکاندا هەیە و دۆزینەوەی ڕێگە چارەی گونجاو بۆیان و ژمارەیەکی زۆر لە قوتابخانە ئەمساڵ دروست دەکرێن، ئەمەش کێشەیەکی گەورە چارەسەر دەکات، ئەمساڵ دەست دەکرێت بە دروستکردنی بینایە بۆ بەڕێوبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێرو دروستکردنی کۆگای پەروەردەیی، چونکە ئەو بینایەی ئێستاکە جێگایان زۆر قەرەباڵغ و کارکردن تێیدا زۆر زەحمەتە.

ئومێد دەکەین کە سەرەتای ساڵی نوێ خوێندنی ٢٠١٢ - ٢٠١٣هەوڵ و توانای هەموو لایەك بخەینە گەڕوو بۆ زیاتر بەرەوپێشبردنی پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن لە پارێزگای هەولێر بە پاڵپشتی ڕاستەوخۆی وەزیری پەروەردە و کەسانی دڵسۆزو خەمخۆرانی بواری پەروەردە لە هەولێر.

# ئیراده و ئیداره



جەزای شێخ ڕەزا

زانای بواری زمانی ئەڵمانی پرۆفیسۆر دوکتۆر لوتز ماکینسۆن لە کتێبێکی زمانەوانیدا بەناوی ئەڵمانییەکی باش لە نووسین و ئاخافتندا دەڵێت

ـ " لە نووسین و ئاخاوتندا هەتا وشەی ئەڵمانی بۆ واتاو مانایەکی دیاریکراو هەبێت، نابێت وشەی بیانی بەکاربێت، چونکە ئەوە کارێکی ناماقووڵە، خۆ ئەگەر وشەی خۆماڵی وامان نەبوو بە تەواوی ئەو مانایە ببەخشێ، ئەوکات پەنا بۆ وشەی بیانی دەبەین."

بەڕای پسپۆڕان و زمانناسانی وەکو دوکتۆر جەمال نەبەز و ڕەوانشادان مەسعود محەمەد و ح.س.سۆران و هی تریشەوە، لە ئاکامی دراوسێتی و پەیوەندی و ئاڵوگۆڕەوە شیمانەی جێگۆڕکێی وشەو زاراوەی زمانە دراوسێ و تەنانەت دوورەکانیش بۆ ناو یەکدی هەمیشە هەبووەو هەیە، بۆخۆشم ئەوەم لە نێوان زۆر لە گەلانی دنیادا بینیوە، بۆیە بەلامەوە کارێکی ئاسایی و سروشتییە، بەڵام بەداخەوە ئەم دیاردەیە لەڕابوردوو و ئێستای کوردستاندا زۆر لەوەی تێپەڕاندووە کە تەنها بە ئاڵوگۆڕی سروشتی و دراوسێیانە لێکبدرێتەوە.

بە درێژایی مێژوو نەتەوە سەردەستەکانی کوردستان لەگەڵ سەپاندنی زمانەکەیان بەسەرماندا، سەتان و بگرە زێتر لەوەش وشەیەلی نازداری کوردییان بە داگیرکاری بردۆتە نێو زمانەکانیانەوە، بێئەوەی ئاماژە بە کوردیبوونیان بکرێ، تەنانەت کردوویانە بە موڵکی ڕەسەنی خۆیان و هەر یەکەیان بە جۆرێ خۆی دەکاتە خاوەنی.

ئەگەر پێکەوە لە تەك خوێنەری بەڕێزدا بیسەلمێنین لاپەڕەکانی مێژووی ئێمە پڕە لە داگیرکاری بە دەس ئەو سێ برا گەورە موسڵمانانەی دراوسێمانەوە، ئەوکات دەزانین بەشی خاکمان کاولکاری و بەشی خەڵکیش ماڵوێرانی بووە، بەڵام دەبێت لەوە زیاتر و ئەوەش بزانین کە ئەوان جگە لە شمشێر و چەکە کوشندەکانیان، چەکی ئایدیاو هزر و دنیابینینی خۆیان هێناوەو بەسەرماندا سەپاندویانە، کە ئەمەیان ئەگەر کاریگەری لە شمشێرە کانیان زۆرتر نەبووبێ، کەمتر نەبووە.

باوەڕم وایە یەکێك لە هۆکارە سەرەکییەکانی نەهامەتی کورد ئەوەیە کە لە هەموو مێژووی مرۆڤایەتیدا بە دەگمەن نەتەوەیەکی دی وەکو ئەو دەبینین هێندە ئامادەیی تێدا بووبێت بۆ پیرۆزکردن و خۆ بە قوربانیکردنی هزر و ئایدۆلۆژییە بیانییە جیاوازەکانی کە بە درێژایی مێژووەکەی دەیان جار بە شەپۆلی چڕو پڕ هاتوون یان هێنراونەتە کوردستانی خاکی خۆڕسکی هەزاران ساڵەی.

ئێمە بۆ تەنها جارێکیش نابینین کورد وەکو نەتەوەکانی دی ئایدۆلۆژیایەکی کردبێت بەقوربانی خۆی یان هەرهیچ نەبێت لەگەڵ بەرژەوەندی و دابونەریتی خۆیدا سازاندبێتی تا سوودی لێوەربگرێت، بە پێچەوانەوە ئەم خۆی لەتەکدا سازاندووە، هەندێ جار لەوەشی تێپەڕاندووە و خۆی کردووە بە خاوەنی و لە ڕیزی یەکەمی بەرگریکارانی بووە، بۆیە هەمیشە ئەو هزر و ئایدیایانە ئەوپەڕی کاریگەرێتی بەسەر کوردەوە هەبووە، کە بێگومان زۆربەی جار نەرێنی بووە.

ئەو کاریگەرێتییە تا ئێستاش زۆر بە ڕوونی بەسەرجۆری ژیان و دابونەریت(ترادیتسیۆن)ی خەڵکیدا زاڵە، تەنانەت بیرکردنەوەو ڕوخساری بەرهەمەکانی زۆرێك لە بەناو ڕۆشنبیرەکانی کوردیش لەوەی تێنەپەڕاندووە.

خۆ ئەگەر لەوە بگەڕێین کە ئەو بۆچوونە نەویستراوو بەکارهێنانی وشەو دەستەواژە زۆر و ئاڵۆزانە کە نە سوود بە مێشك، نە ئاسوودەیی بە دەروون، نە خۆشی بە دڵ دەگەیەنن نیشانەیەکی دیاری بێسەلیقەیی و ناکارامەییانە، ناتوانین لەوەیان بگەڕێین کە چ کارەساتێکی زمانەوانیان قەوماندووە کە ناکرێ بە گەورەکردنی ناو و فەلسەفاندنی بابەتەکانیان پەردەپۆش بکرێت.

ئەوان کە لە پێناوی ئەوەی لە مێشکیاندایە، سڵ ناکەنەوە لەوەی سەتان وشەی ناسازی، ناپێویستی، بیانی بەکاربهێنن، هەمووی لە ناشارەزاییانەوە نییە، بەڵکو دەیانەوێ بەو کارەیان خۆیان لەوە بەرزتر نیشان بدەن کە لە ئاستێکدابن هەمان ئەو وشە کوردیانە شایانی نووسینەکانی ئەوان بێت.

ئەو کۆلکە خوێندەوارە خۆ بە زلزانانە بەرانبەر فەرهەنگ و خەڵکی کوردو خۆ بەکەمزانانە بەرانبەر نەتەوەو زمانەکانی دراوسێ، بەو هزر و وتار و ڕەفتارە نەرێنییانەیان کە وەك چەکوش پێی بەربوونەتە ئەو خانەیەی خەریکە بۆ کورد دروست دەبێت، گەر وا دەزانن لە کەشکەلانی زانین دان، زۆر بە هەڵەدا چوون، بەڵام هەڵەی ئەمان گەلێك گەورەیە، چونکە ئیرادییە نەك ئیداری.

تەنها جارێکیش نابینین کورد وەکو نەتەوەکانی دی ئایدۆلۆژیایەکی کردبێت بەقوربانی خۆی یان هەرهیچ نەبێت لەگەڵ بەرژەوەندی و دابونەریتی خۆیدا سازاندبێتی تا سوودی لێوەربگرێت

# ژنی ئازاد، ئازادیی ژن

## (هەندێ ڕامان لە ژن و ئازادیی لە عێراق و هەرێمی کوردستانی پاش بەعس)

ڕێبوار سیوەیلی *

بۆ گولان نووسیویتی

**کورتەیەك:**

ئەم وتارە، وێڕای هەموو ترس و گومانی نووسەرەکەی لە هەرجۆرە دزەکردنێکی ئاراستەکردنی هێزی پیاوسالارانەو ئایدیۆلۆژیانەو سیاسیانە بۆ ناوەڕۆکەکەی، هەوڵدان و زنجیرە ڕامانێکی بەرپرسیارانەیە لە پرسی ژن لە عێراق و هەرێمی کوردستانی پاش بەعس. لە ساتەوەختی یەکەمدا وا دەردەکەوێت، هیچ ئومێدێك بۆ ژن پێشبینی ناکرێت، بەڵام ئەمە دوورە لە مەبەستەکانی نووسەر. وتارەکە هیچ حوکمێك و داوەرییەك ناخاتە ڕوو، بەڵام لە میانەی بەرهەمهێنانی پێناسەو شیکردنەوەی فەلسەفییدا بۆ پرسی ژنی ئازاد و ئازادیی ژن و پەیوەندیی نێوانیان، زەمینە بۆ خوێنەر دەڕەخسێنێ تا بۆخۆی ئەنجام و وێنەیەکی تایبەت لەوبارەیەوە، بەدەست بهێنێت. ئەم وتارە لە کاتێکدا دێت، کە نووسەرەکەی بە گرنگییەوە چاودێریی ئاستی تیۆریی و واقیعی و پراکتیکیانەی پرس و بارودۆخی ژن و ئازادیی لە عێراق و هەرێمی کوردستاندا دەکات و بەرهەمی قەڵەم و ڕۆشنبیرانی ژن بە گرنگییەوە دەخوێنێتەوە کە لەسەر دۆخی ژنان بەدەنگ دێن، هەروەها ئەو هەوڵە سیاسی و یاساییانەشی لەبەرچاوە، کە بە ئاراستەی گیرۆدەکردن و ئازادکردنی ژن لە دەسەڵاتی کولتوورە جیاوازەکان، بەتایبەتی کولتووری ئایینی دەدرێن و دەیانەوێ بارودۆخی بوونی ژن لەم کۆمەڵگایەدا، چواچێوەیەکی مەدەنیانەتر بەخۆیەوە بگرێ، لەوەی کە هەیەتی. بەڵام نمونەکان بەجێدەهێڵێت بۆ خوێنەر کە ڕۆژانە لەوبارەیەوە لە میدیا کاندا دەیانبینێت.



**ژنی ئازاد:**

چەمکی ژنی ئازاد، ئاماژەیە بە پەیوەندی نێوان ژن و ئازادی بەوجۆرەی کە ژن توانیبێتی ئازادیی بکاتە شێوازی ژیانی خۆی. مەبەستم لە شێوازی ژیانی ئازادانەی ژن ئەوەیە، کە بە سۆزەی مێینەیی خۆیەوە، بە ژنایەتی خۆیەوە بژی و ژنێتیەکەی بۆی نەکرێتە سەرچاوەی هەر جۆرە فۆرمێکی چەوساندنەوە. بەم مانایەش، یەکێك دەتوانێ ئازادیی بکاتە شێوازی ژیانی خۆی، کە خاوەن خود (self)ی خۆی بێت و لەم خاوەندارێتییەوە، بتوانێ ژیانی خۆی بەوجۆرە بژی کە ئازادە، بەڵام لەسەر ئەو بنەمایەوە کە هەم ئەو خودێتییەی ژن بەدەستی دەهێنێ، ببێتە بنەمای کەسایەتییەکەی (Personality)و هەم بەو ئازادییەش کە بۆخۆی کردوێتیە شێوازی ژیانی، خزمەت بە ئازادیی بەشێوەیەکی گشتی بکات.

بەمجۆرەش ژنی ئازاد کەسێکە چ لەڕووی دروستکردنی کەسایەتیی خۆیەوە دەستپێشخەری دەکات و چ لە هێنانەدی ئازادییەکدا کە سوودی هەیە بۆ گشت کەسەکانی تر. کەواتە ژنی ئازاد، پێویستە سەرەتا خۆی بێت، خاوەن کەسایەتی خۆی بێت تاکو ئەم کەسایەتیە ببێتە کەسێکی ئازاد. بەبێ هەبوونی کەسایەتی و خودێتی، ئازادی بە فریای ژن ناکەوێت. ئازادی، هەمیشە ئازادییە بۆ خودێتی و کەسێتییەك، کە بەهای ئازادی لەلای، لە سەرووی هەموو نرخێکی ترەوەیە. لەبەر ئەوە، تەنیا ئەو کەسانە لە ژنان دەتوانن ئازاد بن و ئازادیی شێوازی ژیانیان بێت، کە دەتوانن کەسایەتی خۆیان تەنیا بەهۆی خودی خۆیانەوە، دروستبکەن نەك بەهۆی ئەو پێگەیەی هەیەتی، یان ئەو سامانەی لەبەر دەستیدایە و بەو جوانییەی کە خاوەنیەتی و ئەو مێردەی کە شووی پێکردووە و ئەو بروانامەیەی بەدەستی هێناوە.

ژنی ئازاد، مەرج نییە ژنێکی جوان، یان خاوەن سامان و لە پێگە و پۆستی باڵا و

**کورتەیەک:**

ئەم وتارە، وێڕای هەموو ترس و گومانی نووســەرەکەی لــە هەرجــۆرە دزەکردنێکی ئاراســتەکردنی هــزری پیاوســالارانەو ئایدیۆلۆژیانەو سیاسیانە بۆ ناوەڕۆکەکەی، هەوڵدان و زنجیرە ڕامانێکی بەرپرسیارانەیە لە پرسی ژن لە عێراق و هەرێمی کوردستانی پاش بەعــس. لە ســاتەوەختی یەکەمدا وا دەردەکەوێت، هیچ ئومێدێك بۆ ژن پێشبینی ناکرێت، بەڵام ئەمە دوورە لە مەبەستەکانی نووسەر. وتارەکە هیچ حوکمێك و داوەرییەك ناخاتە ڕوو، بەڵام لە میانەی بەرهەمهێنانی پێناسەو شیکردنەوەی فەلسەفییدا بۆ پرسی ژنی ئازاد و ئازادیی ژن و پەیوەندیی نێوانیان، زەمینە بۆ خوێنەر دەڕەخســێنێ تا بۆخۆی ئەنجــام و وێنەیەکی تایبــەت لەوبارەیەوە، بەدەست بهێنێت. ئەم وتارە لە کاتێکدا دێت، کە نووســەرەکەی بە گرنگییەوە چاودێریی ئاســتی تیۆریی و واقیعی و پراکتیکیانەی پرس و بارودۆخی ژن و ئازادیی لە عێراق و هەرێمی کوردستاندا دەکات و بەرهەمی قەڵەم و ڕۆشنبیرانی ژن بە گرنگییەوە دەخوێنێتەوە کە لەســەر دۆخــی ژنان بەدەنــگ دێن، هەروەها ئەو هەوڵە سیاســی و یاساییانەشی لەبەرچاوە، کە بە ئاراســتەی گیرۆدەکردن و ئازادکردنــی ژن لە دەســەڵاتی کولتوورە جیاوازەکان، بەتایبەتــی کولتووری ئایینی دەدرێن و دەیانەوێ بارودۆخی بوونی ژن لەم کۆمەڵگایــەدا، چواچێوەیەکی مەدەنیانەتر بەخۆیەوە بگرێ، لەوەی کە هەیەتی. بەڵام نموونەکان بەجێدەهێڵێت بۆ خوێنەر کە ڕۆژانە لەوبارەیەوە لە میدیاکاندا دەیانبینێت.

**ژنی ئازاد:**

چەمکــی ژنــی ئــازاد، ئاماژەیــە بە پەیوەندی نێــوان ژن و ئــازادی بەوجۆرەی کە ژن توانیبێتی ئازادیی بکاتە شــێوازی ژیانی خۆی. مەبەســتم لە شێوازی ژیانی ئازادانــەی ژن ئەوەیــە، کە بە ســۆزەی مێینەیی خۆیەوە، بە ژنایەتی خۆیەوە بژی و ژنێتیەکەی بۆی نەکرێتە سەرچاوەی هەر جۆرە فۆرمێکی چەوساندنەوە. بەم مانایەش، یەکێك دەتوانــێ ئازادیی بکاتە شــێوازی ژیانــی خۆی، کە خــاوەن خود (self)ی خــۆی بێت و لــەم خاوەندارێتییەوە، بتوانێ ژیانی خۆی بەوجۆرە بژی کە ئازادە، بەڵام لەسەر ئەو بنەمایەوە کە هەم ئەو خودێتیەی ژن بەدەســتی دەهێنــێ، ببێتــە بنەمای کەسایەتییەکەی (Personality)و هەم بەو ئازادییەش کە بۆخۆی کردوێتیە شێوازی ژیانــی، خزمەت بە ئازادیی بەشــێوەیەکی گشتی بکات.

بەمجــۆرەش ژنــی ئازاد کەســێکە چ لەڕووی دروســتکردنی کەسایەتیی خۆیەوە دەستپێشــخەری دەکات و چ لــە هێنانەدی ئازادییەکدا کە ســوودی هەیە بۆ گشــت کەســەکانی تر. کەواتە ژنی ئازاد، پێویستە ســەرەتا خۆی بێت، خاوەن کەسایەتی خۆی بێت تاکو ئەم کەســایەتیە ببێتە کەســێکی ئازاد. بەبێ هەبوونی کەسایەتی و خودێتی، ئــازادی بە فریــای ژن ناکەوێت. ئازادی، هەمیشە ئازادییە بۆ خودێتی و کەسێتییەك، کە بەهای ئــازادی لەلای، لە ســەرووی هەموو نرخێکی ترەوەیــە. لەبەر ئەوە، تەنیا ئەو کەســانە لــە ژنان دەتوانن ئــازاد بن و ئازادیی شــێوازی ژیانیان بێت، کە دەتوانن کەســایەتی خۆیان تەنیــا بەهۆی خودی خۆیانەوە، دروســتبکەن نــەك بەهۆی ئەو پێگەیەی هەیەتی، یان ئەو سامانەی لەبەر دەســتیدایە و بەو جوانییەی کە خاوەنیەتی و ئــەو مێردەی کە شــووی پێکردووە و ئەو بڕوانامەیەی بەدەستی هێناوە.

ژنــی ئازاد، مەرج نییە ژنێکی جوان، یان خاوەن ســامان و لە پێگە و پۆســتی باڵا و خــاوەن بڕوانامەی بەرز بێــت. چ لە دەقی چیرۆك و داستان و شیعردا و چ لە مێژوودا و چ لە واقیعدا، نموونەی ئەو ژنانەمان زۆرن کــە جوانییەکەیان و دەســەڵات و پێگەیان، کەســایەتی پێنەبەخشــیون. بەڵکو خودێتی ئەوان لە بڕیار و کرداریاندا بەرجەســتە بووە. لەبەر ئەوە هەر کات باسی ژنی ئازاد دەکرێ، باســی ژنێکی خاوەن ناســنامەو خودێتی دەکرێ و ئەم باســە جەوهەری کەســبوونی ئەو دەگرێتەوە، نەك سیفات و پەیوەندییەکانی. بۆیە پێویســتە ســەرەتا ژن خودی خۆی و کەســایەتی خۆی هەبێت، تــا بتوانێ وەك ژنی ئازاد نــاو ببرێ. بەبێ کەســایەتی، ژن ناتوانــێ خاوەن شــوناس(Identity) بێت و کەســێکیش شوناســی خۆی نەبێت، ناکرێ ئازاد بێت، چونکە هەمیشــە شوناس پێشمەرجی ئازادییە.

ئایا بەبێ شوناس و خودێتی و کەسایەتی، دەتوانین ئازاد بین؟ بەڵــێ، بەڵام ئەو کاتە ئازادی مانایەکی تــەواو پێچەوانەی هەیە لــە ئازادیی بەمانــا گشــتییەکەی. ئەو مانــا پێچەوانەیەی ئــازادی هیچ نییە لە خۆبەســتنەوەی ژن بە کۆمەڵێ شتەوە، کە

**ژنی ئازاد، پێویستە سەرەتا خۆی بێت، خاوەن کەسایەتی خۆی بێت تاکو ئەم کەسایەتیە ببێتە کەسێکی ئازاد. بەبێ هەبوونی کەسایەتی و خودێتی، ئازادی بە فریای ژن ناکەوێت**

**ژنی ئازاد شەڕ لەسەر مافە بنەماییەکان دەکات: مافە دەستووری و مەدەنی و یاساییەکانی کە ژیانێکی مەدەنیانەی لە کۆمەڵگایەکی دەستنیشانکراودا بۆ دەستەبەر دەکەن، تا بەهۆیانەوە هاوکار و بەشداربێت لە خزمەتکردن بە شتە هاوبەشەکان**

**بوون بە ژنی ئازاد، هەوڵدانە بۆ دروستکردنەوەی کەسایەتی ژن بە ئاراستەی بەرپرسیارێتی لە ئاست ئازادی و خۆ ئازادکردن لە هەر کۆت و بەندێک، کە ئازادیی دەخاتە مەترسییەوە**

**ژنی ئازاد، سەرەتا و هەمیشە و بە بەردەوامی شەڕ لەسەر ئازادی دەکات، تا بتوانێ لەسایەی ئازادیدا شەڕ بۆ یەکسانی و کەرامەت بکات و شەڕ لە دژی توندوتیژییە سیاسی و ڕەمزی و یاسایی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتووری و ئایینییەکان بکات، کە هەموویان لە یەک کاتدا و پێکەوە ڕێگرن لەبەردەم ئازادیی ژندا**

بوون بە ژنی ئازاد، هەوڵدانە بۆ دروستکردنەوەی کەسایەتی ژن بە ئاراستەی بەرپرسیارێتی لە ئاست ئازادی و خۆ ئازادکردن لە هەر کۆت و بەندێك، کە ئازادیی دەخاتە مەترسییەوە. ئالێرەشەوە، یەکەمین هەوڵەکانی ژن بۆ ئازادبوونی خۆی، بە هەوڵدان بۆ ئازادی و لە پێناوی ئازادیدا تێپەڕ دەبێت. ژن کە ئازاد نییە بەمانای ئەوەیە ڕێگر هەن لەبەردەم ئازادییەکەیدا. بەڵام ئایا ڕێگرەکان کامانەن؟ ئایا ئەو پیاوە کەللەڕەقانەن کە توندوتیژیی خێزانیی بەرهەمدەهێنن، یان ئەو مەلایانەی کە هەڕەشەی بەردەوام لە جەستە و بوونی ژن دەکەن؟ یان ئەو سیاسیانەن کە بەردەوام مەسەلەی ژن وەك پاشکۆی مەسەلەکانیتر تەماشا دەکەن؟ یان ئەو دەسەڵاتدارانەی بوێریی ئەوەیان نییە پۆستی باڵا بدەن بە ژنان؟ یان ژیانی ماتەریاڵیی کۆمەڵگا کە تەسلیمی سەرمایەداریەتێکی کوێر و دڕندە بووە و پێگەی ژنانی لە کۆمەڵگادا بە قووڕا بردۆتە خوارەوە؟ یان ئەو ڕۆشنبیرە پیاوانەی بە درێژایی مێژوو، نوینەرایەتی ژنانیان کردووە؟!

لە تێڕوانینێکی خێرادا و لەو گوتاری «ژندۆستییە»ی لە هەرێمی کوردستاندا هەیە، لە گوتاری ڕێکخراوەکانی ژنان و ئافرەتان و ئاراستە فیمینیستییەکانی هەرێمدا، هەموو ئەوانەی پێشوو ناویان هات و شتیی تریش، بە ڕێگری سەرەکیی داندراون و لەم ڕێگەیەشەوە، ژن کراوەتەوە دروشمێك و بە قوربانیی کراوە و هەمیشە وەك بەقوربانیی بووێك تەماشای دەکرێت و ئەمەش وایکردووە ژنانی ئێمە ببنە بوونەوەرانێکی بەناز، کە لە هەموو بۆنە و یاد و مەراسیمێکدا چاوەڕوان بن نازیان بکێشرێت و داوای ئیمتیاز و یارمەتی و بەزەیی و دۆخی ڕیزپەڕیان بۆ بکرێت و سەرپەرشتی بکرێن. ئەمە هەمان میکانیزمە کە بە هۆیەوە و لە دوای کارەساتی هەڵەبجەوە، پاشگری (شەهید) بەو شارەوە لکێنرا و ئەمەش لە تێپەڕینی کاتدا وایکرد، کە لە ڕووی سایکۆلۆژییەوە، نەوەیەك لە خەڵکی ئەو شارە خۆیان وەك قوربانییەکی هەمیشەیی ببینن و چاوەڕوان بن کە دەبێت هەمیشە وەك «حاڵەتێکی تایبەت» حسابیان بۆ بکرێت. تەنانەت وایلێهاتبوو ئەو گەنجانەی ئەوێ کاتێ لە زانکۆکانی تری هەرێم وەردەگیران و دەیانویست بچنەوە شاری خۆیان، دابەزاندن بکەن بۆ پەیمانگا یان هەر شوێنێکی تری خوار زانکۆ، ئەمکارەیان بە پاساوی ئەوە دەکرد کە خەڵکی (هەڵەبجەی شەهید)ن، ئەمە لە کاتێکدا لۆژیك پێماندەڵێت و (ئەمەش لە خزمەتی داهاتوویاندایە)، کە هەر بەو پاساوەی خەڵکی هەڵەبجەی شەهیدن، نابێت دابەزاندن بکەن و نابێت دەست هەڵبگرن لە مافێك کە خۆیان بەدەستیان هێناوە، بۆ مافێك کە ڕێگەیان پێدەدرێت.

ژیان لە «حاڵەتی تایبەت»دا ژیانێکە کۆمەڵێ بەرپرسیارێتی لە ئەستۆی ژن هەڵدەگرێت، کە بۆ ئازادییەکەی پێویستن: وەك بوێریی، پشتبەخۆبەستن، دەربڕینی ڕا و متمانە بەخۆکردن. «حاڵەتی تایبەت»، دۆخێکە ڕاستە لە ژیانی مرۆڤدا خۆی دەسەپێنێ، بۆ نمونە لەکاتی نەخۆشی و پێویستیی بە ئەوانیتر و سکپڕی و کۆستکەوتن و هتد. بەڵام مانەوە و خۆهێشتنەوە لە «حاڵەتی تایبەت»دا، مەترسیدارە، چونکە ئەو حاڵەتە چەندە تایبەتە، ئەوەندەش زەمینە خۆشدەکات بۆ چێژی بوونە قوربانی و شایانی بەزەیی و بەکەم تەماشاکردن. ژنی ئازاد، بۆی هەیە لە «حاڵەتی تایبەت»دا خۆی ببینێتەوە، بەڵام پێویستە بزانێت کە ئەو حاڵەتە تایبەتە پێویستە کورتخایەن بێت. لێرەوە،

**ژنی ئازاد کەسێکە دەیەوێت وەک ئەوەی خۆیەتی هەبێت، نەک وەک ئەوەی حاڵەتێکی تایبەتی هەیە، کەمئەندامە، یان مێینەیە و شتی لەم بابەتە**

**ژن کراوەتەوە دروشمێک و بە قوربانیی کراوە و هەمیشە وەک بەقوربانیی بووێک تەماشای دەکرێت و ئەمەش وایکردووە ژنانی ئێمە ببنە بوونەوەرانێکی بەناز، کە لە هەموو بۆنە و یاد و مەراسیمێکدا چاوەڕوان بن نازیان بکێشرێت**

ژنی ئازاد کەسێکە دەیەوێت وەك ئەوەی خۆیەتی هەبێت، نەك وەك ئەوەی حاڵەتێکی تایبەتی هەیە، کەمئەندامە، یان مێینەیە و شتی لەم بابەتە. تەنانەت لەو پڕۆژە یاسایانەشدا کە تیایدا ڕێکخراوەکانی ژنان و ئافرەتان و کۆمەڵگای مەدەنی، داوای چەسپاندنی کۆمەڵێك یاسا بۆ ژنان وەك «حاڵەتی تایبەت»، دەکەن، پێویستە ئەوە لەبەرچاو بگیرێت، کە «حاڵەتی تایبەت» هەمیشە حاڵەتێکی کاتیە و تێدەپەڕێت، نەك هەمیشەیی و واقیعێکی دیاریکراو.

حاڵەتی تایبەت لە واقیعی پراکتیکی و ژیانی کردەییدا، ئەگەر شیاویش بێت، لەبەر ئەوەی حاڵەتێکی تێپەڕە، ئەوە لە یاسادا نابێت شیاوبێت، چونکە خزمەت بە کۆی ئەو نەریتی تێڕوانینە تەقلیدیە دەکات بۆ ژن و مێینە، کە لەسەر بنەمای نایەکسانیی کولتووری و ڕەگەزی و ئایینی و سیاسییەوە دامەزراوە. هەروەها ئەم حاڵەتە تایبەتە بەیاساییکراوە، خزمەت بە گێڕانەوە و بەرهەمهێنانەوەی کۆی ئەو تێڕوانین و میکانیزمانەش دەکات کە لە مێژوودا کاریانکردووە بۆ بە «نەحس» و «پیس» و ئەفسووناویکردن»ی ژنان و ئەمەش چەکێکی گەورەی نێرسالاریی بووە بۆ ڕەوایەتیبەخشین بە هەموو توندوتیژییەکانی لە دژی هاوسەر و خوشك و دایك و کارەکەرەکەر و مەعشووقەکانی. ئەوەی ئەمڕۆ بەناوی یاسا و داب و نەریتی کوردەواری و ئایین و سیاسەتەوە، لەدژی ژن ئەنجامدەدرێ و یاسا لێی بێدەنگە، هیچ نییە لە خزمەتکردنی یاسا خۆی بەو بیروڕایانە و ڕێگەدان بە خاوەن پێگە عەشیرەیی و ئایینی و سیاسییەکان، تا هەمیشە لە دژی ژن لە کەمیندا بن.

# شیعر و سیاسەت، دوو جەمسەری دژ بەیەک



**ڤینۆس فایەق**

**دوو هەفتە جارێك دەینووسێت**

شـــیعرە سیاســـیەکانم داکۆکی لە خەندەکەم دەکەن. لۆرکا..

ئەدەب بـــە مانا فراوانەکەی پرۆژەیەکی ئینســـانیی گەورەیـــە هەمـــوو ئەزموونـــە ئینســـانییەکان لەهەموو بوارەکانـــدا لەخۆ دەگرێت، سیاســـەتیش بەهەمان شـــێوە پرۆژەیەکی ئینســـانییە، بەڵام جارێک بەمانای فێڵ و تەڵەکەبازی و ستراتیژ و جارێک بەمانای داکۆکیکردن و خزمەتگوزاری و بیناسازی و هوشیارکردنەوە و پەرەپێدانی بوارەکانی مەعریفە و فکر و دنیابینی کەئەمەش دەشێ پرۆژەیەکی ئینسانیی گەورەبێت.

ســـەمیح القاســـم دەڵێت: هیچ شـــیعرێکی حەقیقی لـــەدەرەوەی وردەکارییەکانـــی دۆزی گەل و نیشـــتیمان بوونـــی نییـــە. ئەگەرچی قســـەی ئەم دووشـــاعیرە لە کۆتاییدا تەعبیری لە گۆشەنیگای خۆیان، بەڵام دەشێ بەدواداچوون هەندێکمان بگەیەنێتە هەمان باوەڕ و باوەڕ بە هەندێکیشمان بەپێچەوانەکەی پەیدابکات.

بۆی هەیە ئەو پەیوەندییەی نێوان شـــیعر و سیاسەت، شـــاعیر جوانتر بکات، بۆشـــی هەیە ناشـــرینی بکات. هیچی لەو شیعرانەشـــی بۆ شـــان و باهووی ســـەرکردە سیاسیەکان نوســـراون ناچنە خانەی شیعری سیاسییەوە، لەهەموو حاڵەتەکانیشدا پێویستیمان بە ئێلێمێنتێک هەیە بۆ ئەوەی شـــیعری سیاسی پێبناسینەوە دوور لە خۆبردنە پێشـــەوە و پیاهەڵدان و موجامەلە و مامەحەمەیی شاعیر بۆ سیاســـەتمەداران بۆ بەرژەوەندیی تایبەت، کە ئەمانە هیچی خەسلەتی شاعیری راستەقینە نین.

پەیوەندیی نێوان شـــیعر و سیاســـەت هـــەر لە کۆنەوە پەیوەندییەکی ناجێگیر و ناتەواوە، هەر لەبنەماوە ئاسۆی مەعریفی و هوشـــیاریی تاک لە کۆمەڵگا ژێردەستە و داگیرکراوەکاندا هێشـــتا درکی بەوە نەکردوە کە شـــیعر لە ئەســـڵدا بۆ خزمەتی ئینســـانیەت ئیش دەکات نەک بـــۆ خزمەتـــی دەســـەڵاتێک، لەکۆمەڵگایەکی وەکوو کۆمەڵگای ئێمەیشـــدا سیاســـەت بەهەمان شێوە دەبێت جارێکـــی دی خوێندنەوەی بۆ بکرێتەوە و ســـەرلەنوێ پێناسەبکرێتەوە، بەوشـــێوەیەی کە باوەڕ بەوە بهێنین کە سیاســـەتکردن و حزبایەتـــی دەبێت بریتی بـــن لە پرۆژە گەورەکەی کۆمەڵگا بـــۆ خزمەتکردن و جیاکردنەوەی تاک لە نـــاوەوە و لە دەرەوە. ئەمـــەش لەلای زۆربەمان بۆچوون و لێکدانەوەی جیـــاواز هەڵدەگرێت. دوو جۆر لە سیاسەت و سیاســـەتکردن هەیە، یەکەمیان خزمەتکردن و ئاوەدانکردنەوە و بەرزکردنەوەی ئاســـۆی مەعریفی و هوشـــیاریی تاکە و بیناکردنی دەوڵـــەت لەناو خەڵکدا، دووەمیـــان تـــەواو بەرژەوەندیی تاکەکەســـی و حزبی و هەڵچنینی ئەو بەرژەوەندییانە لەســـەر حیســـابی ژیانی خەڵک و دروســـتکردنی دەوڵەت لەســـەرووی خەڵکەوە. لەجـــۆری یەکەمـــدا شـــیعر دەچێتە خزمەتـــی گەل و نیشـــتیمانەوە، لەجۆری دووەمیاندا شیعر دەچێتە خزمەت دەسەڵاتیکەوە.

ئەگـــەر بەمێژووی جۆری دووەمـــدا بچینەوە، دەبینین هەموو ئەو شاکارە ئەدەبی و هونەرییانەی بۆ خزمەتکردنی دەسەڵات بەکارهاتن هیچیان هیچ داهێنێکیان بەجێنەهێشتووە و هیچ خزمەتێکیان بە ئینسانیەت نەگەیاندووە.

ئەگەر لەو رووەشـــەوە مەســـەلەکە بپێوین کە شـــیعر حاڵەتێکە تەنیا پەیوەندی بە خودی شـــاعیر خۆیەوە هەیە دەبێت بڵێین شیعر هیچ وەزیفەیەکی دی نییە زیاتر لەوەی تەنیا شیعربێت و لەهیچ کەشـــوهەوایەکدا گەشە ناکات ئەگەر شـــیعری نەبێت. بەڵام هەندێ سیاســـیش هەن کە مامەڵە بە چارەنوسی میللەتێکەوە دەکەن کەچی شیعریش دەنووسن، کەســـایەتیی حزبی هەیە و سیاسەت دەکات و ماڵەکەی لە پارەی میللەت دروستکردوە و ژیانێک دەژی تەواو جیاواز لە ژیانی گەلەکەی، کەچی شیعر دەنووسێت یان ماستەرنامە و دکتۆرانامە لەسەر شیعر ئامادە دەکات. پەیوەندیی بەوەوەیە تۆ وەکوو شاعیر چۆن مامەڵە لەگەڵ ئێلێمێنتەکانی شـــاعیربوونتا دەکەیت!! پەیوەندی بەوەشەوە هەیە ئایا شـــیعر لای تۆ وەزیفەیە و بەهۆیەوە دەژیت، یان شیعر وەکوو هەوا هەڵی دەمژیت و بەبێ ئەو ناژیت؟

دەشـــێ شـــاعیر حزبی بێت، ببێتە ئەندام پەرلەمان یان وەزیر، یان پەیوەندی لەگەڵ هاوڕێ سیاســـیەکانیدا باش بێت، بەڵام هەرگیز هیچ مانایەک بۆ شـــیعر نامێنێتەوە کە شاعیرێک بەهۆی شیعرێکەوە ببێتە حزبییەکی باش یان بەهۆی ئەدەبەکەیەوە ببێتە وەزیر یان ئەندام پەرلەمان، ئەمە موفارەقەکەیە.

دەشـــێ شـــاعیرێک بتوانێت بە قەســـیدەیەک بەگژ دەســـەڵاتێکدا بچێتەوە یـــان شـــیعرەکانی ببنە هەوێنی خەبـــات و خۆبەختکـــردن، بەڵام ئەوە شـــاعیر نییە کە بتوانێت بەناوی سیاســـەتکردنەوە موجازەفە بە چارەنوسی میللەتێکەوە بـــکات. هەرگیز ئەوە شـــاعیرنییە بتوانێت لەســـەر مێزی سیاسیەکان دانیشـــێت و موساوەمە لەسەر پرسێکی چارەنووسساز بکات و بکەوێتە ژێر کاریگەریی بەرژەوەندییەکەوە تەنازول لە بستێک لە خاکەکەی بکات ئەگـــەر بۆ ماوەیەکی کاتیش بێـــت لەبەر ئەو بیردۆزەی گوایە «ئەمە سیاسەتە و هەلومەرجی سیاسیی ئیستاش وادەخوازێـــت»، هەرگیز ئەوە شـــاعیر نییـــە باوەڕی بە چارەسەرە مامناوەندەکان بێت.

دواجـــار دەپرســـین داخوا بۆچـــی هەر لەســـەرەتای ســـەرهەڵدانی دیاردەی سیاســـەتکردن هـــاوکات لەگەڵ دیاردەی شیعرنوســـین و ئەدەب بەگشتی پەیوەندیی نێوان ئەدەب و سیاســـەت لـــە قەیراندایـــە. تارادەیەک باوەڕم پەیداکردوە باشترین شاعیر خراپترین یان فاشیلترین حزبی و سیاسیەکانن، هەروەک باشـــترین سیاسی و حزبیەکان فاشیلترین شـــاعیرن. بەو مانایەی هەتا لە کەشوهەوای سیاسەتەوە نزیک بیتەوە شاعیریەت لەدەست دەدەیت، ئەمە پێناسەیەکی نیگەتیف نییە بۆ سیاسەت، بەڵام لەبەر ئەوەی شیعر و سیاسەت دووجەمسەری دژ بەیەکی موگناتیزێکن کە هەرگیز یەکتر ناگرن.

**دەشێ شاعیرێک بتوانێت بە قەسیدەیەک بەگژ دەسەڵاتێکدا بچێتەوە یان شیعرەکانی ببنە هەوێنی خەبات و خۆبەختکردن، بەڵام ئەوە شاعیر نییە کە بتوانێت بەناوی سیاسەتکردنەوە موجازەفە بە چارەنوسی میللەتێکەوە بکات. هەرگیز ئەوە شاعیرنییە بتوانێت لەسەر مێزی سیاسیەکان دانیشێت و موساوەمە لەسەر پرسێکی چارەنووسساز بکات**